مەکتەبی بیروهۆشیاری

# نیچەو مەسیحیەت

نووسینی

**کارل یاسپرێس**

وەرگێڕان لەفارسییەوە

**مەسعود بابایی**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١

کۆڵانی ـ ٤٤

ژ. خانوو ـ ١

www.hoshyari.org

govarynovin@yahoo.com

مەکتەبی بیروهۆشیاری

- ناوی کتێب: نیچە و مەسیحیەت
- ناوی نووسەر: کارل یاسپیرێس
- وەرگێڕان لەفارسییەوە: مەسعود بابایی
- تایپ: نیاز جەلال
- دیزاینی ناوەوەو بەرگ: ئەمیرە عومەر
- چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردن: ( ٢٢٣٣) ی ساڵی ٢٠٠٨
- ژ. زنجیرە : (٢٧٤)
- لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەرایی وەرگێڕ ....................................... | ٥ |
| (١)ـ دەرو: | |
| ـ ژیانو هزرو بەرهەمەکانی نیچە................ | ١٠ |
| ـ ژیانو رەوتی بەکامڵبوونی نیچە................ | ١٠ |
| ـ نیچەو مەسیحیەت: ........................... | ٦٨ |
| ـ دەسپێك | ٦٨ |
| ـ پێشباس .......................................... | ٧٢ |
| (٢)ـ رای نیچە لەبارەی مێژووی جیهان....... | ٨٥ |
| (٣)ـ رای نیچە لەبارەی مێژووی جیهانو سەمەدە مەسیحیەکانی | ١٢٢ |
| (٤)ـ فەلسەفەی نوێی نیچە .......................... | ١٦٦ |
| فەرهەنگۆك .......................................... | ١٩٣ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەرای وەرگێڕی ( فارسی )

جێی دڕدۆنگی نیە کە نیچە یەکێك بووە لەگرنگترین بیرمەندانی جیهان لەم سەدو پەنجا ساڵەی رابردوودا. هەندێك کەس بە رەچاوکردنی برێك لەوەرچەرخانە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان باندۆری ناوبراویان بە کارەساتبار ئەژمار کردووەو هەندێ لەفەیلەسوفان (بەتایبەت پەیڕەوانی قوتابخانەکانی ئەنگلۆساکسۆن) بیروڕاکانی ئەویان لەبنەڕەت ڕا لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی فەلسەفە زانیوە، چ بگات بەوەی کە شایانی شرۆڤەو راڤەو جێی سەرنج ئەژماری بن. بەڵام نرخاندنەکان هەر چییەك بن، بێگومان کەمتر کەسێك وەکو نیچە لەم سەدەو نیوەی رابردوودا لەبیاڤەکانی هێندە جۆراو جۆری وەکو میتافیزیكو ئەپستمۆلۆژیو جوانیناسیو دەروونناسیو ئیگزیستانسیالیزمو سیاسەتی کردەکیو ئەدەبو وێژەو رەنگە لەهەموو گرنگتر ـ رەوشتو ئایین تا ئەم ئاستە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

باندۆری دەورانسازو سەردەمسازی هەبووە. کەسایەتیی بەهێزی ئەو تاڕادەیەك سێبەری لەسەر تەواوی ئەو بایەخانەی کە مرۆڤ ئەمرۆکە لەکۆمەڵگا خاوەن ژیارەکاندا لەدژبەرایەتی یا هاوتەبایی لەگەڵیاندا دەژی، کێشاوەو رەنگە بتوانین بڵێین برێك لەگرنگترین ئەو بایەخانە (یا دژەبایەخانە!) میوەی هزری ئەوبوون.

روونو ئاشکرایە لەهەر جێیەك باس لەبایەخ بێ، رەوشتو ئایین دێنە گۆڕێو تەنانەت هەر خوێنەرێکی ئاسایی نیچە دەزانێ کە ئەم دووانە بەگشتیو مەسیحییەتو خودی مەسیح بە تایبەتی لەهزری ئەودا روویەکی تەوەرییان هەیە.

نیچە لەبەر پەروەردەو کولتورێك کە بەقووڵی باندۆری لەمەسیحیەت وەرگرتووەو لەهەندێ ئاراستەی دیکەوە (کە لەم کتێبەدا ئاشکرا دەبێ) ئەو (لەمەسیحیەت) بێزار بوو، بەڵام بەدرێژایی تەمەنی لەبەرانبەر کەسایەتی هەرەمەزنی عیسا سەرسام بوو، سەر سوڕمانێك تێکەڵ بە پەسنو ستایش لەو مرۆڤە مەزنە لەدڵیدا هەبوو. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە عیسا زەقبوونەوەی پاکژیو بێگەردیو سادەییو خۆشەویستی بوو، وەلێ قوتابییەکانی لەتێگەیشتن لەو دۆش مانەوەو مەسیحیەت هەر لەسەرەتاوە لەدژایەتی لەگەڵ رۆحو شێوەی ژیانی ئەو چەکەرەو گەشەی کرد.

ئەم تەنگژەو رکێشو بەرتەکدانەوەیە سەرچاوەی برێك لەقووڵترینو بڵندو باڵاترین هزرەکانی نیچەیە . بەباوەڕی ئەو،

بەهۆی خراپ لێکدانەوەی خودان ئایینان بە تایبەت پیاوانی ئاینیی دینی مەسیح، لەشێوە پاكو راستەكانی هزری ئایینیو میتافیزیكی، بۆشاییەك لەویژدانو ئاگایی مرۆڤ دروستبوە كە زانستە مۆدێرنەكانیش بەو هەموو بەریناییو وردییە ناتوانن پڕی بكەنەوەو ساخلەمیی ژیاری مرۆیی كەوتۆتە مەترسی. لێكەوتەی مێژوویيو بەڵاهێنەری ئەم بۆشاییە، سەروەدەر هێنانی نیهیلیزم یا پوچ گریمانكارییە كە بەهۆیەوە لەبیاڤی رەوشتو ئایینو فەلسەفە، واتە جەرگەی هەبوونی مرۆیی - چیدی بەرد لەسەر بەرد راگیر نابێ. نیچە تاقوولآیی ناخ لەوەها دوارۆژێك ترسو دڵەڕاوكێی هەبوو، هەموو هۆشو ئاوەزو سەرمایەی فیكریو تەنانەت لەشساخیو تەندروستی دەرونیی خۆی بۆ بەربەست كردنی ئەو ڕێگایە خستە گەڕ. ئەو لەو باوەڕەدا بوو بۆ پێشگرتن لەم كارەساتە ژیاریو كولتورییە، دەبێ هەموو شتێك لەژیانو جیهان، هەر لەهەبوونی مرۆڤەوە بگرە تا ناسینو بایەخەكانو رەوشتو ئایینو فەلسەفە، بێ دوو دڵی دەبێ بخەیتە بەر پلاری توندترینو قووڵترین هەمدیس هەڵسەنگاندنەكانو رەخنەكانەوە.

ئەم كتێبە بچوكە باسلێكەری رەخنەكردنی یەكێك لەبەر بەرەكانییە بنیاتیو بنچینەییەكانی ئەوە لەم ڕێگەیە. نوسەرەكەی، كارێل یاسپرێس (١٨٨٣ ـ ١٩٦٩) ، لەفەیلەسوفانی ئەڵمانیی بەناوبانگی چاخی ئێمەیە، كە لەتێفكرینی ئیگزیستانسیالیستی ئەودا زانستو عیرفانو فەلسەفە



بەشێوەیەكی ئێجگار جوانو زراڤ ئاوێتە كراون[1]. لەلایەكەوە، یاسپرێس بە قووڵی باندۆری لەكانت وەرگرتوەو لەلایەكی دیكەوە، باندۆر وەرگری نیچەیە. لەپەنجاوسێ ساڵیدا ئەو كتێبێكی چڕو پڕو قووڵی بەناوی نیچە نووسی: سەرەتایەك لەسەر تێگەیشتن لەفەلسەفەگەریی ئەو[2] كە هێشتا دەشێ بڵێین یەكێك لەباشترین پەرتوكەكان لەبارەی ژیانو هزری ئەو بیرمەندە بەرزەیە. نوسینێك كە پاچەڤەی فارسیی (وەرگێڕ بۆ. ف) لەبەر دەستتاندایە، بەری دواندەرییگەلێكە كە یاسپرێس دوو ساڵ دواتر لەئەنجومەنی زانستیی دواندەران[3] لەشاری هانۆڤێر پێشكەشی كردون، ئاشكرا و روونە. چونكە لەلایەكەوە بەرامبەران (گوێگر - خوێنەر)ی ئەو زانایانی شارەزا بوونو لەلایەكی دیكەوە، لەو سەردەمەدا ماوەیەكی زۆر بەسەر بڵاوبوونەوەی كتێبی ناوبراو تێنەپەڕیبوو، یاسپرێس بە پێویستی نەدەزانی بەراییەك بۆ ناساندنی نیچەو بەسەرهاتو سەربردەی لەو دواندەرییانەدا باس بكات. بەڵام بەڵێندان بەم

[1] بۆ ئاگادار بوون لەژیانو بەرهەمەكانی كارێل یاسپرێس، بگەڕێنەوە بۆ ژیاننامەی فەلسەفیی من، نوسینی خۆیو وەرگێڕی ئەم چەند دێڕە، كۆمەڵە نوسینێكی یاسپرێسو لەبارەی ئەو بەفارسی پاچەڤە كراون كە پێڕستی تەواو یان لەكتێبی ناوبراودا هاتووە.

[2]- Karl Jaspers, Nietzche. Einfühwung in das Vewständnis seines Philosophie (wolter de Gwuytew, 1936): Nietzche: An Introduction to the understanding of his Philosophical Activty, tr. Chawles F. Wallwaff and Fwedewick I. Schmitz Cbaltimowe and Landon: Johns Hoprins niversity press 1965.

[3]- Wissenschaftliche Pwedigervewein.

گریمانە ئەمرۆ پاش تێپەڕینی چەندین دەیە بۆ خوێنەرانی ئێرانی ئەستەمە. لەم ڕووەوە، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەم کەمایەسییە، چەند هەڵبژاردەیەك لەبەرایی و دەفتەری یەکەمی کتێبە چڕوپڕەکەی یاسپرێس لەبارەی ژیان و هزرو بەرهەمەکانی نیچەمان پاچەڤە کردو لەدەستپێکی ئەم کتێبەدا هاوردمان تا سود و قازانجی ئەو شتەی دەگاتە دەست هاونیشتمانان، پڕاوپڕبێ.

پەراوێزەکانی وەرگێڕ لەهەموو شوێنێکداو لەخوارەوەی لاپەڕەکاندا دیاریکراوە. گەڕانەوەی نوسەر بۆ نوسینەکانی نیچە بە یاوەریی ژمارەکانی نێو دو قولاپ ( ) وە دیارکەوتوەو ژێدەرەکان لەکۆتایی کتێبەکەدا هاتون.

عیزەتوڵڵا فولادوند

ڕەزبەری ١٣٧٩ (١٩٩٩)



(١)

# دەرو:

# ژیان و هزر و بەرهەمەکانی نیچە

## ژیان و ڕەوتی کامڵبوونی نیچە

تاوتوێی هزرەکانی نیچە تەنیا کاتێك دەلوێ تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی لێبکەوێتەوە کە لەگەڵ ئاگایی تەواو لەژیانی ئەو هاوپێناوبێ. لەم ڕووەوە لەناوهێنانی ئەو شتەی کە (لەماوەی ژیانیدا) ڕوی داوە بە کورتی دەست پێدەکەین.

## ڕوداوە گرنگەکانی ژیانی ئەو:

نیچە لەهەرێمی ڕۆکین[1] لەدایکبوو. هەندێ لەباووباپیرانی، چ لەبنەماڵەی باوك و چ دایکی، قەشەبوون. لەتەمەنی پێنج

1- Rocken.

ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کرد، دایکی بۆ ناوم بۆرگ[2] بارگەو بنەی وەپێچایەوە. ئەو لەوێدا لەبازنەیەکی ژنانی بنەماڵەدا لەگەڵ خوشکەکەی کە دوو ساڵ لەو بچوکتر بوو، گەورە بوو. لەدەساڵیدا لەناوم بۆرگ لەخوێندنگای (ناوەندی)[3] خوێندی و لەچواردە ساڵیدا (١٨٥٨) بەوەرگرتنی بورسێك[4] کە خەرجی ژورێك‌و خۆراك‌و خوێندن لەقوتابخانەیەکی شەوانە رۆژی شۆلپفۆرتای[5] دەگرتەوە، دەستی بەخوێندن کرد.

شۆلپفۆرتا قوتابخانەیەکی شیاو بوو کە ناوبانگی ئەوە بوو کە مامۆستای باش‌و هەڵکەوتوی زۆری هەیە. لەبیست ساڵیدا (١٨٦٤) نیچە قۆناخی خوێندنی زانکۆیی دەست پێکرد. دوو نیوە ساڵ لەشاری بۆن نیشتەجێ بوو و بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی فرانکۆنیا[1]، بەڵام لە ١٨٦٥ خۆی کێشایەوە، چونکە ئەو ئەنجومەنە بەکردەوە لەگەڵ ئامانج‌و ئاواتەکانی ئەودا تەبا نەبوو. پاشان لەتەك مامۆستاکەی ریچل[2] (بۆن)ی بەجێهێشت‌و چوە لایپزیك‌و لەوێدا ئەوو هەڤاڵێکی بەناوی ئێروین رۆدە[3] بوون بە درەوشاوەترین‌و پرشنگدارترین قوتابیانی

---

[2]- Naumburg.

[3]- grammer School قوتابخانەیەك پێکهاتوو لەپۆلەکانی سەرەتایی‌و ناوەندی. (و. ف).

[4]- Freistelle.

[5]- Schulpfowta.

[1]- Franlsonia.

[2]- Ritschl.

[3]- Erwin Rohde



مامۆستاکەیان (واتە ریچل) کە وانەی فیلۆلۆژی[4] ئەوتەوە، نیچە ئەنجومەنی فیلۆلۆژی دامەزراندو کۆمەڵە نوسینێکی لەم بوارەدا بڵاوکردەوەو تەنانەت بەر لەوەرگرتنی پلەی (دوکتورا)، بەراسپاردەی ریچل ئەو وەکو مامۆستایەك بە بازێل پێشنیارکرا. ریچل بۆ بازێلی نوسیبوو: "زۆر بوون ئەو لاوانەی کە لەماوەی ئەم ٣٩ ساڵەدا بە چاوی خۆم شاهیدی گەشەو پێگەیشتنیان بووم"، بەڵام هەرگیز لاوێکم نەدیوە .... کە هێندە خێراو بەو کەم تەمەنییەوە .... وەکو ئەم نیچەیە .... بەم پێگەیشتنە بگا .... پێشبینی دەکەم کە ئەگەر تەمەنی درێژ بێ‌و (خوا یاربێ) سەرەنجام دێتە ریزی پێشەوەی فیلۆلۆگەکانی ئەڵمان. هەنوکە تەمەنی بیست‌و چوار ساڵە .... لێرە لەلایپزیکدا بت‌و پەرستراوی هەموو فیلۆلۆگە لاوەکانە. (دڵنیام) دەڵێن وەها کەسێك بەم سیفەتانەوە سەمەرەیە. بەڵێ، ئەو بەڕاستی سەمەرەیەو لەهەمان کاتدا لەدڵا شیرین‌و خاکە ڕایە ..... لەهەر کارێکدا کە بڕیاری ئەنجامدانی بدا، سەرکەوتوو دەبێ.

لەوکاتەدا دوو دەیە تا وەدەرکەوتنی دێوانە بوونی مابوو. نیچە لە ١٨٦٩ تا ١٨٧٩ لەزانکۆی بازێل مامۆستا بوو، وەکو ی. بۆرکهارت[1]، بۆ ماوەی شەش کاتژمێر لەبنیاتی پەروەردەیی[2]

---

[4]- Philology زانستی وشە، وشە ناسیی مێژوویی، زمانناسیی مێژوویی، کولتورناسی، (و. ف).

[1]- J. Buwckhowt.

[2]- Pedagogical Insitute.

وانەی دەگوتەوە. دەرگای ماڵی ڕێزداران و متمانەدارانی بازێل لەبەردەمیدا ئاوەڵا بوو. لەگەڵ زانایانی هەڵکەوتووی زانکۆ ـ بورکهارت، باخۆفێن[3]، هۆیزلێر[4]، روتیمایر[5]، پێوەندی کەم تا زۆر نزیکی رایەڵ کرد. هاوڕێیەتی نزیکی ئەو لەگەڵ ئۆڤربێك[6]، بوە هۆی هاوماڵی. ترۆپکی هەڵسو کەوتی لەگەڵ خەڵك لەراستیدا ترۆپکی سەرلەبەری ژیانی کە تاکۆتایی تەمەن بەردەوام لەیادی مایەوە ـ دیدارەکانی لەگەڵ ریشاردو کۆزیما واگنێر لەنێوان سالانی ١٨٦٩ و ١٨٧٢ لەتریبشێن[7]، نزیك لوسێرن بوو. نیچە کتێبێکی نوسیو بلاویکردەوە بەناوی لەدایکبوونی تراژیدی[8]، لەوە بەدواوە لەکۆڕی فیلۆلۆگەکان رەتێنراو ڤۆن ویلامۆ ڤیتیس[9] جڵەوی کارەکانی گرتە دەست. هەربۆیە، خوێندکارانی فیلۆلۆژی لەبازێلیش بەرە بەرە دەورو بەریان چۆڵکردو پەرەوازە بوون. لە ١٨٧٣ هروژمەکانی نەخۆشی دەستیان پێکردو ئەو ناچار بوو سالی خوێندنی ٧٧ ـ ١٨٧٦ مۆڵەت وەرگرێ بەشی زۆری کاتەکانی لەگەڵ پۆل رێە[10]، لەماڵی مالڤیدا فۆن مایزێنبۆرگ[11]، لەسۆرنتۆ[12]. (لەئیتاڵیا)

[3]- Bachofen.
[4]- Heusler.
[5]- Rütimeyer.
[6]- Ovewbeck.
[7]- Tribschen.
[8]- The Birth of Tragedy.
[9]- von wilamovitz.
[10]- P. Rée.
[11]- Malvida von Meysenbug.



بەرێتە سەر. لە ١٨٧٩، لەسیو پێنج ساڵیدا، نیچە بەهۆی نەخۆشییەوە، بەناچاری وازی لەوانە گوتنەوە هێنا.

دووەمین دەیەی ( ١٨٧٩ ـ ٨٩) نیچە پەیجۆری ئاوو هەوایەك کە گیرۆدەییە پڕژانەکەی دامرکێنێ، لەشوێنێك بۆ شوێنێکی دی وبێ ئەوەی بەهۆی گۆڕانی وەرزی لەهیچ شوێنێك بۆ ماوەی چەند مانگ بمێنێتەوە، لەسەفەردا رای بوارد. زیاتر لەئینگاردێن[13] و لەتەنیشت دەریای سپی نێوەڕاست (مدیترانە)و هەندێ جاریش لەڤینیز بوو، سەرەنجام چوە شاری تۆرینۆ (لەئیتاڵیا). زستانی زیاتر لەشاری نیس و هاوینی لەزیلس ماریا[14] بەسەر دەبرد. تەریوێکی ئاوارە بوو کە بەسەرمایەیەکی کەم و سنوردار لەژورە سادەو ناڕازاوەکاندا دەژیا. رۆژانی بەسەر گەردانی لەدەروکێوو دەشتدا بەسەر دەبرد. کلاوێکی لێوارەداری لەسەردەنا تا چاوانی لەتیشکی هەتاو بپارێزرێن و هەمە چەشنە موسافری دەدی. کتێبەکانی نیچە ـ لەدایکبوونی تراژیدی و بەشی یەکەمی رامانە لەناکاوەکان[3] (لەدژی شتراوس) ـ هەرایەکیان نابۆوە: یا بە سەرمەستی و گەشکەیی پەسەند کرابوون، یا راشکاوانە پووچ لەقەڵەم درا بوون. وەلێ نوسینەکانی دواتری سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان وەچنگ نەهێنابوو. کتێبگەلێکی ناوبراو کە بۆ قسەی نەستەق یا

[12]- Sorrento.
[13]- Engardine.
[14]- Sils – Maria.
[3] -Untimely Meditations.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

بژێریوێژی (aphorisme) تەرخان کرابوون، تاڕادەیەکی زۆر فرۆشیان نەبوو. نیچە بە فەرامۆشی سپێردرا. بە هۆی هەندێ هەلو مەرجی تایبەت، لەگەڵ بلاوکەرەوانی پەرتوکەکانی توشی کێشەو گیروگرفتی تووڕەکەر دەبوو و سەرئەنجام ناچار بوو نوسینەکانی بەخەرجی خۆی بلاوبکاتەوە. تەنیا لەدواین مانگەکانی تەندروستی جەستەییو عەقڵی، نیچە توانی یەکەمین نیشانەکانی ناوبانگی خۆی کە تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش هەرگیز لەبارەی گەیشتن پێی گومانی لێ نەکرد بوو، ببینێ.

نیچە لەکارو پیشەکەی رەتێنرا بوو، خۆی تەنیا بۆ پەیماننامەی راستەقینەی خۆی تەرخان کردو وەك دەوترێ، لەدەرەوەی دنیا دەژیا، بەلام هەرکە باری جەستەییو رۆحی بەرەو باشی رۆیشت، هۆگری نوێکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ جیهانی کەتوار (واقع) بوو.

لە ۱۸۸۳ بەرنامەگەلێکی بۆ وانەو دواندەری لەلایپزیك بەرهەڤ کرد، بەلام کۆڕو کۆمەڵە زانکۆییەکان بەهۆی نێوەرۆکی دڕدۆنگی وروژێنی نوسینەکانی، وەها وانەو دواندەریگەلێکیان بەنەلواو دەزانی. نیچە هەروا لەدەرەوەی دنیا مایەوەو لەهەمان حاڵدا درێژەی بەکارەکەی دەدا، تەنگژەکانی زێدە دەبوون.

لەژانویەی ۱۸۸۹ نیچە لەچلو پێنج ساڵیدا، بەهۆی تێکچوونی مێشك لەپێ کەوتو سەرەنجام لە ۱۹۰۰ مەرگ کۆتایی بە نەخۆشیی درێژخایەنی هێنا.



مەكتەبی بیروهۆشیاری

## دنیای نیچە

جیهانێك کە نیچە لەودا دەژیاو لەودا سەرقاڵی بینینو تێفکرینو دەربڕینی هزرەکانی خۆی دەبوو، سەرەتا لەتازەلاوی لەرێگەی کولتوری ئەڵمانو قوتابخانە ئەڵمانییەکان کە لەواندا زانستە مرۆییەکان دەوترانەوەو شاعیرانی ئەڵمانیو نەریتی نیشتماندۆستی ئەو سەرزەمینە بوو پێیگەیشت. نیچە لەفیلۆلۆژیی کلاسیك (یونانیو رۆمانی) خوێندنی خۆی تەواو کردبوو، ئەو لەم رێگایەوە نەك تەنیا لەسەرتاسەری تەمەنیدا هزری پڕبەهای رۆژگاری کەونارای وەدەستهێنا، بەڵکو لەکاتێکدا کە هێشتا خوێندکاری زانکۆ بوو، خۆشبەختانە بوو بەلێکۆڵەرێکی راستەقینەی ناسراوو ئاشنا. سمیناری فیلۆلۆژیی کلاسیکی ریچل لەرووی تکنیکی راڤەی فەلسەفی بێ وێنە بوو. کەسانی جیا جیا کە فیلۆلۆگیش نەبوون، وەکو پزیشکان، لەودا بەشدار دەبون تا فێری "مێتۆد" بن، کارامەییو تێڕوانینێك کە ریچل بەرەوی دەدا لەتەك گشت زانستەکان لەم هونەرەدا هاوبەش بوو کە راستەقینە لەناڕاستەقینەو رەسەن لەساختەو دەستکردو ناسینی شیانی سەلماندن لەگومانی پەتیو ئەرخەیانیی بەرهەست لەباوەڕی زەینی هاوێربکاو جیاوازییان لەنێوان دابنێ. تەنیا کەسێك دەتوانێ لەچیەتیی ناسینی زانستی چەمکێکی رۆشن وەچنگ بخات کە چ شتێك لەنێوان هەموو زانستەکاندا هاوبەشە. لێرە بوو کە نیچە تێبینی خوو

خدەی لەناخ چێنراوی هەر توێژەرێکی لێهاتوو بوو: واتە گەندەڵ نەبوو، ململانێی رەخنەگرانەی لەکۆتایی نەهاتوو، لەگەڵ بیرەکانی خۆو سۆزو سەرمەستیو تاسەباریی سادەو ساکار... نیچە لەبیستو پێنجساڵییەوە تا کۆتایی تەمەن لەوڵاتانی دیکەدا دەژیاو بیست ساڵی رەبەق ئەڵمانی لەدەرەوە ڕا دەدی. ئەمە گۆڕانێکی لەجیهانبینی ئەودا دروستکردو وەکو ژیان لەسنورەکانی سەر زەمینێك، دیدی رەخنەگرانەی ئەوی تیژتر کردەوەو بە تایبەت لەکۆتاییەکانی ئەو سەردەمە کە ببوە هۆی مەترسیی ئاوارەیی لەئەنجامی سەفەرە بەردەوامەکانی، ئەگەری ئەوەی بەو دەبەخشی کاروباری ئاسایی باشتر لێك هاوێر بکا. گۆڕان، پەیتا پەیتا هەستیارییەکان دەوروژێنێو هەلی ئەوەدەڕەخسێنێ لەئاسۆیەکدا بژیێ کە هەمیشە بەرینتر دەبێو هەرشتێك گەوهەرێکی راستەقینەی هەبێ، لەخۆدەگرێو چونکە هەستی هەموو کەسێك بۆ وڵاتەکەی بەدورکەوتنەوە لێی کڵپەدەستێنێ، ئەڤین بەزێد یا رق لێبوونەوەی زیاد دەکا..... نیچە تەنانەت کاتێك مێرمنداڵێکە، خۆبە فەلسەفەوە خەریك دەکا.

لەتازەلاویدا، شۆپێنهاوێر بەتاقانە فەیلەسوف بە واتای راستەقینە دەزانێ. چەمکە نەریتییەکانی فەلسەفە لەلانگە[1] و ئێشپیر[2] و تایشمۆلێر[3] و دورینگ[4] و (ئێدوارد) فۆن هارتمان[5]

---

[1]- F. A. Lange.

[2]- Spir.



وەردەگرێ. لەنێو فەیلەسوفانی گەورەدا بەرهەمەکانی ئەفلاتونی بەشێوەیەکی هەمەلایەن خوێندۆتەوەو دواتر کە لەدیدی فیلۆلۆژییەوە لێیان رادەمێنێو دەیانخوێنێتەوە (بەگوتەی خۆی) لەوە کە چەند کەم لەئەفلاتون دەزانێ، ترسی لی دەنیشێ (نامەی ئۆکتۆبەری ١٨٨٣ بۆ ئۆربێك). گەوهەرو نێوەرۆکی هزری فەلسەفیی ئەو لەخوێندنەوەی ئەم بەرهەمانە وەرنەگیراوە، بەڵکو لەپلەی یەکەمدا لەڕامانو چاودێری لەجیهانی یونانیی سەردەمی پێش سوکرات ـ واتە فەیلەسوفانی پێش سوکراتو لەهەموش زیاتر، تیۆگنیس[6] (شاعیری خەمنامە چڕی سەدەی شەشەمی پ. ز)و شاعیرانی تراژیدی نوسو دواجار (مێژوونوسی گەورەی ئەسینایی سەدەی پێنجەمی پ. ز) تۆکۆدیدس[7] بەرەبەرە بەرهەڤ بوەو پەروەردە کراوە. نیچە لەبەر هۆگری بەمەسەلەکانی فیلۆلۆژی، روی لەخوێندنەوەی دیۆگنس لائرتیۆس[8] (سەربردەنوسی سەدەی سێهەمی زایینیی) کردو لەم رێگایەدا کەمێك زانیاریی خۆی لەمێژووی فەلسەفە زیاتر کرد.

---

[3]- Teichmüllew.

[4]- Dühring.

[5]- (Eduard) Von Hartman.

[6]- Theognis.

[7]- Thucydides.

[8]- Diogenes Laértius

هەڵبەت نیچە دەشێ بڵێین هەرگیز نوسینەکانی فەیلەسوفە گەورەکانی بە تەواوی نەخوێندۆتەوەو زۆربەی زانیاری خۆی لە ژێدەرە دەستە دوەمەکان وەردەگرێ. بەم حاڵەشەوە، دەتوانێ دزە بکاتە نێو قووڵایی سەرچاوە سەرەکییەکانو لەسەرووی توێکڵی وشك هەڵاتویانەوە کە بەهۆی نەریتو گێڕانەوە بەنەوەکانی دواتر گەیشتووە، بە پەیڕەوی لەخوو خدەی خۆی، هەرساڵەو بۆ گەیشتن بە مەسەلە راستەقینەو سەرەکییەکانی فەلسەفە مکوڕتر دەبێ.

هەر بەپێی شێوەی فەلسەفەگەریی خۆی، لەشاعیرانیش هەر بە قەد ئەوانەی کە بەواتای تایبەت فەیلەسوف ناویان دەرکردوە رکێش دەکرێ. نیچە لە (سەردەمی) لاوێتیدا لەخوێندنەوەی هۆلدرلین[1]، بەتایبەت کۆمەڵە شیعرەکانی ئەو، ئێمپدۆکلێس[2] و هۆپریۆن[3]، سەرمەست دەبێو دواتر لەخوێندنەوەی مانفرێد[4] بەرهەمی بایرۆنو لەدواین ساڵانی تەمەنی، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دستۆفسکی یەوە.

هۆگرییەکەی بە مۆسیقا تەنانەت لەوە قووڵترو ریشەدارترو چارەنوسسازترە. هیچ فەیلەسوفێکی دیکە هەرگیز وەها تەواو پڕاوپڕ لەمۆسیقا تێراوو هێندە شەیدا نەبووە. نیچە تەنانەت

[1]- Hölderlin.
[2]- Empedocles.
[3]- Hypewion.
[4]- Manfred.



لەتازەلاویشدا بە مۆسیقا تاسەی دەشکا. ئامادەبوو تەمەنی خۆی بۆ مۆسیقای ریشارد واگنێر تەرخان بکا. بێ کۆتو مەرج هۆگری واگنێرەو لەکۆتایی تەمەندا دان بەوەدادەنێ کە: "دواجار من مۆسیقازانێکی پیرم کە جگە لەدەنگو چڕین لەشوێنێکی دیکەدا ناخم ئوخژنی پیا نایەت" (نامەی ٢٢ی ژوەنی ١٨٨٧ بۆ گاسێت)[5]. هۆگریی بە مۆسیقا تەنانەت توندتر دەبێو دەنوسێ: "مۆسیقا هەنوکە ئەزمونگەلێ بۆمن بە دیاری دێنێ کە لەراستیدا هیچ کات مێژینەی نەبووە. من لەهزردا نغرۆ دەکاو لەخۆم جیامەدەکاتەوە. دوابەدوای هەر شەوێکی پڕ مۆسیقا، ئەڵەندێکی لێوڕێژ لەدیدو بۆچونەکانو هزرگەلی پتەو دێت.... ژیان بەبێ مۆسیقا، هەڵەیەکی پەتییە، سەختیو دژوارییە، دورخستنەوەو رەتاندنە". (نامەی ١٥ی ژانویەی ١٨٨٨ بۆ گاسێت). دەنوسێ "هیچ شتێك لەژێر ئەم ئاسمانە شینباوە دا بەلای منەوە بەقەد چارەنووسی مۆسیقا مایەی هۆگریو دڵەڕاوکێ نییە". (نامەی ٢١ی مارس ١٨٨٨ بۆ گاسێت).

بەڵام هەر ئەم نیچەیە، بەم گڕوتینەوە، لەمۆسیقا رووی وەرگێڕا. لە ١٨٨٦، لەبارەی ساڵانی پاش ١٨٧٦ وەهای نوسی: "یەکەمین کارم ئەمە بوو کە بەڕاشکاوی بەشێوەیەکی بنەواشەیی خۆم لەهەر مۆسیقایەکی رۆمانتیکی ببوێرم - واتە ئەو هونەرە پڕ لەتوانج پۆشیو پڕ لەخۆڕانانو پڕگڕو تینەی کە وزەو شادمانی لەرۆح دەڕفێنێو چەشنە هەمە چەشنەکانی

[5]- Gast.

پەژارە ناڕوونەکانو ئاڵۆشگەلی هەڵاوساو دەوروژێنێ. تا ئەمڕۆ پەندو ئامۆژگاریی من بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە مەردانە پێداگری لەسەر پاکژیی رۆحو دەرون دەکەن ئەمە بووە کە لەمۆسیقا دورکەونەوە" داوەرییەکانی نیچە لەبارەی مۆسیقا، لەگەڵ نەریتی دێرینی دژە مۆسیقا لەفەلسەفەدا یەکانگیرو تەبایە. دەنوسێ: "لەمۆسیقادا هیچ دەنگێك نییە کە توانای دەربڕینی گەشکەو بیخودی رۆحی هەبێ، مۆسیقا دەیەوێ حاڵەتە دەرونییەکانی فاوستو هاملێتو مانفرێد بخاتە روو، بەڵام لەم کارەدا، رۆح بەلاوە دەنێو تەنیا حاڵەتەکانی شاگەشکەیی دەگوازێتەوە" هەمدیس دەنوسێ: "شاعیر بەرزتر لەمۆسیقازانە، چونکە رووی دەمی لەکۆی مرۆڤەو لەم رووەوە داخوازی سەرتر لەوی هەیەو داخوازەکانی بیرمەند تەنانەت لەویش سەرترە: بیرمەند تازەترین وزەکانی تاکە کەس یەکسەرو بەشێوەیەکی چڕ دەخوازێو ئێمە نەك بۆ چێژ وەرگرتنو خۆشی، بەڵکو بۆ مەتەرێزی جەنگێك کە پێویستی بە وازهێنان لەهەموو تەزوە خۆ تەوەرەکانە، بانگهێشت دەکا". نیچە لەو باوەڕەدایە کە گەشەی نیوەناچڵ پڕکەمایەسیو تەنانەت دەمارگرژانە هێزی تێگەیشتن ولاوازی دانبەخۆداگرتن بۆ دووری لەکینەو بوختان، وێدەچێ بەری گێرە شێوێنییەکی ناسراو بە مۆسیقابێ"، مۆسیقا ترسناکە: "بەریانەکەی لەگەڵ گەندەڵیو گومڕاییو دروستکردنی هەلومەرجی مەسیحی.... بە



لەکیسدانی پاکژیی رۆحو سەر ڕێژ بوونی خەیاڵو خولیای دڵو دەرون تێهەڵکێشە"......

نیچە لەرکێشو رکێفی مۆسیقادایە..... تەواوی دەزگای کۆئەندامی دەمار ـ و تەنانەت گەوهەری بوون ـ ی ئەو هێندە خاوەنی چۆنایەتی بەرزی مۆسیقایە کە ئەوی وەڕەسو بێچارە کردوە.

بەڵام لەهەمان کاتدا مۆسیقا دوژمنی فەلسەفەی ئەوە، تێفکرینی ئەو هەرچی فەلسەفیتر دەبێ، چۆنایەتیی مۆسیقا لەودا کەمتر دەبێتەوە نەك تەنیا پرۆسەی فیکری بەڵکو ئەزمونە عیرفانییەکانی ئەو لەبوونیش، بەدەرە لەمۆسیقاو دژە مۆسیقایە.

نیچە ئەو کەرەستەی کە دەیەوێ لەفەلسەفەگەریدا بەکاری بێنێ، بەشێوەی تایبەتی خۆی لەژێدەرەکانی دیکەوە وەچنگ دەخا. هەر لەسەرەتاوە، رێزی لەرادەبەدەر لەچەند نوسەرێکی فەرەنسی لارۆشفۆکۆ[1]، فۆنتێنێل[2]، شامفۆر[3]، و لەسەرووی هەمووشیانەوە مۆنتێنی[4] و پاسکالو ئێستاندال دەگرێ. شیکاریی دەرونناسانە بۆ ئەو دەبێتە ئامرازی فەلسەفەگەری ـ بەڵام نەك ئەو شرۆڤەیەی کەبەروبوومی دەرونناسیی ئەزمونی کە لەسەر بنەمای هۆو بەرهۆ دەچێتە پێشێ، بەڵکو شرۆڤەیەك

1- Larochefoucauld.
2- Fontenelle.
3- Chamfort.
4- Montaigne.

لەسەر بناخەی دەروونناسی کۆمەڵایەتیو مێژوویی کە کەڵك لەمێتۆدی Verstehen (نێواخن فامی) وەردەگرێ... هیچ شتێك بەلای نیچەوە خاوەنی قەدرو بایەخو گرنگیی گەورە پیاوان نییە کە هەندێ جار دەیانباتە ئاستی خواییو هەندێ جار تا ئاستی ئەهریمەن دەیانهێنێتە خوارێ. نیچە لەگۆتەو ناپلیۆنو هیراکلیتۆس مەزنایەتیی بێ ئەملاو ئەولاو دڕدۆنگی هەڵئەگری دەدی. سوکراتو ئەفلاتونو (پاسکال)یش بەگەورە پیاوان دەزانێ، وەلێ هێندە لێکچوو کە دەبێ ئەوان پەیوەست بەوەی کە لەچ هەلومەرجێکدا رووخساریان دەرکەوێ، لەئاراستە گەلی دژیەکەوە بنرخێنین. سێنت پۆلس[1] و رۆسۆ هەمیشەو تاڕادەیەك لۆتێر هەمیشە رەت دەکاتەوە. تۆکۆدیدۆسو میکاڤیللی لەبەر راستگۆیی راستو رەوانو راشکاوو لەگەنەڵ نەهاتویی ریالیستانەیان پەسن دەکا. نیچە کاتێك بە قووڵترین ئاستی ئاگایی مێژوویی دەگا کە پێوەندییەك لەنێوان تێفکرینیو پێشوەچەی چارەنوسی خۆی لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە گەورە پیاوانێك کە هەمان مەسەلەو دڵە ڕاوکێکانی ئەویان هەبووەو لەگەڵ ئەودا لەقەڵەمڕەوی مەعنەویەتدا ژیاون، دەبینێ. دەنوسێ: "سەربەفەرپی من رەچەڵەکمە... ژینگەو پەرانپەرێك کە لەودا دەژیم هەر ئەوە بوو کە زەردەشتو موساو محەمەدو عیساو ئەفلاتونو برۆتۆسو ئێسپینۆزاو میرابۆی ئاخێزاند....." "کاتێك کە لەئەفلاتونو

[1]- Stpaul.



پاسکالو ئێسپینۆزاو گۆتە دەدوێم، دەزانم کە خوێنی ئەوان لەدەمارەکانی مندا دێتو دەچێ". هەروەها نیچە لەپێشنیانی خۆی "هێراکلیتۆسو ئێمپێدۆکلێسو ئێسپینۆزاو گۆتە" دەدوێ.

## وێنەی نیچە

قسەو باسی هاوڕۆژگارانی نیچە بەردەوام وێنەی ئەو توشی شێواندن دەکەن. یا لەدیدگایەکی نەشیاو لەو دەروانن‌و هاوشێوەییگەلێ لەنێوان ئەو و ئایدیالەکان یا دژە ئایدیالەکانی سەردەم پەیدا دەکەن، یا لەبارەیەوە بەپێوەری ساختەو دەستکرد داوەری دەکەنو وەك بڵێی ئەو لەئاوێنەی دیقدا دەبینین. وێنەی ئایدیالی کە خوشکەکەی لەوی دەکێشێتەوە لەتەك هەموو جوانیو شکۆیەك، زۆر لەکەتوارەوە دوورەو وێنەی ریالیستانەتر بەڵام ناتۆکمەو دەسەپاچەو پرسیار وروژێنەر کە هەڤاڵەکەی واتە ئۆربێك وێنای دەکا لەراستییەوە دوورە. ئێمە لەهەردووکیان، بەتایبەت لەبەر تۆماری هەندێ رووداوەکان، سپاس دەکەین، بەڵام هەندێ کەمایەسی دەبینین کە ئێمە تامەزرۆی بیستنی تەنانەت سواوترین قسەوباسی هەر کەسێك دەکا کە نیچەی دیوە یا لەگەڵیدا قسەی کردبێ. ئەم وەسفکردنە چڕو پڕە بەڵام سەرگەردانکەرە، هەڵبەت خاڵێکی دەسپێکی باشە بۆ کێشانەوەی سیمای نیچە. بەڵام هێندە کەمایەسیو لێڵیو تەمتومان لەواندا هەیە، وێنەی بیچمی

بنـەتایی دروست نابـێ، راپـۆرتو قـسەو باسـی بیرمەنـدانی هاوچەرخ دەبـێ لەڕێگەی بەراورد لەگەڵ بەڵگەنامە تاکەکەسیو تاکمەندەکان (نامەکانو نوسینەکانو یادنوسەکانی نیچە) راست بکرێتـەوەو بەسـەرنجدان لەدەنگـەوازی فـەرامۆش نـەکراوی هەرشتێك کە لەو ماوەتـەوە، بـۆ نموونـە دوایـین نوسـراوەکانی، لەبەرچاو بگیرێت....

تەنانەت ئەمڕۆ وێنەی نیچە هێشتا بیچمێکی هەستپێکراو پەیدا ناکا. ئەو لەهەندێ شێوەو روخساردا خۆی دەبینێتەوە کە شوناسـەکەیان دەستنیـشانکراو نیـە. لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا ئێمـە ئـەم رێکردنـە دەبیـنین کـە بـەردەوامو سـەرەمرە بـەرەو پێـــشەوە هــەنگاو دەنـــێ، دەبیـــنین کـــە بـــەرەو لوتکـــە دەسترانەگەیشتوەکان هەڵدەزنـێو تەنانـەت لەچرکەساتێکدا کە دەڕواتو لەبەر چاوان بزر دەبـێ، هەمدیس وەبەرچـاو دەکـەوێ، چونکە پیاوێکە سەربەخۆ ژیاوەو توانیویـەتی نێواخنیی ژیـانی خۆی تێبگاو تێبگەیەنـێ.

تایبەتمەنـدیی بنیـاتیی نیـچە: نـاوێزە بـوونی ئـەو، نیـچە لـەژیانی بـاوو ئاسـایی ـ لـەکارو پیـشەو کۆمـەڵگا ـ دادەبـڕێ. نەهاوسەرگیری دەکاو نـەفوتابیانو نەپـەیرەوانێکی هەیـە، هـیچ بیاڤێکی چالاکی لەجیهاندا بۆ خۆی چێ ناکا، زێدێکی نـەگۆڕی نییەو بـێ ئامانج لەشوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە دەڕوا، وەك بڵێی لەپـەیجۆری شـتێکە کـە هـەرگیز ناتوانــێ پێـی بگـات. ئـەمجۆرە ناوێزە بوونە خۆی لەخۆیدا خودان مایەو ئەرێنییـە: شـتێك کـە



تایبەتمەنـــدیی سەرتاســـەری فەلـــسەفەگەرییەکانی نیـــچەیە. یەکەمین قەیرانێك کە ئەو توشی بوو لە ١٨٦٥ لەشاری بۆن بـوو کـە گـەرچـی گرنگییـەکی دیـاریکراوی نـەبوو و تـەنیا گۆڕانێـك لەشـێوەی ژیانیـدا هاتـەدی، وای لـەوکرد کـە بەهـەنگاوی پتـەو لەرێگەیەکدا کە چارەنوسی بۆی دیاری کرد بوو بکەوێتە ڕێ.

نیچە پەی بەوە برد کە ژیانی خوێندکاریو چالاکییە هەمـە چەشـــنەکانو ئەنـــدامبوونی لەئەنجومـــەنی خوێنـــدکاریو پێگەیـشتنخوازی لـەپێناو وەچـنگ خـستنی زانیـاریو ئەگـەری دەستڕاگەیشتن بـەکارو پیـشەی زانکۆیی، هـەرگیز بەڕاسـتی ئـەو رازی ناکـات. ژیـان لەدیـدی ئـەو نـە کـازەو سـەرگەرمی بـوو، نەمەسـەلەی پـەیڕەوی لەرێـسای پێـشتر دیـاریکراو. کـەوا بـوو، نـاتوانی لەگـەڵ هەلومەرجـەکانی ژیـانێکی شـێلگیر ئاشـتی بکەیتەوە..... یەکەمین جار بـوو کە گیانمایـەی تێڕوانینـی ئـەو بەشـێوەیەکی شـایان بنجبەسـت دەبـوو، هەرچـەند تەنانـەت خۆیشی زانیبووی کە چ شتێك بۆتە هۆی ئـەم بنجبەستەو وەها چـاوەڕوانییەکی لـەو هێناوەتـە گـۆڕێ. ئـەم رەوتـە بـە تـەواوی هەست پـێنەکراو بـوو، ئەگەرچـی ئـەمڕۆ لەلابـەلای نامـەکانو رەفتارەکانی نیچە دەشـێ لێك بدرێتەوە: رێچکەی دواتری ژیـانی ئەو لەو ساڵەدا بەرێژەو تاڕادەیەك رۆشن وە دیارکەوت: ئەکتیف بوونێـك جێـی ئەگـەرێکی گرتـەوە کـە لـەوە بـەدواوە لـەنێوان وەرچـەرخانەکانی بـەردەوام تـازەو بـەوزەی وارسـکەیەك کـە

هەمیشە خوازیاری گەیشتن بەپلە بەرزترەکان بوو و لێ نەدەگەڕا، نیچەی بەپاشینەو هەقیقەتی بوونی خۆی گەیاند.

## پرۆسەی کامڵبوونی نیچە

بەرهەمەکانی نیچە لەلایەکەوە کۆیەکی یەکپارچەن‌و لەلایەکی دیکەوە هەر کام لەنوسینەکانی لەپرۆسەیەکی کامڵبوونیدا  کە دوو دەیە لەخۆ دەگرێ، جێی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەدرێژایی ئەم پرۆسەیە، فەنتازیترین گۆڕانکارییەکان روو دەدەن‌و لەوەش سەیرتر ئەوشتەی تازەو نوێیە وا دێتە بەرچاو لەبەریانگەلێ کە هەر لەسەرەتاوە هەبوون، رەگاژۆی هەیە.

ناسینی ئەم پرۆسەی کامڵبوونە، تێگەیشتنی قووڵتری بەرهەمەکانی نیچە لواو دەکا، چونکە ئەگەری ئەوە دەرەخسێنێ لەپێگەی کاتمەندی هەرگوتەیەکی تایبەت بچینە پێشێ، تاکو بەرایەکی کۆبەند لەهەمبەر کۆی رەوتی ناوبراوی باسەکە بگەین... رێچکەی هزری نیچە بە زۆری بەسەر سێ دەورەدا دابەش دەکرێ:

١ ـ تا ١٨٧٦: ئان‌و ساتی رێزو پیرۆزکردنی رۆنراوی ئیمان‌و باوەڕ بە کولتورو بلیمەتی، ٢ ـ لەو رێکەوتەوە تا ١٨٨١: دەورەی ئیمان‌و باوەڕی پۆزەتیڤیستی بە زانست هاوکات لەگەڵ رەخنەگرتنی موئەنگێوانە، ٣ ـ دەورەی فەلسەفەی نوێ کە تا ١٨٨٨ درێژە دەکێشێ. بە لێکدانەوەیەکی دیکە، رەوتی



بەرەبەرەیی بەڵام بنیاتیی نامۆیی، نیچەی لەباوەڕی لاوێتی بە دۆستایەتی وموریدـ مورادی‌و ژیانی رۆنراو لەسەر دڵنیابوون لەدوارۆژی خەڵك دور دەخاتەوەو بە زۆری ئەو بەقۆناخێکدا تێپەڕ دەکات کە لە"دەشتی کاکی بە کاکی" گوزەردەدا و هەموو شتێك لەودا بەچاوی چاودێری‌و بینین‌و لەدۆخی هەڵپەسێراندا دەبینرێ‌و سەرەنجام بە ئیمانێکی نوێ کە زادەی تەنگژەی سەرمەستکەری تەنیایی تەواوەو پێشوازیکەری هیچ پێوەستبونێك لەگەڵ کەسانی دیکەو خەڵکی وڵاتی نیچەش نییەو تەنیا لەقاڵبی سیمبۆلەکان‌و جەرگەی ئاگاییدا دێتە دەربڕین. ژمارەی قۆناخەکان دەتوانێ لەرێگەی بەشبەندییەکانی زیاتری هەر قۆناخێك (بەتایبەت قۆناخی سێیەم) هەمدیس زێدەتر بکەین. ئەگەر قۆناخی دووەم تەنیا بە پۆزەتیڤیستی‌و زانستی لەقەڵەم بدەین، راست‌و شیاو نییە. بەڵام ئەم بەشبەندییە سیانییە لەگەڵ گۆڕانکاری یەکلاکەرەوە لەژیانی نیچەدا یەکانگیرەو لەڕاستیدا لەسەر بناغەی ڕای ئەو لەبارەی خۆی رۆنراوە.

## رای نیچە لەبارەی رێچکەی خۆی

دوو هەنگاوی بنەڕەتی کە لەقۆناخی یەکەم بۆ قۆناخی دووەم‌و لەقۆناخی دووەم بۆ قۆناخی سێهەم هاوێژران، وشیارانە بەدی کران‌و هەڵبژێردران. ئەم گۆڕانکارییە فیکرییانە لەهەموو

شتێك، لەشێوازی نوسین تا دەستەبژێرکردنی ئامانج، وەبەرچاو دەکەون.

کاتێك کە نیچە دەیڕوانیە رابردوی خۆی، نەك تەنیا هەرگیز نکۆڵیی لەگۆڕانە ناوبراوەکان نەکرد، بەڵکو جەختی لەسەر کردنو راڤەی کردن. تێکڕای خوێنەرانی نیچە ئێجگار زۆر کەوتونەتە ژێر باندۆری ئەم خاڵەوە کە ئەو چ سەیر بەباشی خۆی دەناسی. تاڕادەیەك، یەکەمین گۆڕان لەنێوان ساڵانی ١٨٧٦ و ١٨٧٨ رویداوە، دوەمین گۆڕان لەمەودای ١٨٨٠ و ١٨٨٢دا.

نیچە لەڕوانگەی یەکەم بۆ رابردو لەقۆناخی سێهەمدا، سەرتاسەری رێگەی خۆی بەهەمەکیەکی واتادار دەدی. بەڕای ئەو، قۆناخە سیانییەکان کە ناویان هات، تەنیا بەدوایەکدا هاتنی سادەی روداوە هەمە چەشنەکان نەبوو کە دەلوا شێوەیەکی دیکەیان هەبێ،

زۆرە ملێیەکی توندو تیژ بوو کە دیالکتیکەکەی بەوردی ئەم سێ قۆناخەی گەرەکبوو. لێکدانەوەی نیچە لەم سێ قۆناخە لەژێر ناوی "رێگەی دانایی"[1] بەم جۆرەیە:

**رێگەی یەکەم:** پەرستن (پەیڕەوی کردنو ملکەچی) چاکتر لەهەر کەسێکی دی. راکێشانی هەموو شتێکی رێزدارو سپیتاو بەرهەڤکردنی ئەگەری پێکەوە جەنگانیان لەتەك یەکدی. کۆڵکێش کردنی هەموو سەختیەکان، بوێریو دلێری،

---

[1]- "Way to Wisdom".



دۆستایەتیو هەڤاڵێتی. (زاڵبوون بەسەر بەریانگەلی چەپەڵو سوك رەفتار پەسەندترین دڵان: بی ئەڤین ناتوانی یەخسیر بکەیت). ئەمە کاتێك بوو کە نیچە سۆزو تاسەیەك کە بۆ ڤاگنێرو شوپێنهاوێری هەبوو دەیگوازتەوە بۆ هەڤاڵانی خۆیو خۆی بە ملکەچی دیسپلینی ساڵانی خۆێندن لەخوێندنی فیلۆلۆژی دەکردو بەدڵێکی لێوڕێژ لەمتمانە (ریچێل)ی مامۆستای دەپەرست. لەسەرتاسەری ئەم ماوەیەدا ئیزنی بە کەسانێكو کاروبارێك کە رێزی بۆ دادەناو پیرۆزمەندی دەکردن دەدا، (ڤاگنێرو شۆپێنهاوێرو فیلۆلۆگەکان، فەلسەفەو زانست) لەناخی ئەودا بۆ باڵادەست بوون بەسەر خەڵکانی دی بجەنگن. نەك تەنیا خودان چێژی دۆستایەتی بوو، بەڵکو هێشتا لەمەیدانی ژیاندا ـ یەکەم لەئەنجومەنی خوێندکارانو پاشان لەئەنجومەنی فیلۆلۆژی کە خۆی دامەزرێنەری بوو ـ بەشداری دەکرد. بەسەختگیری خۆی فێر دەکردو هەرچەشنە هەستی سوکایەتی ئەگەر وەها هەستگەلێکی هەبایە ـ دور دەخستەوە. دەچوە هەر جێیەك، بەدڵنیاییەوە وای گریمان دەکرد کە هەموو ئەو کەسانەی کە بەرەو رووی دەبوون، لەدڵا شیرینو میهرەبانن و بەدڵێکی ئاوەڵا پێشوازی لەوان دەکرد، خۆی بەوەها لێکدانەوەیەك رۆژگاری لاوێتی خۆی وەسف دەکا.

**رێگەی دووەم:** شکاندنی دڵی پەرەستێنەر کتو مت لەتروپکی دەروەستیدا رۆحی ئازاد. سەربەخۆیی. سەردەمی دەشتی کاکی بە کاکیو رەخنە کردنی هەرشتێك کە رێزی لێدەگیرێو پیرۆز

دەکرێ (ئایدیال سازی لەهەرشتێك کە ڕێزی نییەو شایانی پیرۆزکردن نییە). تێکۆشان لەپێچەوانە کردنەوەی نرخاندنەکان (.... کەسانێك وەکو دورینگو ڤاگنێرو شوپێنهاوێر تەنانەت بەم ئاستەش نەگەیشتون!).

کاتێك کە نیچە لە ١٨٧٦ پۆستێکی تازەی کە پێی پێشنیارکرا بوو، پەسەندکرد، هەڤاڵەکانی زۆرتوند شڵەژان، چونکە ئەم پۆستە وا دەهاتە بەرچاو بەرتەکدەرەوەی هەرشتێکە کە پێشتر رابردوو بوو. سەردەم، سەردەمی "دابڕانەکان"و "زاڵبوونەکان" بوو. نیچە تا دواساتی ژیان لەزەبری گورچکبڕی کارێك کە ئەنجامی دابوو پشتی راست نەکردەوە: واتە ئاوەزوو وردو خاشبوونی ئەڤینو قوربانیدان لەپێناوی ریشارد ڤاگنێر کە لەهەموو کەس زیاتر هۆگری ئەو بوو. بە وردو خاشبوونی هەموو ئەوشتانەی کە ڕێزی لێگرتبوون، ژیان بەناچار لەدیدی ئەودا بوو بە بیابانێکی کاکی بە کاکی کە تەنیا یەك شت لەو بەجێ دەمایەوە، واتە ئەو شتەی پەیتا پەیتا ناوبراوی راپێچی وەها ڕێگایەك کردبوو: ڕاستیو ڕاستگۆیی لەئاست بەدەرو بێ سنورو بێ کۆتو مەرج. نیچە ئەم توانای تاقیکردنەوەیەی پەسەند کردو ملکەچی دیسپلینێکی تازە بوو کە بەهۆیەوە دەبوایە داوەریی بایەخدارانەی پێشوو پێچەوانە بکاتەوەو بچێتە ژێرباری ئەم تاقیکردنەوەیە کە هەرشتێك کە پێشتر هێندە ڕێزی لێنەگرتبوو (واتە هەر شتێکی دژە هونەریو هەر شتێك کە سروشت بە بنەماو بنەڕەت دادەنێو زانستی



وردەکارو کۆمەڵی گومانکاران) ئەرێنی لەقەڵەم بداو بتێکی لێ دروست بکا.

ئەو شتەی کە ئەو هەستی دەکرد لەپیاوانێکدا کە ئەو پێشتر ڕێزی بۆ دانابوون نییە ـ واتە ڤاگنێرو شۆپێنهاوێرو دورینگ ـ هەر ئەم هەوڵە بۆ گەیشتن بەڕاستیی ڕەها بوو. نیچە لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمانە تەنیاو تەنیا لەبەر ئەوەی لەدۆخی باوەڕی بێ ئەملاوئەولا پەرەستنو بەڵێ گوتنی چاوەڕواننەکراوو وێنانەکراو بمێننەوەو هیچ ئەگەرێکی دیکە لەیادیاندا نەهێڵنەوە، رازیو خۆشحاڵن.

**ڕێگەی سێیەم:** ئایا بڕیاری گەورە، بەکاری تێڕوانینو هەڵوێستی ئەرێنی دێت؟ ئیدی هیچ خوایەكو هیچ مرۆڤێك بەسەر سەرمەوە نییە، وارسکەی مرۆڤێکی داهێنەر کە دەزانێ لەکوێ سەرقاڵی کاربێت. بەرپرسایەتی گەورەو بێگوناهی.... تەنیا بۆ کەسانێك کە ژمارەیان لەقامکەکانی دەست تێناپەڕێ: زۆربەی خەڵك تەنانەت لەڕێگەی دووەمدا دەفەوتێن. ئایا دەکرێ بڵێین ئەفلاتونو سپینۆزا کامەران بوون؟". هەوڵدان بۆ بەرتەکدانەوەو پێچەوانەکردن، نەدەلوا کۆتایی کارەکە بێ. مەسەلەکە ئەمەیە کە ئایا سەرچاوەی خوڵقێنەری ژیانی ئاراستەداری کەسێك کە بوێری هەڵێنانی ئەم هەنگاوە زێدەڕۆیانەی هەبێ، دەتوانێ زایەنراوی سەلماندنیش بێ ـ واتە هەڵوێستێکی پۆزەتیف کە لەبەرانبەر هەرچەشنە پرسیارێکدا خۆڕاگربێ؟ ئەم هەڵوێستو تێڕوانینە پۆزەتیڤە، بەپێچەوانەی

رابـردوو، ئیـدی نـە لـەخواوە سەرچـاوە دەگـرێ، نـە لەکەسـانی ڕێزدارو سپیتاو نە لەکەسێکی "لەسـەرەوەی مـن". تـەنیا دەبـێ لەبـەهرەو توانـای خـودی تاکـە کەسـەوە چاوگە بگـرێ. ئاسـتی بنەتایی دەبـێ هەنوکە بکەوێتە بەردەست، وەلـێ نەك بـە واتـای نێگەتیڤ، بەڵکو بە واتـای پـۆزەتیڤ.... مـافی کـردەوە بەخـشین بەخۆ لەسەروی چاکەو خراپەوە. ئیدی ئەو خۆی بە سوکایەتی پێکراوی چارەنوس هەست پێناکا:

(بـەڵکو) ئـەو خـۆی چارەنوسـە. چارەنوسـی مـرۆڤ لەچـنگی خۆیدایـــە. ئـــەم خۆکوژلێنـــە یـــا شـــیکاریی دەرونـــی کـــە لەرابردووڕوانیـدا بـە شـێوەی هەمـە چەشـن هاتۆتـە سـەر زاری نیـچە، بـە ئاشـکرا لەگـەڵ خۆکوژلێنێـك کـە هاوکـات لەگـەڵ دوو گۆڕانکـــاریی گـــەورەی ١٨٧٦ و ١٨٨٠ دەربـــڕاوە، هاوئاراســـتەو هاوتەبایە.

١ ـ لەسالانی پـاش ١٨٧٦، نیـچە رادەگەیەنـێ کـە لـەرابردوودا هەنـــدێ بـــیر وڕای هونـــەری لـــەجۆری میتـــافیزیکی بەســـەر نوســینەکانیدا زاڵ بوونــە، وەلــێ هەنوکــە وازی لــەو باوەڕانــە هێناوە. دەڵێ: "بـاوەڕی پـوچ بـە بلیمـەتی" بـە پوچـەڵ دەزانم. "هەنوکـە بۆیەکـەمجار دەتـوانم بەڕایـەکی سـادە لەبارەی ژیـانی مـرۆڤ بگـەم"و لەنامەیەکـدا دەنوسـێ: "ئـەم پـشێوی سـازییەی هەرشتێکی ڕاستو سادە، ئـەم جـەنگانی ئـاوەز لەگـەڵ ئـاوەز.... ئەمـە بـوو ئـەو شـتەی کـە منـی نـەخۆشو نەخۆشـتر کـرد.... هەنوکە هەر شـتێك کـە هیـی مـن نیـە ـ هـەڤاڵو دوژمـنو خـوو



ئاسودەیی‌و کتێب ـ هەمووی بەلاوە دەنێم، (نامـەی ١٥ی ژوئیـەی ١٨٧٨ بۆ ماتیلدە مایر)[1] بنەڕەتی تێڕوانینـی نیـچە باوەڕبەمەیـە کـە هەنوکـە لەڕاسـتیدا پـەی بـەخۆی بـردوە. پێـشتر لـەبارەی فەلـسەفەو فەیلەسـوفان دەدوا، بـەڵام هەنوکـە کـاری فەلـسەفی دەکا. "ئێـستا لـەخۆم رادەبیـنم وەدوی حیکمـەت بکـەومو خـۆم فەیلەسوف بم. پێشتر فەیلەسوفانم دەپەرست". (نامـەی ژوەنـی ١٨٧٨ بە فۆکس)[2]. دەڵـێ سەد هەنگاو خۆم لەیونانیانەوە نـزیکتر دەبیـنم هەنوکـە کـە "خـۆم دەژیـم لەهـەموو وردەکارییـەکانو لەداناییخوازیـدا هەوڵـدەدەم، ئەمـە لەکاتێکدایـە لـەرابردوودا دانایانو فرەزانانم تەنیا دەپەرستو لـەوان بتـێکم ساز دەکـرد" (نامەی ١٦ی ژوئیە ١٨٧٨ بۆ ماتیلدەمایر).

٢ـ دووەمـین هـەنگاو، نیـچەی لـە "دەشـتی کـاکی بـە کـاکی"ی بەرتەکدانەوە بردە دەرێو بە خوڵقاندنو ئافراندنی تێڕوانینـی پـۆزەتیڤی نـوێی گەیانـدو ئاشـکرایە کـە دەبوایـە بەرهـەمێکی قووڵتری هەبـێو لەدەسپێکدا، لەبواری سروشـتی بیرۆکـە گـەلێك کـەڕای دەگەیانـد، نـاڕونترو لـێڵتر بـێ. نیـچە لـەم مەسـەلەیە ئاگـادارتر دەبـێو تێگەیـشتنێکی دیـاریکراوتر لـەخۆی وەچـنگ دێنـێ. شـێوەی وەڕاسـت گـەڕانی ئـەم بابەتـەش لـەنێوان سـاڵانی ١٨٨٠ و ١٨٨٣ دێتە گۆڕێو کەم کەم پەروەردە دەبـێ....

[1]- Mathide Maier.

[2]- Fuchs.

تــوخمی نــەگۆڕ لەپــشکوتنی بەرەبــەرەی هــزری نیــچە. لەپێداچونەوەیەك کە بەسەر رەوتی بەکامڵبونی نیچە کردمان، سـێیەمین دەورە لەهـەمویان زەقـتر هاتـە بەرچـاو. تـەنیا ئـەم دەورەیـە شـێوەی فەلـسەفاندنی دواتـری نـاوبراوی بـە تێکـڕای رەسەنایەتیەکەی خستە ڕوو. وەلێ لەلایەکی دیکەوە، هـەر ئـەم دەورەیـەش لەگـەورەترین بەسـتەڵەکی دوگمـاتیف لـەهزری ئـەو دەدوێ... هەڵبەت پێوەندییەك لەنێوان کۆی دەورەکان دەبینرێ، چـونکە ئەوشـتەی دەبـێ لـەپاش ماوەیـەکی دورو درێـژ بگاتـە چڵەوپۆپەی خـۆی، تەنانـەت کاتێـك کـە بکەوێتـە زەحمـەتێکی بەرچاوو هەستپێکراوەوە، هەمدیس بەردەوام هەیەو ئەو شتەی پێشان سەری هەڵداوە، دواتر دەپارێزرێت....

وێڕای ئەوەش، توخمێکی دیکە سەرنجمان رادەکێشێ، کاتێك کە نیچە لەرابردوڕوانی، بەچەشنێکی قەناعەت پێکەر دەڵێ کە یەکەمین هەوڵەکانی ئەو لەبنەڕەتدا، لەتەك فەلسەفەی بنەتایی خۆی هاویەکە. لە ١٨٨٨ خۆی لەدایکبوونی تراژیدی دەخاتە بـەر پــلارانو لەبـــەر "میتـــافیزیکی هونـــەری"و "دڵنـــەوایی میتـــافیزیکی"و "رۆمانتیـــسمی" کـــە لـــەودا دەیبینـــێ، بەهەڵوەشـاوەو پوچـەڵی دەزانــێ. بـەم حاڵەشـەوە لەگەوهـەرو گیانمایەیـدا لـەقاڵبی لـەدایکبوونێکی دوبـارەی دیونیزیـۆس، توخمێـك کـە هـەڵگری نیـازی نـەگۆڕدراوی خۆیـەتی هـاوێر دەکاتەوە... لەنوسینەکانی رابردووی خۆی، هەمان ئەو هەژانانـە دەبینـێ کە هێشتا لـەپاش سـاڵانێك ئـەو دەوروژێنــێ. دەنوسـێ:



"کاتێـك نوسـراوەکانی خـۆمم دوبـارە خوێنـدەوە... ئێجگـار خۆشحاڵ بووم کە دیتم هێشتا خاوەنی کۆی هەژانی بەهێزم کـە لەوانـدا بـەرینو چـڕوپڕ ببوونـەوە... مـن بـەردەوام دەقـاو دەق لەگـەڵ گەلاڵـەو بەرنامـەی سـەرەکیمدا یـەکانگیرم.... ژیـاوم" (نامەی هاوینی ١٨٨٤ بە ئۆربێـك)... بـە ئاراسـتەی پێـچەوانەشدا نیچە لەبەرەبـەری ژیانـدا نـەك تـەنیا دەیـوت کـە دەیـەوێ ببـێ بەچـی، بـەڵکو پێـشبینی دەکـرد کـە لەڕاسـتیدا دەبێتەچـی. تەنانـەت پـێش سـاڵی ١٨٧٦، وەك بڵێـی بـەرەنجامی کـاری خـۆی هەست کردبێ، نوسی: "تەنیایی تۆقێنـەری دوایـین فەیلەسوف! سروشـتی وشـك هـەڵاتو و نـەرمی هەڵنـەگر دەوروبـەری ئـەوی داگرتوە، داڵە کەلاك خۆرەکـان لەسـەر سـەریەوە دەسـوڕێنەوە". هەر لەو کاتەدا بوو کـە "پەیڤـەکانی دوایـین فەیلەسـوف لەتـەك خـۆی" رێـك خـستو نوسـی: "مـن خـۆم بـە دوایـین فەیلەسـوف ناودێر دەکەم، چونکە دوایین مـرۆڤم! هـیچ کـەس جگـە لـەخۆم لەتەك مندا قسان ناکـاو دەنگـم وەکـو کەسـێك کـە ئاویلکە دەدا بەرگوێم دەکەوێ!... تەنیاییم بەهۆی ئێوەوە لەخۆم دەشارمەوە بە درۆوەش رێگەم بە نێـو خەڵکیـدا دەکەمـەوە، چونکە دڵـم.... ئۆقرەی دەسەپاچەییو تۆقینی تـەنیاترین تەنیاییـەکان نـاگرێ، ناچارم دەکا بەچەشنێ بدوێم کە وەك بڵێی دوکەسم".

سـەرەنجام لەنوسـینەکانی لاوێتیـدا (٦٨ ـ ١٨٥٨) بـەو پـەڕی سەرســوڕمانەوە دەبیـــنین کـــە ئـــەو تەنانـــەت لـــەڕۆژانی هەڵەشەییـــشدا هەنـدێ بـیرو بۆچـون دەردەبـڕێ کـە دواتـر

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەفەلسەفەكەیدا دێت. تەنانەت لەو ڕۆژگارەشدا، مەسیحیەت ئیدی دڵنیاییەك لەهەبوونی قووڵاییەكان نادات و دەچێتە ژێر پرسیارەوە: "هەركە جەماوەر پەی بەوە بەرن كە مەسیحیەت لەسەر كۆڵەكەی هەندێ گریمانگەل ڕۆنراوە، چەندان مەودایەكیان لەتەك شۆڕشە گەورەكاندا نامێنێتەوە، بوونی خوا، دوابەڵگەی كتێبی پیرۆز، هەرمانیو سروش بۆ هەمیشە كێشە ساز دەمێننەوە، من هەوڵم داوە نكۆڵی لەهەموو شتێك بكەم، بەڵام وێرانكردن چ ئاسانەو بنیاتنان چەندە ئاستەم!".

هەروەها ئەو لە "ڕاپسكان لەهەرشتێكی هەبوو" لە "پرسیاری لەمبارەوە كە ئایا وێنەیەكی گوماناوی مرۆڤایەتی لەماوەی درێژی دوهەزار ساڵ گومڕا نەكردوە؟" هەروەها وێنای مرۆڤی زیاتر لەمرۆڤ بەرە بەرە دێتە دی: "تەنیا خووگەلی لێوڕێژو قووڵ دەتوانن خۆیان بەخرۆشێكی ترس خولقێن وەها بێ كەمایەسی تەرخانی (شتێك) بكەن كەوا بێتە بەرچاو تەنانەت هەنگاوێكیان لەمرۆڤایەتی بۆ دەرەوە ناوە". تەنانەت لەو ڕۆژانەدا، ئەم مرۆڤەی زیاتر لەمرۆڤ لەدنیای زەیندا بۆ ئاسۆیەكی دوارۆژی ناكۆتا دەگوازرێتەوەو بەوێنای پێشەوە چوونی (گەشەی)* هەمیشەیی گرێ دەدرێ: "هەرچۆنێك بێ، كێ دەڵێ كە مرۆڤایەتی خۆیشی تەنیا یەكێك لەقۆناخەكان نابێت، قۆناخێك لەهەمەكێتی جیهانێك لەپرۆسەی كران و

---

* تێبینی لەوەرگێڕە.



مەكتەبی بیروهۆشیاری

پێشەوە چوندا.... ئایا كۆتاییەك بۆ ئەم پێشەوە چونە هەمیشەو هەرمانە نیە؟"

## هزرو بەرهەمەكانی نیچە

چەند باستەوەر، كۆمایەك لەنوسینگەلی دابڕاوی نامەكان و شیعرەكان ـ و هەموو ئەمانە، بەشێك پوختكراوو پۆشتەكراوی ئەدەبیو بەشێك لەپلەو پایەی میراتی گەورەو پڕبایەخێك كە بەدرێژایی دودەیە بەرهەڤكراوە ـ ئاوەهایە هزری نیچە بەو شێوەیەی كە ئەمڕۆ لەبەردەستی ئێمەدایە.

هزری ئەو نە لەقاڵبی بژێروێژی وەكو گوتەی بژێر نوسانی ناودارە كە نیچە هەندێ جار بە ئەنقەست دەستی یەكگرتنی دەگوشین ونە سیستماتیكە بەو واتایەی كە پێكەوەنراوێكی فەلسەفیی تێهزریو و گەڵاڵە ڕێژكراو پێك بێنێ.

نیچە بە پێچەوانەی بژێروێژنوسان، لەپلەوپایەی كۆبەندێكی یەكگرتودایەو ژیانیشی ژینێكی فەلسەفییە كە بە بژیوانیی وشیاربوون بە تێچوون و ئەزمون بەوەی هزر خودان هێزی ئافراندنە، وزەی پەیدا كردوەو دەیەوێ بۆ خەڵكانی دی بگوازرێتەوە. هەروەها نیچە بەپێچەوانەی كۆمكارسازان، بینایەكی فیكریی لۆژیكی تەواوی دروست نەكرد، گەڵاڵە گەلێ كە ئەو بۆ بەرهەمە سیستماتیكەكان دایڕشتن چەندین شێوە بوو بەمەبەستی ڕێكخستنی بیرەكانی بۆ خستنە روویان بوو، كە هەمیشە پێشوازیكەری ئەگەرەكانی دیكەش بوو، یاخۆ

رۆنراوانێك كە بەهۆی ئامانجەكانی پێویستیی بەوان هەبوو، هەر كامێكیان یەكانگیر لەتەك فلانە دیدی توێژینەوەیی یا دروستكردنی باندۆری فەلسەفیی دیاریكراو وێناكرا بوو.

دەركەوتەی رواڵەتی بەرهەمەكانی نیچە بەشێوەیەكی خوازەیی ئاوەها دەتوانین وەسف بكەین: وەك بڵێی بناری شاخێكیان بەدنیامیت تەقاندۆتەوە، پارچە بەردەكان كەم تا زۆر بیچمگەلێكیان هەیەو وێنایەكی هەمەكیی شتێك بەزەینمان دەگەیەنن، باڵا خانەیەك كە تەقینەوەكە سەبارەت بەو روی داوەو ئەنجامدراوە، هێشتا دروست نەكراوە. بەڵام ئەوە كە بیناكە چەشنی دارو پەردویەكی پەرش‌و بڵاو و پەرەوازە بەملاو بەولادا بڵاوبۆتەوە هەڵڕژاوە، رۆحی خۆی لەكەسێك كە كلیلی كەرەستەی بیناسازی پەیدا كردبێ ناشارێتەوە. لەچاوی وەها كەسێكەوە، زۆربەی هەرە زۆری پاتۆرەكان بەكەڵكی یەكتری دێن‌و یەكانگیرن - بەڵام نەك بە رۆشنی‌و دور لەتەمتومان، زۆر لەپاتۆری بەسود ئێجگار كەمن‌و تەنیا پێكەوە جیاوازییەكی زۆر كەمیان هەیە، پاتۆرەكانی دیكە بە بیچمگەلی ریزپەڕوپڕبایەخ: گوایە هەریەكە بەم نیازەوە لەودا بیچمی گرتوە كە لەجێیەكدا وەكو بەردی ناوكار یاخۆ بەردەمور بەكاربێت. بەڵام لەخانو و باڵاخانەكەش بە ئەرخەیانییەوە ناتوانین ناسینێكی تاقانەو بەدەر لەناڕونی‌و لێڵی وەچنگ بخەین: وەك بڵێی چەند ئەگەری پێكهاتەیی ئاوێتەی یەكدی بوونەو هەندێ جار لەخۆمان دەپرسین كە ئایا فلانە پاتۆر



ستراكتۆری هەڵەی هەیە یا لەتەك بیرێكی دیكە لەبیناسازی یەكانگیرە.

وادێتە بەرچاو دەبێ سەرتاسەری دارو پەردو و كاولگەكە لەپەیجۆری باڵاخانەكە سەرو ژێر بكەین. هەرچەندە كۆی باڵاخانەكە بەشێوەیەكی تەواو یەكگرتوو بەلای هیچ كەسێكەوە ئاشكرا نابێ، پەیجۆر بۆ پەیداكردنی ئەو شتەی كە شاراوەیە تەنیا بەمەرجێك بەئەنجام دەگا كە پەیجۆركەر وا بە خۆی بنوێنێ، كت‌و مت كاتێك نیچە سەرقاڵی دروستكردن بوو ئەم بینایە روخاو من دەبایە سازم كردبایەوە. لەسەرمانە كە بەهۆی فرەیی هەرەمەزنی پاتۆرەكان نەكەوینە هەڵەوەو شێت‌و شەیدای وردەكارییە لەئەژمار نەهاتوەكان نەبین‌و چلێسانە و بەرێكەوت فلان پاتۆر یا خۆ پاتۆرێكی دیكە هەڵنەبژێرین. دەبێ شێلگیرانە سەرنج لەهەر وشەیەك بدەین، بێ ئەوەی لەوە گەڕێین هیچ وشەیەك بە تەنیایی دیدمان سنوردارو بەرتەسك بكاتەوە، دەبێ بەم شێوەیە نیچە لەڕێگەی خودی نیچەوە تێبگەین... لەلاو تەنیشتی ئەو كۆما مەزنەی پاتۆرەكان، لەجێیەكدا مەتەڵی قووڵایی تاریكی هەبوون‌و هزری نیچە شێرراوەتەوە. وەك بڵێی هێزێكی نەناسراو گەوهەرو نێورۆكی تەقاندۆتەوە. لەهەمان كاتدا بە زۆری زۆرداری ویستویەتی لەو پارچەبەردانە بینایەك ساز بكا، بەڵام سەرنەكەوتووەو پارچە بەردەكان هەروا لەدەوروبەردا پەرەوازە بوونەتەوە. یا رەنگە گەوهەرەكە خۆی جڵەوی لەدەست دەرچوەو هاتۆتە خرۆش‌و

هـەڵڕژان، یـا رەنگـە وزەیـەکی ژێنەرانـەو خـودێتی بـەردەوامو پەیتا پەیتا بەگوشارەوە بەرەو هەمـە کێتییـەك دەچێتە پێشێ کە هیچ پاژێك لەو نـالۆێ لـەکیس بچێ یـا فـەرامۆش بـێ، بـێ ئەوەی هەرگیز خودی ئەو هەمەکێتییە بێ یاخۆ ببێ بەو.

خەڵك بۆ ئاسانکاریو بەمەبەستی ئاسانتر، دەپرسن شاکاری نیچە کامەیـەو لەپلـەو گرنگیـی رێـژەیی نوسـینەکانی دەپرسن. یەکێك لەدایکبوونی تراژیدی بـەدڵڕفێنترین کـاری ئـەو دەزانـێ، ئەویـدی پلـەی یەکـەم هـی کتێبگـەلی دروشاوەو هەمەچەشنو هاوتـا کـە هـەڵگری بژێرویـژی، لـەمرۆیی ئێجگـار مرۆیـی[1]، تـا زانینی شاد[2] دەزانـێو سێهەم گەوهەرو پوختەو ترۆپکی هـزری نیچە لەفەلسەفەی بنـەتایی ئـەو دەبینـێ. هەمـدیس بـەباوەڕی کەسانێك (وەهای گوت) زەردەشت[3] لەئاستی ترۆپکدایەو هەندێ کەسـیش پێیـان وایـە ویـستی ئاراسـتەکراو بـۆ هێـز[4] کـە لەبەرهەمـەکانی بڵاوکـراوەی پـاش مـەرگی نوسـەرە، هاتۆتـە دەربـڕین، باشـترینە. هەنـدێ کـەس بەرهەمـە بڵاوکراوەکـانی سـەردەمی ژیـانی نیـچە لـەوانی دی بەباشـتر دەزانـنو کەسـانی دیکەش بەپێچەوانەوە، نوسینە بڵاوکراوەکانی پاشمەرگەی نیچە بە خۆراکدەری کارەکانی دیکە دەزانن و دەڵێن هیچکام لەم کارانە بـە تـەنیاییو بـەپێی پێویـست لەتێگەیـشتن نایـەت. لـەم ڕووەوە

---

[1]- Human, ALL – Too – Human.

[2]- The gay Science.

[3]- (Thus Spoke) Zarathustra.

[4]- the will to power.



گروپی یەکەم سەرەتا متمانەیان بە بابەتگەلی بڵاوکراوەی پاش مەرگی نیچە کە لەبیرەوەریو یادداشتی پـەرەوازەوە هـەڵقوڵاون نیـەو لـەوباوەڕەدان نوسـەر پێداچونەوەی نـەکردونو نـاتوانرێ بڵێین بۆ نموونە بەڵگە مەنـدترین دەسنوسـی نامـەکانی نـاوبراو بەو هەموو پڕکەمایەسیو ناکۆك بێژییانەوە لـەبارەی نـزیکترین کەسانی دەوروبەرییە. گروپی دووەم، بەپێچەوانەوە متمانـەیان بە بەرهەمگەلی بڵاوکراوەی سەردەمی ژیانی نیچە نیـە، چـونکە دەڵـێن، گرنگیـدانی نوسـەر لەوانـدا بـە رسـتەبەندی ئـەدەبیو دروستکردنی باندۆر لەخوێنەردا مەبەست بوە.

هەرکام لەم کەسانە لەباسکردن لەتـەك یەکـدی راست دەڵـێ، وەلێ هیچکام خۆی لەخۆیدا راست ناڵێ. هەر کۆتو تـەرخانێك کـە دێتـە نێـو ئـەم نرخاندنانـەوە، وا دێتـە بەرچـاو لـەلێڵیو نـاڕونیو تـەمتومانی نیـچە کـەم دەکاتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەش لەیادمان نەچێ نیچە تەنیا کاتێك شیانی فامکردنـە کە هـەموو شتێك پێکەوەو لەسەریەك سـەیر بکـەین تـا بزاوتـە فەلـسەفییە خدەییـەکانی ئـەو کـە لەڕامانەکانیـدا دەردەکـەوێ سـەرەنجام لەڕێگـەی هـزری خۆیـەوە درك بکـەین. هـەروەها دەبـێ سـەرنج لەوە بدرێت کـە هیـچکام لـەو قاڵبانـەی کە نیچە بـە مەبەسـتی گواسـتنەوەی بیرەکـانی خـۆی بـەکاری هێنـاوە دەسـەرو قـانێکی بەسـەر کەسـانی دیکـەوە نیـە. لەخـدەکانی تێفکرینـی ئـەو، بێتوانـایی لەدەسـتەبژێرکردنی قـاڵبێکی فرەگـرو سـەرترە کـە هـەموو قاڵبـەکانی دیکـە ملکەچـی بـن. باسـتەوەرەکان خـودان

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەمـەکیو تـەواوەتنو بـەئارامیو بـەڕونی بـەرین دەبنـەوەو دەچـنە پێـشێ، بـەڵام قـاڵبی باسـتەوەر لـەدوایین بەشـی رامانـە لەناکاوەکان دەترازێو پاشـان لـە رەچەڵەکناسـیی رەوشـت[1] و دژە مەسـیح (دەجـاڵ)[2] دەگەڕێتـەوە. لەنوسـینەکانی دەورەی نـاڤین، زاڵبوونو باڵادەستی هیـی بژێروێژییـە کـە بەشـێوەیەکی شـاراوە لـەپاش بەسـتێنی باسـتەوەرەکانی پێـشوشدا هەیـەو تـەنیا لەکۆتاییـەکانی کـاری نوسـەردا وەلا دەنـرێ. لەبابەتگـەلی بلاّ وکـراوەی پـاش مـەرگ، جـۆرە بیرکردنەوەیـەکی هـەلا هـەلا وەبەرچاو دەکەوێ کە بەردەوام لەگەنجینەیـەکی ناکۆتـا، تێشوی نـوێ لـەو بـەمزگێنی دێـت. دوایـین نوسـینەکانو هـەروەها دووبەشـی یەکـەمی رامانـە لـەناکاوەکان بەگـشتی لـەقاڵبی بەرتەکدانـەوە نوسـی ومـشتو مـڕ تۆمـارکراون، لـەوەهای گـوت زەردەشـتو بەشـەکانی سـێیەمو چـوارەمی رامانـە لـەناکاوەکان گەلاڵەیەکی پـوختی ئێجگار خـوازراو کێشراوەتەوەو نوسینەکە لێوڕێـژە لـەمزگێنی. لـەهیچ شـوێنێك بەڕاسـتی سـەنتراڵێك لەبەرهەمەکانی نیچە نیەو نوسینێك بەدی نـاکرێ کـە بتـوانرێ بوترێ گەروەترین بەرهەمی ئەوە. لەلایـەکی دیکەوە گەوهـەری هزری ئەو بەتایبەتی لەوشتەی پانتـاییو رێککەوتـەییو لاوەکی دێتە بەرچاو، دەبینرێ.

---

[1]- Genealogy of Morals.

[2]- Antichrist.



# تێگەیشتن لەبەرهەمەکانی نیچە

## مێتودە باوەکان لەراڤەی نیچەدا

هەتا ئێستا لەراڤە ئەدەبییـەکان لـەبۆ نیـچە، کەمایەسـییەکی بنـەڕەتی هـەبوە: راڤـەکاران گوایـە لێبڕاوانـە کـۆی ئەگـەرە هـەبوەکانیان بـۆ هایـدنو مـرۆڤ ناسـیوەو لەسـەر ئـەم بنەمایـە نیچە یان لەفلاّنـە چەشـنی گـشتی گونجانـدوەو بـەتێکڕا ئـەویان لەژێر ناوی گوتەزایەکی دیاریکراو جـێ کردۆتـەوە. گـەورەترین هەڵـە ئـەوە بـوە کـە نیـچەیان لەپلـەو پایـەی شـاعیرو نوسـەردا پەسن کردوەو هەڵبەت وەکو فەیلەسوفێك چاویان لـێ نـەکردوە. هەڵەیـەکی دیکـە ئـەوە بـوە کـە ئـەویان تـەنیاو تـەنیا بـە فەیلەسوفێك وەکو فەیلەسوفانی رابردو زانیوەو بەهەمان پێـوەر هەڵیان سـەنگاندوە. بـەڵام راڤـەی راسـتەقینە، ناچێتە نێـو ئـەم گوتەزایەوەو دزە دەکاتە نێوەوە، لەهەمان کاتدا کە هـەموو ئـەو شـتانەی مەبەسـتە کـە فـامکراون، بـەمێتۆدی پرسـیارو وەڵام دەچـێتە پێـشێو لـەم رێگایـەوە بەشـێوەیەك لەشـێوەکان بـە پرۆسـەی رکـێش کـردن چـاوگە دەبەخـشێ، کـە مەرجـەکانو سـنورەکەی لـەوەوە بەدەسـت دێ. راڤـەی درۆزنانـە لـەوەی کـە باسکرا، بابەتی راڤە تەریك دەخاتەوەو لەدەرەوە بۆی دەڕوانێو

دەبێتە هۆی ئەم ساوێرە چێژ بەخشە کە تاوتوێی گشتیی بە ئەنجام گەیاندوە. راڤەی راستەقینە ئامرازێکە بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئەگەری چوونە نێو مەسەلەکەو سەرقاڵبوون لەگەڵیدا.

ئەم میتۆدانەی خوارەوە هەموویان پاساودارن ئەگەر سنوردارییەکەیان لەبەرچاو بگیرێت، وەلێ چەوتن ئەگەر بەشێوەیەکی رەها بەکاربێن‌و بە زۆری‌و زۆرجاران لەراڤە گومڕا کەرەکاندا وەبەرچاو دەکەون:

١ـ تیۆرییە دیاریکراوەکان: نیچە جیا دەکەنەوەو سیستمێك لەوان دروست دەکەن‌و بەشیتەڵکاری‌و رونکارییان وەکو دەسکەوتێکی راستەقینەی ئەو سەرقاڵ دەبن. بەم چەشنە هزری تەوەری‌و یەکگرتوو بەخش لەکۆی سیستم وەکو ویستی ئاراستە کراو بۆ هێز دەناسێنرێت، کە ئەگەر ئاخێزگەو خاڵی رێ رۆیشتن بێ، بەلاوەنانی حاڵەتەکانی شاگەشکە بوون‌و بێخودبوونی عیرفانیی نیچە و پشتگوێ خستنی تیۆریی گەڕانەوەی هەرمانیانەی لێ دەکەوێتەوە. هەندێ کەس راستیەکە لەوێنای نیچە لەژیان‌و لابردنی دەمامك لەرووی ویستی ئاراستەکراو بۆ هێز دەزانن کە ژیان خاپوردەکاو (لەئەنجامدا دۆش دادەمێنن کە چۆن دەلوێ نیچە ویستی ئاراستەکراو بۆ هێز بەژیان دابنێ‌و وێنایەك کە خۆی هەیبوە وردوخاش بکا). کەسانی دیکەش هەقیقەت لەدەروونناسیی لەقاودەرانەی نیچە دەبیننەوە کە هەموو شتێك لەخۆدەگرێ‌و کەوابوو، وێنای هەر جۆرە بەریانێکی ئەرێنی لەودا بە



پوچەڵکراوە لەقەڵەم دەدەن. بێگومان هەریەکە لەم رێدۆزانە جۆرە تۆکمەییەك لەتێفکرین‌و بیرکردنەوەی نیچە ئاشکرا دەکەن، وەلێ خۆی لەخۆیدا نەك سەرلەبەری تێفکرین‌و بیرکردنەوەی ئەو.

٢ـ کەسایەتیی نیچە لەوێنەیەك (یا روخسارێك)دا کورت دەکەنەوە کە دەڵێن خودان تۆکمەییەکی نێوەکییەو کۆی چارەنوسی ئەو دیار دەخات‌و دەبێ جوانیناسانە لێی بڕوانیت. یەکێك لەو باوەڕەدایە زەینییەتی تایبەت بەخۆی، واتە چارەنوسی حاشا هەڵنەگری رۆحی بلیمەتێکی گیرۆدەی تەنیایی رۆژ بەرۆژ رو لەزیادبوون، جوان‌و دلڕفێنە. بەڕای ئەویدی، نیچە نموونەی چارەنوسی بەرهەستە، واتە چارەنوسی مرۆڤێکی راستەقینە لەقۆناخی گوێزرانەوە لەچاخێك بۆ چاخێکی دیکە، کاتێك کە ئەمڕۆ پوچ‌و بێ کاکڵە بۆتەوەو سبەینێ هێشتا وەڕاست نەگەڕاوە. ئەگەر وەهای بۆ بچین، نیچە دەبێت بە گوشراوەی قەیرانی ئەوروپا لەقاڵبی روخسارێکی مرۆیی کە دەبێ لەژێر پاڵەپەستۆی دۆخێکی هەنوکەیی وردوخاش ببێ، لەهەمان کاتدا کە بەچاوانی وردبینەوە ئەوەی کە ئێستا هەیەو ئەوەی دەلوێ، لەهەمان کاتدا لەدوارۆژدا رودەدا، وەسف دەکا. یەکەمیان لەسەر ئەوشتەی لەڕوی دەرونییەوە سەرنجڕاکێشە جەخت دەکا، دوەمیان وەها دەئاخفێ کە گوایە هەموو شتێك دەزانێ‌و چاودێرێکی یەزدان ئاسایە کە تێکڕاو سەر لەبەری مێژووی مرۆڤو پێگەی نیچەی لەودا لەژێر چاودێری داناوە.

هەردووکیان وای بۆدەچن راڤەکانیان لەمەڕ نیچە راستە، وەلێ بینایەکی پڕحەژمەتی درۆزنانەیان سازداوە کە ناهێڵێ بەخودی نیچە بگەن‌و لەئەنجامدا هەرگیز لەبزوێنەرێکی تایبەت بەکەسایەتییەکی بەهێز کە لەبەرکەوت لەگەڵیدا دەرەخسێ، ئەزمونێك وەچنگ ناخەن.

٣ــ بەگشتی نیچە لەپرشنگی سیمبۆلگەلی ئەفسانەیی لەبەرچاو دەگرن بەڵکو بەو واتایەکی هەرمان‌و رۆنانێکی پتەو لەمێژوودا ببەخشن. بۆ نموونە هەندێك کەس دەکەونە ژێر باندۆری "یەهودا"وە کە نیشانەی نەرێنی روانیی دیالکتیکیی تەواوو کت‌و متی نیچەیە، یا وێنەی شاسوارێك کە لەنێوان مەرگ‌و ئەهریمەن راوەستاوەو نوێنەری بوێریی ئەو لەبەرامبەر بێ هیوایی‌و وەڕس بوونەو... هتد.

بەڵام ئەم سیمبۆلانە هەر کە بوترێ لەئاستی کایەیەکی خۆش‌و هۆشمەندانە تێپەڕن، ئیدی راستگۆیانە نابێت، چونکە کێشەکان زیاترو لەرادەبەدەر سادە دەنوێنن‌و جووڵە پەك دەخەن‌و لەجێی پەیڕەوی لەنیچە بەو چەشنەی کە لەڕاستیدا هەیە، ئەو دەکەنە ملکەچی دیترمینیزمێکی فرەگرەوە. هەڵبەت نیچە خۆیشی هەندێ جار لەم جۆرە سیمبۆلانە بەکاردەبات، بەڵام تەنیا وەکو ئامرازێك لەنێو ئامرازەکانی دیکە بۆ رۆشنکردنەوەی بابەت.

٤ـ بیرو رەفتارەکانی نیچە لەدیمەنگەی دەورنناسییەوە روون‌و بەیان دەکەن. دەڵێن ئەو شتەی لەڕوی بایەخ‌و هەقیقەتی هزرو



رەفتاری نیچە گرنگیی لێبڕاوی هەیە، ئەمەیە کە نیشان بدەین ئەو بەچ جۆرێ پێی گەیشت. هەڵبەت نیچە خۆیشی کاتێك پشت بە یەکبوونی ژیان‌و ناسین دەبەستێ‌و بەپێداگرییەوە دەڵێ سیستمگەلی فەلسەفی دەبێ بە بەڵگەی کەسێتی پێکهێنەرانی بزانی، لەڕواڵەتدا هێما بۆ مێتۆدی ناوبراو دەکا. وەلێ لەهەمانکاتدا رادەگەیەنێ:

"زۆرجاران وا دێتە بەرچاوم کە رەخنەگرانی من تاقمێك مرۆڤی پوچ‌و نەفس نزمن. تاقانە شتێك کە سەرنجیان رادەکێشێ ئەوە نیە کە دەگوترێ، بەڵکو ئەمەیە کە من دەیڵێم‌و ئەو شتەی کە منی ناچار کردوە کە بیڵێم.... لەبارەی من داوەری دەکەن تا کاری من پشتگوێ بخەن: رەوتی کامڵبوونی بەیان و روون دەکەنەوەو پێیان وایە کێشەکە چارەسەر بوە".

ئەمە پێکناکۆکێك لەنیچەدا نیە، بەڵکو دەرخەری نەچوونە ژێر بارێکی سەرسەختانەیە لەلێکچواندنی وەرگرتنی ئەڤیندارانەی گەوهەری هزری ئەو کە دەبێ لەڕێگەی پشکێك دڵاگایی نێواخندۆزییانە (شهودی)و ئەشراق بە پێشینەی بوونی بگەیت، لەگەڵ تێگەیشتنێکی دەورنناسانەی هەوەسبازانە کە لەهەمبەر هایدنی راستەڤینەی ئەو چاوی نوقاندوە. دەروونناسی خۆی لەخۆیدا لەئەشراقی پێشینەی بوون کەمتەرخەمە. بۆ نموونە، لەسەر بنەمای ئەمە کە نیچە پرۆفیسۆرێکی رەنجاوو پرپەژارە بوو و بەم هۆیەوە، تورەیی‌و کینەی لەدڵدا هەبوو، یا بەهۆی لاوازی جەستەیی‌و پشێویی کۆئەندامی دەمار درندە خوو بوونی

پەسن دەكرد، یاخۆ لەسەر كۆڵەكەی ئەم گریمانە كە تێڕوانینی ئەو بۆ بیسمارك‌و خەڵكی ئاڵمان‌و مشت‌و مڕە بریقەدارو پڕهەراو هوریاو نوسینە جەنجاڵییەكانی بەرهۆی بەرخۆدان بۆ بەدەستهێنانی هێزو بڕشت بوو، ناتوانی هزری ئەو راڤە بكەیت‌و لەخوو خدەو سروشتییەوە نزیك بیتەوە. ئەم میتۆدە زیاتر لەوەی كە تێگەیشتنی هەرچی زیاتری لێ بكەوێتەوە، بەسوكایەتی‌و بێ رێزكردن دەگات‌و كۆتایی پێدێ. بەڵام بەهەرحاڵ، گرنگ نیە كە دەیەوێ چ شتێك بەسەر بكاتەوە، چونكە تەنانەت كاتێك كە میتۆدێك درۆیینەو بێ بایەخ نیەو تێگەیشتنمان لەنیچە زیاتر دەكا، خاوەنی ئەم گڕوتین‌و وزەیە نیە كە بتوانێ سروشت‌و خدەی راستەقینەی نیچە رۆشن‌و روناك بكاتەوە. مەسەلەكە ئەمەیە كە ئایا دەتوانرێ میتۆدێك بەمەبەستی راڤە دابهێنێ كە لەم چوار شێوەیە نەك وەكو ئامانجگەلێك لەخۆیەتیی خۆیدا، بەڵكو ئامرازو كەرەستە گەلێ بۆ دەرخستنی نیچەی راستەقینە كەڵك وەربگرێ؟ بە پێچەوانەی سیستمە ئەفسانەیی (شێوەی یەكەم) یا گەلاڵە پوختەكان لەكەسایەتی‌و رەفتار (شێوەی دوەم) یا سیمبۆلگەلی ئوستورەیی (شێوەی سێهەم) یا روونكردنەوەی دەروونناسی (شێوەی چوارەم)، میتۆدی جێی مەبەستی ئێمە دەبێ بتوانێ لەمپەرەكانی سەر رێگای دیدی ئێمە لابەرێت تاكو بەگەوهەری راستەقینەی (نیچە) بگەین‌و بە بەشداری كردن لەودا گەیشتنە ترۆپكی پێگەیشتن بەخۆمان ببەخشین. گەروا بكەین، لەجێی



ئەوەی سەروكارمان لەتەك بابەتگەلی فەلسەفی‌و ئەدەبی‌و ژیاننامەیی پەتی بێ، كە لەنیچەوە بۆمان ماوەتەوەو لەجێی ناسینی ئەو وەكو هەر كەسێكی دی، دەچینە نێو جووڵەی راستەقینەی نیچەوە.

ئاریشەی راستەقینە، پەیدا كردنی خاڵی دەسپێكی وەها دەورەدانێكی راستەقینەیە. بۆ ئەم مەبەستە، نیچە لەئاستێكدا جێ دەگرێ كە ژێدەرەكان‌و سنورەكان دێنە قسەو هزر وێنەو سیستمی دیالێكتیكی‌و شعر هەموو بە چەشنێكی گونجاوو شیاو دێنە دەربڕین. ئەو كات نیچە لەقەڵافەتی پیاوێك دەردەكەوێ كە لەبەر ئەوەی سەرتاسەری خۆی لەگۆڕێدایە، وەرگرتن‌و تێگەیشتنێك كە لەهایدن‌و فامێك كە لەخۆی هەیەتی لەڕاستی‌و لەچیەتیی خۆیدا دەتوانێ بگوازێتەوە.

## چۆن دەبێ نیچە بخوێنیتەوە

لەمەڕ زۆربەی فەیلەسوفان بەداخەوە خوێنەران لەجێی خوێندنەوەی بەرهەمەكانیان، كتێبگەلێ لەبارەیانەوە دەخوێننەوە. لەمەڕ نیچە، ئەم مەترسییە هەیە كە نوسینەكانی ئەو چونكە لەڕواڵەتدا ئاوەها بەم چەشنە شیانی تێگەیشتن دێنە بەرچاو، هەڵەشە بخوێنرێنەوە.

ئەگەر پێشنیار بەخوێنەر بكەین كە بۆ نموونە بەرێكەوت لاپەڕەی كتێبەكانی نیچە هەڵداتەوەو ببینێ ئارەزووی بۆچی

دەچیٚ‌و هەرچی کە چێژی لیٚ وەردەگریٚ بخوێنێتەوە بەگشتی لەرێگەیەك کە بە نیچە دەگا دور دەکەوینەوە.

نیچە خۆی دەپرسیٚ: "خراپترین خوێنەر کەسێکە کە وەکو سەربازانی تالانچی رەفتار دەکا تۆزقالێك لەوەی کە دەتوانیٚ سودی لیٚ وەربگریٚ هەڵدەگریٚ، باقییەکەی دەکات بە دەسرۆکەیەکی چڵکن‌و تێکەڵ‌و پێکەڵیان دەکاو هەموو تێك دەدا". "من لەو خوێنەرانەی کە وێڵ دەسوڕێنەوە بێزارم".

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر کەسێك پێی وابیٚ کە دەبیٚ هەموو شتێك بە پەلە بخوێنێتەوە تاکو بەسەر گشت بابەتەکاندا بالادەست بیٚ، ئەویش بەهەڵەدا دەچیٚ. نیچە "مامۆستاو فێرکەری هێواش خوێندنەوە"یە. دەنوسیٚ: "زەوق‌و چەشەی من ئیدی ئەمە نیە هیچ شتێك بنوسم، مەگەر ئەوەی ئەو شتەی کە مرۆڤی بەپەلە دۆش داماو‌و وەڕس بکات"و لەپەسنی فیلۆلۆژیدا دەنوسیٚ: "(فیلۆلۆژی) خەڵك فێر دەکا کە دروست بخوێننەوە، واتە هێواش‌و قووڵ، بە سەیر کردنی پاش‌و پێش، بەپەرێزەوە، بەقامکان‌و چاوانی هەستیار‌و زراڤ‌و لەحاڵێکدا کە دەرگاکانی (زەین)یان ئاوەڵا هێشتۆتەوە" لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەبیٚ لەرێگەی پەیڤ‌و رستەو هەمدیس وێژی، بە چاوگەی بەرایی هزر بگات تا لەهەژانی راستەڤینەدا بەشداربیٚ، نیچە جارێکیان بۆگاسێت لەڤینیزدا نوسی: "هەر کە کتێبی ئەلەند[1] بەدەستت گەیی، چاکەیەکی دیکەشم لەگەڵدا بکە:

[1] The Down.



رۆژێك لەگەڵ خۆت بیبە بۆ (پلاژ) لیدۆ سەرلەبەری پەرتوکەکە بخوێنەوەو هەوڵبدە گشتێك، واتە دۆخێکی سۆزو حاڵ، بۆ خۆت بەرەخسێنی". (نامەی ٢٣ی ژوەنی ١٨٨١ بۆ گاسێت).

خوێنەر یەکەمجار کاتێك پەی بە گیرو گرفتەکانی سەر رێگای دەبا کە گوتە وەراستگەڕاوەکان - بەلام لەرواڵەتدا پارادۆکساڵ - پێکەوە بەراورد بکا. خوێندنەوەی نیچە تەنیا بەمەرجێك واتا پەیدا دەکا کە درنگ یا زوو وەها بەرکەوتێك لەتەك سەرچاوە کە بێتە دی، چونکە "دۆخی سۆزو حاڵێك" کە نیچە خوازیاریەتی، سەرچاوەو ژێدەرە، نەك ئامانج. کاری راستەڤینەی خوێنەر لەم خاڵەوە دەست پێدەکا.

## بنەواشەکانی راڤە

کاتێك تێفکرینەکانی نوسەرێك گرنگییەکی رەها پەیدا دەکەن، ئیدی رەوا نیە کەسێك تەنیا رستە گەلێك کە لەتەك بیروباوەڕی خۆی یەکانگیرە جیا بکاتەوەو سەرباقی پشتگوێ بخا. بەپێچەوانەوە، دەبیٚ هەروشەیەك شێلگیرانە لەقەڵەم بدا. هەڵبەت مەبەست ئەوە نیە کە هەموو گوتەکان بایەخی یەکسانیان هەیە. جۆرە ریزبەندییەکی پلەییان هەیە کە ناتوانی بە هیچ پێوەرێکی پێشتر وێناکراو پێی بگەیت، چونکە لەکۆی دەستڕانەگەیشتوی هزری نوسەرەوە چاوگە دەگرن.

راڤە لەڕێگەی گرێدانی گوزارە بنەڕەتییەکان بەیەکدی دێتە دی. ئەم شێوە کارکردنە پشکێك لەئاراستەدانی گشتی بەژێدەر دەبەخشێ، جا چ لەوەی کە لەرەوتی راڤەدا پەسەند بکرێ یاخۆ بگۆڕدرێت، زەینی پرسیارکەر خوێنەر بەرەو هەڵێنجانێکی لێبڕاو و بنەڕەتی رێنوێنی دەکا. ئەم هەرامەیە لەمەڕ نیچە زیاتر لەهەر فەیلەسوفێکی دیکە وەڕاست دەگەڕێ، یەکەم لەبەر پچڕ پچڕ بوون‌و پەرەوازەیی بەرهەمەکانی ئەو، زیاتر لەهەمووش لەبەر ئەوەی کە هەریەکە لەهزرەکانی نیچە بەبێ ناوێزە ناڕاستەوخۆ لەنێوان دوو جەمسەردا لەبزاوت دایە کە یەکێکیان بەشێوەیەکی رەها پۆزەتیڤ‌و ئەویدی بەشێوەیەکی رەها نیگەتیڤ دێتە بەرچاو .

مەبەستی نیچە نەك بە ویستی ئاراستەکراو بۆ خاوەندار بوونی هەقیقەت بەشێوەیەکی نەگۆڕو بنەتایی، بەڵکو تەنیا بە ویستی ئاراستە کراو بۆ هەقیقەت دەتوانێ رکێش بکەیت کە لەقووڵاییەوە هەڵدەقوڵێ‌و لەهەوڵدان بۆ گەیشتن بە قووڵاییەو ئامادەی بەرەو رووبوونەوە لەتەك هەر پرسیارێك‌و درِدۆنگییەکەو دەرگا بەروی هیچ شتێك داناخاو توانای دان بەخۆداگرتنی هەیە.

هەر گوتەیەك (لەنیچە)دا لەڕواڵەتدا گوتەیەکی دیکە پوچەڵ‌و نەلواو دەکا. پارادۆکس توخمی بنیاتیی هزری نیچەیە. تاڕادەیەك لەبەرانبەر هەریەکە لەداوەرییەکانی ئەو، داوەرییەکی دیکەی دژیەك لەگەڵیدا دەتوانی بەدی بکەیت.



مرۆڤ ئەم هەستە دای دەگرێ کە ئەو لەبارەی هەموو شتێکەوە دوو باوەڕی هەیە. کەوابوو دەلوێ لەپەسەندکردنی هەرشتێك کە دێتە زەینمانەوە، دڵخوازانە بابەتێك‌و قسەیەك لەنیچە بگێڕینەوە. هەر لەکونزێرڤاتیڤەکان‌و شۆڕشگێڕان‌و سوسیالیستەکان‌و تاکگەراکانەوە بگرە تا ئەو گروپگەلەی گوێ بە سیاسەت نادەن، وەکو زانایانی میتۆدیك‌و خولیاوانانی ئارمانجخوازو بێ باوەڕان بەخواو بڕواداران‌و هزر ئازادان‌و روکار هزریوان ـ هەموویان توانیویانە لەهەلی شیاودا خۆ بە نیچەوە هەڵواسن‌و پەنای بۆ بەرن.

لەم رووەوە، زۆر کەسان گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە نیچە لیوڕێژە لەپشێوی‌و هەرگیز شێلگیرنیەو دڵی لەگرەوی ئارەزوو ئاڵۆشەو پێی ناوێ کەسێك خۆی بە زۆرویژی‌و هاتەران پاتەرانەکانی خەریك بکا.

بەڵام هەروەها ئەو ئەگەرەش هەیە کە سەروکاری ئێمە لێرەدا لەگەڵ پارادۆکسە هەرە پێویست‌و لێ دەربازنەبوەکان بێ. رەنگە گوزارە گەلی پارادۆکساڵ کە وەکو جێگیرەوەی یەکدی دێنە گۆڕێ‌و ئەگەر بە تەنیایی تۆمار بکرێن بەڕای خوێنەر ئاقلانەو ئاشنا دێنە بەرچاو، لەڕاستیدا سادەسازیی گومڕاکەری هایدنن.

ئەگەر (verstand)[1] خۆی لەخۆیدا لەبەر ئەم هۆیە مەحکوم بێ کە لەڕواڵەتی هایدن تێ ناپەڕێ، کەوا بوو دەلوێ هایدن بەناچار لەڕێگەی پێشێلکەرەکانەوە دەربکەوێ. ئەم هەرامەیە بە تایبەتی لەمەڕ کەسانێکەوە وەڕاست دەگەڕێ کە لەپەیجۆری هەقیقەتی ڕێژەییەوە هەوڵی بێ وچان دەدەن، بەڵام تەنیا بە یارمەتیی ئاوەزی تیوریك تێدە هزرنو لەو شتەی کە ئاوەزی تیۆریك پێی دەگات قەتیس دەبنەوە. بابەتێك کە بیناسینو لێی وە ئاگا بینەوە وادەخوازێ کە پارادۆکس بەم چەشنە پێك بێت، پارادۆکس لێرەدا نیشانەی هەقیقەتە، نەك بێتوانایی فیکری...

لەنیچەدا زاڵبوون هیی بڕێك لەهزرەکانە کە لە تافی لاویدا دەبینرێنو سەرەڕای داشکاندنو دابەزاندنی بنیاتی، کەم تا زۆر نەگۆڕ دەمێننەوە. سەرتاسەری ژیانی نیچە بەشێوەیەکی فەنتازیك لێورێژە لەم چەشنە هزرانە کە ژمارەیان لەهەموو بیرەکانی دیکە زیاترە. سەرباقی بیرەکان یەکەمجار لەئەنجامی دابڕانە لەناکاوەکان لەرەوتی بەکامڵبوونی بیرمەند دێنە دی. پاشان بڕە بیرگەلێکی دەگمەن هەن کە پاش قۆناغێکی کورتخایەن کە خۆدەنوێنن، بەزویی فەرامۆش دەکرێن. بەڵام ئەم جۆرە هزرانەش دەبێ لەپرۆسەیەکی گەورەدا رکێش بکرێن

[1]ـ تێگەیشتن (understanding) بەواتایەك کە کانت دەیەوێ، واتە وزەیەك کە ناسینی (زانستی)ی ئێمە لەجیهان بەوزەی ئەوەوە بەرهەڤ دەبێ ئاوەزی تیۆریك لەبەرامبەر ئاوەزی کردەکیو پراکتیکی. (و. فارسی).



کە هەم چاودێری سیستمی فیکری نیچەو هەم پێشهاتەکانی ژیانی ئەون، چونکە کەتواری هایدنی مرۆڤ وا پێویست دەکا کە قووڵترینو راستەقینەترین سیستمی فیکریی ئەو لەقاڵبی کاتدا روخسارو دەرکەوت پەیدا بکا.... تاوتوێی هزری نیچە (بەپێچەوانەی زۆربەی فەیلەسوفانی گەورە) ئەوەی گەرەکە کە بەردەوام بەرکەوتی خۆی لەتەك کەتوارەکانی ژیانی ئەو بپارێزێ. بۆ دۆزینەوەی ئەو نیوەرۆکە فەلسەفییەی کە وەکو هەڵقەیەکی رانەپسکاو لەنێوان ژیانو هزری ئەو یەکبوون دروست دەکا، دەبێ ئەزمونگەلو کرداری ئەو لەبارودۆخە هەمە چەشنەکان لەبەر چاوبگرین. پێوەندیی دووسەرەی نێوان ئەم دوانە دەتوانی لەدەرکەوتی دەرەکیی هەندێ هزرو وێنەکان لەبەرهەمەکانی ناوبراو بدۆزیتەوە. دەبێ لەرێچکەی ژیانی ئەو تێهزرین تا پەی بەپرۆسەیەك بەرین کە لەودا هەرچییەك ئەو نوسیویەتی خاوەنی پێگەی تەرخانکراو بەخۆیەتی. هیچ خوێندنەوەیەك لەخووخدەو حاڵاتی نیچە واتایەکی نابێ تا کاتێك کە روداوەکانی ژیانی ئەو لەجیهانی بیرەکانیدا ئاوێتە نەبن. کاتێك کە ئەم دوولایەنە لەیەکدی جیا بن، تەنیا دەلوێ لەئەنجامی گردکردنەوەی کەتوارگەلێ کە لەژیانی هەر مرۆڤێکدا رو دەدەنو چێژوەرگرتن لەقارەمانێتی ژیانی راستەقینە، هەستی کونجکۆڵیی ئێمە لەدیدی دەروناسییەوە تێردەبێ، یا بە بیرگەلێ کە لەکەسایەتیی بیرمەندەوە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەرچونە، مۆركی راستیگەلی هەمیشەییو هەرمان یا گەمژەیی پەتی بلكێنرێت....

ناتوانی نیچە بەم مەبەستە بناسێنی كە خوێنەر ناسینێكی چڕوپڕو  هەمە لایەن لەو بەچنگ بێنی. ئەو نە لەڕێگەی كێشانەوەی پوختی كەسایەتیەكەیو نە لەڕێگەی دانەپاڵی سیستمێكی فەلسەفیی كامڵو تەواو بەو، هەرگیز بەخاڵێك ناگا كە لێبڕاوانە بێو بزاڤ لەودا كۆتایی پێ بێ. لەم رووەوە تەنیا دەلوێ بەكۆمكارێكی پەرەوازە لەهزرەكانی ئەو یا چەند لایەنێكی دیاریكراو لەبوونی ناوبراو دەستمان رابگات. تا كاتێك كە كەسێك بیەوێ ئەو بە تەواوی لەهەلۆێستێكی جێگیردا رابگرێ، هەوڵدان بۆ فامكردنی ئەو بەناچار بەهەرەسو تێكشكان كۆتایی دێ. نیچە تەنیا بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی بزاوتیەوە بۆ ئێمە ئاشكرا دەبێ. كەوابوو ئێمەش دەبێ بەهۆی بزاوتێك لەلایەن خۆمانەوە لەو تێبگەین، نەك لەڕێگەی قووڵبوونەوە لەشتێكی سیستماتیكو بیچمگرتوو. نالوێ تەنیا بە ركێش كردنی بیرەكانو لە كەتوارەكان پەی بەوە ببا كە ئەو لەڕاستیدا كێیە، هەر كەس تەنیا بەهەوڵدانی تاكەكەسیو لەگەڵ پرسیارگەلی رەخنەگرانەی خۆیو لەڕێگەی خودی نیچەوە ئاشكرا دەكا كە نیچە بەلای ئەوەوە چ واتایەكی هەیە.

لەسەرمانە كە لەگەڵ دوركەوتنەوە لەدیدو بۆچونێك كە نیچە لەروانگەی دیاریكراوەوە قەتیس بكاتەوە، بەردەوام



مەکتەبی بیروهۆشیاری

پێشوازیكەری باندۆرو بڕشتی ئەو بمێنینەوەو هەلێنجانێك بەچنگ بێنین لەچاوەڕوانییەكانو داخوازە بەرزەكان كە ئەو دەیهێنێتە گۆڕێ. دواجار دەبینین كە نیچەی ناوێزە لەفامكردن نایەت، كە بێ ئەوەی پارادایمێك بۆ لاساییكردنەوە بێ، باندۆرێكی وروژێنەرو زیندوكەرەوە لەسەر كەسانی دیكە دادەنێ ـ ئەوانی دیكە كە خۆیان ناوێزە نین، ئەو كات بێ ئەوەی ئاگامان لێ بێ دەپرسین چۆن دەلوێ كەسێك كە خۆی بە هیچ شێوەیەك نوێنەرو بەركوتێك لەخەرمانێك نیە، ئاوەها واتاو گرنگییەكی ژێر ركێف هێنەر پەیدا دەكا كە گوایە گوتە بێژی هەموو مرۆڤەكانە؟

## مێتودی ناساندنی نیچە

ناساندنی نیچە دەبێ بەو ئامانجە ئەنجام بدرێ كە بیرگەلی بنەڕەتیی بەڕاستی فەلسەفیی ئەو ئاشكرا بكرێ، راستە كە تێفكرینی نیچە شێوەی میتۆدۆلۆژیكو تەكووزمەندی نەبوو، بەڵام بیرەكانی بۆ ئەوەی بناسرێن، دەبێ لەجۆرە چوارچێوەیەكدا جێ بگرێ. گەرچی رۆڵی یەكەم بەهیچ هزر یا چەمكێك بە تەنیا پەیوەست نابێ، بەڵام لەپشتەوەی زمانی لێوڕێژ لەتەڕوتازەییو هەژیان، بەو مۆسیقاو ریتمیك پەسەندیی ئاخاوتەیە، پێكهاتەیەكی بنەڕەتیو چەمكی شاراوەتەوە كە دەبێ پەردەی لەسەر لاببەیت. دوو پاتبوونەوەی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

زمانی پڕهەستی ئەو بێهودەو بێ واتایە، چونکە دەبێ بەهەرحاڵ خودی نیچە بخوێنیتەوە. لەجێی ئەوە دەبێ وەك دەوترێ ئێسکەبەندی هزرەکانی ئەو ئاشکرا بکەین، تا بەرە بەرە هەرکە نوسینەکانی ئەو دەخوێنینەوە، بە تێگەیشتن لەهەمبەری لۆژیکیو کەوشەنناسانەی جێی سەرنجی خۆی، باشتر کامەران بینو بەم چەشنە بنمیچی پشکێك تێفکرین لەخۆمانیشدا بەشێوەیەکی رەخنەکارانەی راستەقینە (واتە داهێنەر) ڕۆبنێین....

کاتێك کە هزرەکانی نیچە هەموویان لەیەك جێ کۆبکەینەوە، سەرهەڵدانی ناکۆکی حاشا هەڵنەگرە، وەلێ ئەم کارە، رەخنە لەخۆگرتنو خۆهەڵسەنگاندنە شاراوەکانی ئەو ئاشکرا دەکا. دەتوانین تا هەمیشە لەبارەی راستیو چەوتیی گوتە دەستنیشانکراوەکانی نیچە باس بکەین، بەڵام بەم کارە، لەو تەنیا وەکو بابەتی گفتوگۆ کەڵکمان وەرگرتووەو لەگەڵ خۆیدا ئاشنا نەبووینە. تا کاتێك کە ئەم نەسازانو نایەکانگیریانەو سنورەکانو هەڵدێرەکان لەئاخنەی کۆی بزاوتی هزری ئەو ئاشکرا نەبن، رەخنەکاری نالوێ. نیچە خۆی ئەم کارەی لەبنەڕەتدا ئەنجامدا، چونکە رەخنەکاری لەخودێتییەکان راستیەکە کە ئەو پابەندە پێی ـ راستیەك کە بەردەوام دەیەوێ لەخۆی بانتربچێو بەرەو پێشەوە بڕوات.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەسترانەوەی تێگەیشتن بە سروشتی راڤەکار

یەکانگیر لەگەڵ نیازەکانی نیچەو وێنای ئەو لەهەقیقەت، چۆنایەتیی تێگەیشتنی دیاریکراو (لەکاروبارەکان) ئاشکرا دەکا کە ئەو چۆن کەسێکە. لەم پێناوەدا، نیچە لەپەیجۆری خوێنەرانێکە کە پەیوەست بەوبن، نەك تەنیا هەر خوێنەرێك.... بۆ راڤەی راستەقینە چ شتێکمان گەرەکە؟ بەباوەڕی نیچە "هەر کات شێوەی بیرکردنەوە سوكو چروكو نەفس نزمانە بێ، فێرکردنی هەقیقەت مەحاڵە". هەر کەسێك کە لەتەك ئەو هەست بە نەیاری بکا، لەفامکردنی هەڵوێست، کەوا بوو، بەڵگەهێنانەوەکانی دۆش دامان دەبن. ناتوانێ لەوە تێبگا مەگەر ئەوەی "قوربانیی هەمان سۆزو هەڵقوڵانو خرۆش" بێو لەناخی خۆیدا "درەوشانەوەو ئاگری ئەلەند"ی ئەزموون کردبێ، نیچە دەڵێ: "من تەنیا دەتوانم ئاگادار بکەمەوەو وەبیربخەمەوە: من لەوە زیاترم لەدەست نایەت". نیچە دەڵێ ئەمە کە کەسێك توانای تێگەیشتن لەمنی هەبێ "دەسەرو قانێکە کە دەبێ بە شایانییەوە وە دەست بێ".

ئەو دەیەوێ بیرەکانی گەمارۆدراو بن "تا بەرازەکانو خولیاوانان نەیەنە نێو باخچەکانی منەوە" پێشبینی دەکا کە لە "هەڤاڵانی مشەخۆر" مەترسیگەلی گەورە ئاخێز دەکەن. مشەخۆرانو بێگانان لەخۆی دور دەخاتەوەو دەیان رەتێنێو "مەیمونی (لاساییکەرەوە) زەردەشت" بەگاڵتە دەگرێ. بەهۆی

یەکەمین ئەزمونەکانی چەوت تێگەیشتن لەبیرەکانی،"دەترسێ لەکەسانێك کە هیچ کارامەیی‌و شایانییەکیان لەدوا ڕۆژدا نیەو (لەوەش دەترسێ) بانگەشە نارەواکانیان بە بەڵگە هێنانەوە لەمن پشتڕاست بکەنەوە" (نامەی ژوەنی ١٨٨٤ بۆ خوشکەکەی).

کەوابوو وا پێویست دەکات کە مرۆڤ خۆی بەمەرجێك پێی وابێ لەهزرەکانی نیچە تێگەیشتووە کە هاوشانی ناوبراو بێ. "خاڵی بەرامبەر، شێوەی بیرکردنەوەی ڕۆژنامەکانە، بەو واتایەی کە نرخاندن شتێکە هەموو کەسێك دەتوانێ خۆی بەخاوەنی بزانێ، واتە گریمان ئەوەیە کە هەموو کەسێك لەیەك پلەدایە". ئەمە کە "بەهاداوەرییەکان وەکو جل‌و بەرگ لەبەر دەکەن" سەرهەڵداوی "ئەم بیروباوەڕەیە کە هەموو شتێك دەکرێ لەلایەن هەموانەوە داوەری لەسەر بکرێت". ئەمرۆکە بەهۆی ڕوهەڵماڵراوی‌و بێ باکی ڕوحی سەردەم، گەیشوینەتە جێیەك کە ئیدی بە پوانە ڕۆحی‌و مەعنەوی‌و بە لەتێگەیاندن نەهاتنی دیدو بۆچونە بنەتاییەکان بڕوامان نیە. ئاگادار بوونی نیچە بەو دەسەڕو قانانەو پلەکان‌و ناسینی ئەو لەتێگەیاندن نەهاتنی بەرزترین کاروبارو سەرنجدان‌و هەستیاری ئەو بە هەبوونی سەربەخۆیی خۆی‌و کەسانی هاوشانی خۆی، بنیاتی کۆی بیرکردنەوەی نیچەیە.

نیچە پەیڕەوی نیە، بیرەکانی نیچە دەبێ نە بەڵگەمەند بە هیچ ژێدەرو بەڵگەیەك بزانی‌و نە بەشێوەیەکی ڕەها بڕوا پێکراو. کەوابوو بوون بە "دەروێشی" ئەو هەڵەیە. ئەم بەشە



لەخۆیدا تا جێیەك شیانی گواستنەوەو تێگەیاندنە کە کاردانەوەیەکی شیاو و تاکە کەسی لەوی دیدا بورژێنێ. لەم ڕووەوە، نیچە لەسەرەتاوە تاکۆتایی "پێغەمبەر" ڕێکە کە بەپێچەوانەی پێغەمبەرانی دیکە، هەموویان دەگەڕێنێتەوە بۆ خۆیان .

"ڕاستگۆیانە ڕێی خۆت بگرە بەر، ئەو کات پەیڕەوی لەمن دەکەی". "ئەو کەسەی کە بەهێزی خۆی بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ وێنەی من بە تیشکێکی درەوشاوەتر دەگەیەنێ". "ڕێگەی من ئەمەیە. ڕێگەی تۆ لەکوێیە؟" ئاوەها بوو وڵامێك کە بە کەسانێکم دایەوە کە سۆراخی "ڕێگە"یان لەمن دەپرسی. ڕێگە؟ وەها شتێك لەگۆڕێدا نیە! نیچە لەئارەزوی کەسانی سەربەخۆدایە. دەنوسێ: "من تەنیا هاودەم بوون لەگەڵ کەسانێکم خۆش دەوێ کە سەر نموونەی خۆیان هەیەو من ناکەنە نمونەی خۆیان، تا بەم شێوەیە من بکەنە بەرپرس‌و کۆیلەی خۆیان".

لەم ڕووەوە نیچە بەردەوام هەوڵی بەرتەکدانەوە دەدا. دەنوسێ: "دەمەوێ ئەو پەڕی بێ متمانەیی بەخۆم بورژێنم". "مرۆڤایەتیی خوازراو خۆی لەخۆیدا بەوەیە کە موریدەکانی خۆی بڕەتێنێ" زەردەشت لەکاتی ماڵاوایی لەموریدەکانی پێیان دەڵێ: "لەمن دورکەونەوە، خۆ لەزەردەشت دور خەنەوە" لەئەوەتانێ مرۆڤ[1] دا بەدوپاتکردنەوەی ئەم وشانە جەختیان

[1] - Ecce Homo.

لەسەر دەکریٚو ئەم رستەیەش بەدوایدا دیٚت: "لیٚرەدا ئەو کەسەی کە قسان دەکا دەمارگرژیٚکی ملکەچ نیە، هیچ کەسیٚك زمانپاراوی‌و ئاموٚژگاری ناکاو پیٚوستی بە هیچ ئیمانیٚك نیە".

تەنانەت سەرهەڵدانی نیچە لەقەڵافەتی "یاسادانەر" یەکیٚکی دیکە لەشیٚوەکانی ئەو بوٚ ئاخاوتن بە شیٚوەیەکی راستەوخوٚو بەم واتایە کە: "من بوٚ هەموو کەس یاسا نیم: تەنیا بوٚ کەسانیٚك کە پەیوەست بە من بن". وەلیٚ ئاماژەپیٚکراویٚکی دیکە، ئەو بەرخودان‌و بەربەرەکانییە کە کەسیٚکی دیکە کە بەڕاستی پەیوەستە بە نیچە، وای لیٚ دەکا بتوانیٚ خوٚی پەیدا بکاتەوە. نیچە دەنوسیٚ: "من هەندیٚ مافم کە خوٚم وەچنگم هیٚناوە، نادەمە ئەویدی، بەپیٚچەوانەوە ئەویش دەبیٚ وەکو من، ئەو مافانە بە زوٚر وەربگریٚ!.... ئەگەر هەرە پیٚویستبایە کە من یاسایەك دابیٚنم‌و رابگەیەنم کە هەمووان دەبیٚ بەشیٚوەو روخساری من دروست بکریٚن، تەنیا بوٚ ئەم مەبەستە دەبوو کە تاکە کەس بەهوٚی پیٚشیٚل کردنی ئەو یاسایە، توانای خوٚپەیدا کردنەوەو بەهیٚزکردنی خوٚی بەدەست بیٚنیٚ".

هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەم تیٚڕوانینەدا، نیچە نە دەیەویٚ حکومەت بکاو نەدەیەویٚ ببیٚتە قدیس. دەنوسیٚ: حکومەت؟ خوٚت بەسەر ئەوانیدی سەپاندن؟ لەمە سەیرتر وڕیٚنە نیەو نالویٚ! ئایا شادی بەوردی بریتی لەدیتنی زوٚر لەکەسانی دیکە (جیاواز لەخوٚمان) نیە؟ و دواجار: "لەمندا هیچ لیٚکچونیٚك لەگەڵ بناخەدانەرانی ئایینەکان‌و ئاینزاکان نیە. من



"ئیماندار"و "پەیڕەو"م ناویٚو بەڕای خوٚم، سیاکارتر لەوەم کە بڕوام بەخوٚم هەبیٚ. هەرگیز لەتەك جەماوەر نادوێم.... دەترسم لەوەی روٚژیٚك بیانەویٚ قدیسیٚك لەمن دروست بکەن.. ئەم کتیٚبە بەم نیازە نوسراوە کە کوٚسپی هەرچەشنە ئازارو زیانیٚك لەمن بیٚ".

## مەبەستی نیچە

مەبەستی نیچە چیە لەم دژبەرییەی نیٚوان پیٚغەمبەری‌و رەتاندنی ملکەچیی کویٚرکویٚرانە، فیٚرکردن‌و بت شکیٚنی‌و ئەو هەموو گوتانە کە لەسەروبەندی نەسك‌و پوچەڵکردنەوەی یەکدی، کت‌و مت کروٚکی بابەتەکە دەردەبڕن؟

کیٚ دەبیٚ جیٚی بناخەدانەرانی ئایینەکان‌و ئاینزاکان بگریٚتەوەو ئەو خوٚی دەیەویٚ لەلای کەسانی دەوروبەر لەچ پلەو پایەیەکدا بیٚ؟ درکەیەك لەبەرسڤی پرسیارەکان لەنوسینیٚك لەژیٚر ناوی "بلیمەتی بیٚدار دڵ"[1] هاتووە: "بلیمەتیٚکی بیٚداردڵ کە دەنگەکەی تا قووڵایی گیان دەگات، داناییەکەی بەرەمزەکان هیٚندە زوٚرە کە دەتوانیٚ ئەو شتەی بەڕای پەیڕەوەکانی زوٚرە ملیٚی زیادی بوٚ پەیڕەوی لەوە، هەردەم و ئان‌و ساتیٚك قووڵترو تەواوتر بیخاتەڕوو: بلیمەتیٚکی بیٚدار دڵ کە هەر هەراو هوریاو

[1]- "Genius of theawt"

لوت بەرزییەك فێری بێدەنگیو بیستن دەكا، گیانە تورەكان نەرم دەكاتەوەو لەشیلەی ئالۆشە تازەكان دەمیان شیرین دەكا، تابزانن كە چۆن وەكو ئاوێنە ئۆقرە بگرنو قووڵایی ئاسمان بنوێننەوە، بلیمەتێكی بێدار دڵ كە گەنجە شاراوەو فەرامۆشكراوەكان لەژێر سەهۆڵە تەڵخەكانو هەر تۆزقاڵە زێڕێك بەچەنە بازی پەیدا دەكا... بلیمەتێكی بێدار دڵ كە سەرقامكی ئەو بەسە تا هەموو كەس لێوڕێژتر، لێوڕێژتر لەخۆی.... و پشكوتوو ژەنراو بەگەرمای شەماڵو رەنگە دوو دڵ، وەلێ لێوانلێو لەهیواو ویستێكی تازە رەوانە بكات".

ئایا نیچە بە پەیداكردنی خوێنەرانی دڵخوازی خۆی كامەران بوو؟ نیچە كاتێك كە خۆی لاو بوو، هێشتا بڕوای بەلاوان هەبوو، نوسی: دەزانم كە ئەم هیوادارانە هەركە هەموو ئەم كۆمكارانە ببینن، تێ دەگەنو بە یارمەتی ئەزمونە تایبەتیەكانی خۆیان، لەقاڵبی تیۆریەكدا دایان دەڕێژن كە بەلایانەوە واتاو گرنگیی تایبەت بە خۆیانو تاكە كەسییان هەبێ، بەڵام هێشتا ئەوەندەی پێ نەچوو بوو كە هۆشداری بەلاوانی "پڕگڕو تینو تینوی باوەڕ"دا تیۆرییەكانی "بێ هەڵوەستە بەرێنوێنی ژیان تێ نەگەن، بەڵكو بە كێشەگەلێكیان بزانن كە دەبێ بەوردی هەڵسەنگێنرێن...." و لەكۆتاییدا، لاوانێك كە نوسینەكانی ئەویان خۆش دەوێو پەسنی دەكەن، بۆ ئەو دەبنە سەرباری خەم "چونكە وادیارە كە ئەمە، ئەدەبیاتێك بۆ لاوان نیە" نامەی ١٣ی مای ١٨٨٧ بۆ ئوربێك.



وەڕسو نا ئومێد، پاشان ئەو پەیجۆری هاودەم دەكاتو نوسینەكانی خۆی بە قوربانییەك بۆ ڕاوی كەسانی شیاو لەقەڵەم دەدا. بەڵام لەخوێنەرانی راستەقینە شوێنەوارێك نییە. نیچە هەروا لەسازان دوردەكەوێتەوەو ناسازیو درێژە بە لەقاودانی بانگەشە پڕوپووچو پوچەڵەكان دەداو لەراستگۆیی دەست هەڵناگریو رۆژ لەدوای رۆژ تەنیاتر دەبێ. لەهەمانكاتی پەیجۆرە پڕ سۆزەكان، بەئەنقەست ئەو كارو كردەوە لواوانەی كە دەكرێ وا بكات سەردەم لێی تێ بگا، رەت دەكاتەوە.

ناوبانگو ناوێكی بڵند كە نیچە بەدڵنیایی تەواوەوە بۆ خۆی پێشبینی دەكرد هاتە دی، وەلێ كاتێك كە ئەو تەنیا دەیتوانی دەسپێكەكەی ببینێ. ئایا لەو كاتەوە تا ئێستا، نیچە بەو جۆرەی كە خۆی دەیهەویست، فامكراوە؟ ئێمە هێشتا لەهەڵكەوتێكدا نین كە ئەم پرسیارە لێبڕاوانە ئەرێنی یا نەرێنی وەڵام بدەینەوە[1]. ئەو كارەی كە دەبێ بیكەین ئەمەیە كە بە باڵا دەست بوونو زاڵبوون بەسەریدا، ببین بە خۆمان. لەجێی خۆ بەدەستەوەدان بەم كەڵكەڵەیەو یاساكانی لەڕواڵەتدا راشكاوی خاوەن متمانە، هەر كام لەئێمە دەبی لەكاردانەوە بە تاقیكردنەوەی توانای نیچە، هەوڵ بدەین بە بەرزترین پلەیەك بگەین كە سروشتمان ئیزن دەدا. لەجێی پەیڕەوی لەبنەواشەو

[1] ـ یاسپرێس ئەم كتێبەی لەنیوەی یەكەمی دەیەی ١٩٣٠ نوسیوەو لەو كاتە بەدواوە تا ئەمڕۆ دەلوێ دۆخەكە گۆڕابی. (و. بۆ فارسی)

فرمانە دوگماتیڤە سادە کراوەکان، دەبێ لەڕێگەی ئەوەوە بەسانایی راستەقینە بە هەقیقەت دەستمان رابگات.



مەکتەبی بیر وهوشیاری

# نیچەو مەسیحیەت

## دەسپێك

خوێندنەوەی نیچە ئاسان خۆدەنوێنێ. ئەو بینینە ئاساییەکانی خۆیو درۆگەلێ کە ئاشکرای کردونو هروژمە تورەیی وروژێنەکانی بۆ سەر هەر شتانێك مرۆڤان رێزیان لێ دەگرنو پێشبینیەکانی خۆی لەبارەی چارەنوسی شومو مەرگبار کە نیهلیزمی ئەمڕۆیی زێدەبارییەتیو "جادوی توند ئاژۆیی" لەئاخاوتەو دیدو بۆچونە سەرترەکانی خۆی سافو بی پێچو پەنا هەنگاو بە هەنگاو ریز بەندی دەکا.

مرۆڤ دوستانی بڕوادار بە پەیامو هیرای (چاخی) رۆشنگەری بەدرۆ ئەویان بە یەکێك لەخۆیان ناساندوەو قوولاییان لەو ستاندۆتەوە. (!) نازییەکان کە بەریانی فیکریی ئەو هیچ خالێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەواندا نەبوو، بەشێکی هەرە زۆری وشەکانی خۆیانیان لەو وەرگرت. هەروەها لەو وەکو گەورەترین سەرچاوەی زمانو دەربڕینی نائومێدیی ئەمڕۆییو پێچ و پەنای گفتوگۆ گەلی نابەجێو بەدەر لەبەرپرسیاریەتیی بەناو روناکبیرانە کەڵك وەرگیراوە. بێگومان نوسینەکانی ئەو لەخشتەبەرو کەلکەلەورژێنە، بەلام هەموو ئەمانە واتای

دروستیان پێشێل کردوە. ئەوەی دەلوێ بێ بەزەییانەترین هێرش بۆ مەسیحیەت لەچاخی ئێمەدا لەقەڵەم بدرێ، بەدەستی ئەم پیاوە ئەنجامدرا. لەگەڵ ئەوەشدا لەم پەلامارەدا کەتوارێکی سەر سوڕهێنەر سەرنجمان رادەکێشێ‌و ئەوەش ئەمەیە کە نیچە کوڕی قەشەیەك، لەسەر بنەمای وزەگەلی بزوێنەری راستەقینەی خۆی - واتە شێلگیرو راستبێژیو رێگەو مێتۆدی لەبنچینە لەسازان نەهاتووی خۆی - ئاگاداربوو ودانی پێ دەنا. ئامانجی ئەم کتێبە نیشاندانی ئەم کەتوارەو هێنانەوەی شایەتی‌و بەڵگەو دیکۆمێنتەکانە.

مەسیحیەت مێژووە - نەك مێژوویيەکی بەهیچ شێوەیەك دەست لێ نەدراوو یەکدەستو یەکسان، بەڵکو توشی دوبەرەکی لەدژی خۆی کە بەردەوام لەرێگەی سەرەکی لادەدا، بووە، بەڵام سەرەنجام هەمدیس دێتە سەر رێی راست. مەسیحیەت مێژووی رۆحی رۆژئاوایی ئێمەیە. هیچ کەس ناتوانێ پێناسەی بکات. هەژانە قورسەکان کە لەکتێبی پیرۆز هەم چاخی کۆنو هەم چاخی نوێ - دەوە دێن، تەنانەت لەجێیەکەوە کە هیچ مرۆڤێك لەچاوگەو بنەچەیان ئاگادار نیە، هەمدیس باندۆری خۆیان دادەنێن. من دەمەوێ نیشان بدەم کە ئەم نیچەی "دژە مەسیح (دەجاڵ)[1] چەندە مەسیحییە. مەبەستی من بانگهێشتە بە قووڵ تێهزرین لەبارەی هێرشەکانی ئەو، نەك کول کردنی نووکی تیژی رمی هێرشەکە. تەنیا خوێنەرێکی هەڵەشەو رواڵەتبین کە

[1] - Anti – Christ.



توندڕەویی دەم هەراشانەی نیچە کوێری کردوە، دەلوێ تەنیا سەرکێشی‌و دوژمنی لەتەك هەر شتێکی مەسیحی لەودا ببینێ. تێفکرینی رۆحانییەتی (مەسیحی) لەهەرجل‌و بەرگێکدا کە خۆی گۆڕی بێ ملی بۆ هەر سازانێك راکێشابێ، هەمدیس خودی عیسا بەردەوام هەمان هۆکاری شۆڕشگێڕانە ماوەتەوە کە توێژەکانی رۆژگاری بە بەردەوامی قلێشاندوەو هەڵقولاوەو سەرڕێژ بووە. عیسا تەنانەت رێگەی هروژمی نیچەش دادەخا. راستە کە وێنەی نیچە لەعیسا قەناعەت بە ئێمە ناکاو ئەو تەنیا یەکێك لەئاقارەکانی عیسا بۆ ئێمە دەنوێنێ، نەك خۆی، لەگەڵ هەموو دڵ فراوانی‌و دەست بڵاوی‌و مەزنایەتیی. نیچە لەبەرانبەر خۆڕاگری‌و تۆکمەیی نێواخنیی پیاوێك کە هیچ شتێك دوو دڵی نەدەکردو نەیدەهەژاندو لەبەر راستی‌و راستگۆیی عیسا سەری کڕنوش دادەنەوێنێ. نیچە یەکێك لەبناخەدانەرانی هزری ئەمڕۆیە کە هەموو شتێك بەوەوە گومانلێکراوتر لەهەمیشە دەردەکەوێ‌و ئاشکرا دەبێ.

نیچە دەگاتە کۆڵانێکی بەربەست کە مرۆڤ لەودا، ئامانجی بزرکردوەو ئاراستە دۆڕاو دێتە بەرچاو. "کەڵە پیاو"و "دوپاتبوونەی هەرمانی" و "ویستی ئاراستەکراو بۆ هێز" هەموویان بریتین لەبنەواشە گەلی باوەڕدارانەی نوێ لەدوایین دەورەی ژیانی نیچەدا، بەڵام ئەو بنەواشانەی کە هەنوکە ئاشکرا کراون هەر لەسەرەتاوە پێکهاتە گەلی زۆرکارانەو بێهودە بوونە. لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمگەلی پڕ ئەژمارو بەرینی نیچە لەکۆی

خۆیاندا ئەمرۆکە بوونەتە ئامرازێك بۆ فێرکردنی هەقیقەت بە ئێمە. کارو هزری نیچە تاڕادەیەکی زۆر هەموو ئاریشەکانی رۆژگاری ئێمە وەپێشت سەر دەنێ ـ ئاریشەگەلێ کە بەتێپەڕینی هەر دەیەك پەلەترو هەرە پێویست ترو توندو تیژترو لەچارەنە هاتوتر بووە. نیچە یەکەمین کەس بوو کە لەم ئاریشانە هێندە هەژا کەوا دێتە بەر چاو کە ژیانی بۆتە گیانفیدای چاخی ئێمە*.

**کارڵ یاسپرێس**
**بازێل**
**مای ١٩٦١**

---

* ئاوەها بوە وێنەیەك کە من لەخوو خدەو هزری نیچە لە پەرتوکێکی دیکەدا بەم ناو نیشانە کێشاو مەتەوە :

Nietzche, an Introduction to the Understanding of his Philosophical Activity, Berlin, Walter de Gruyter, 1935. 3rd ed. 1950.



# پێشباس

درندەیی هەژێنەری هەڵوێستی نیچە لەدژی مەسیحیەت بەناوبانگە. تەنیا بۆ ئەوەی نموونەیەکم هێنابێتەوە، سەرنج لەم رستانە بدەن: "ئەگەر ئەمرۆ کەسێك لەبارەی پێوەندیی لەگەڵ مەسیحیەت دوو پاڵوبێژی بکاو خۆی لەگێلی بدا، من دوایین ڤامکەکانی هەر دوو دەستمی پێ نیشاندەدەم. لێرەدا تاقانە کاری دروستو رەوا رەت کردنەوەی رەهایە"[1].

نیچە هەندێ جار بەشێوەی ئارامی توێژەرانو هەندێ جار بەشێوازی پڕ هەرای مشتو مڕ نوسان، بەتوڕەییو سوکایەتی پێکردنەوە دەمامك لەروخساری مەسیحیەت هەڵدەماڵێ.

کەتوارەکانی لەروانگە گەلی سەمەرەی بێ ئەژمار لەقاو دەدا. ئەو لۆژیکی نەیارییەکانی پێشوی هەرسو رکێش کردو بوو بەسەرچاوەیەکی نوێی دژایەتی لەگەڵ مەسیحیەت کە رەنگە هەرگیز لەرابردودا بەو توندییە نەبوو وئاوەهاش لەبەرەنجامی بنەتایی کاری خۆی ئاگادارنەببوو.

کەسانێك کە ئەم سەرکێشیو دوژمنایەتیەیان ناسیوە لەخوێندنەوەی نیچە سەریان دەسوڕمی. رستەگەلێ دەبینن کە لەگەڵ بەشەکانی دژە مەسیحیی کاری ئەو نایەکانگیرن. هەم ئەوەتە کە دەنوسێ: (مەسیحیەت) باشترین نموونەی ژیانی ئایدیالییە کەمن لەراستیدا ناسیومە، لەمنداڵییەوە ئەو رێگایەم گرتۆتە بەرو پێم وانیە لەدڵمدا جگە لە نەفس بەرزی لەگەڵی رەفتارم کردبێ[٢].

نیچە بەباشی لەباندۆری کتێبی پیرۆز دەدوێ: "پاراستنی رێزی هەمووان بە کتێبی پیرۆز تا ئێستا لەئەوروپا وێدەچێ باشترین بەشی پەروەردەو رازاندنەوەی دابەکانەو ئەوروپییەکان لەم رووەوە منەتباری مەسیحیەتن"[٣] ئەو چ لەدایكو چ لەباوك، منداڵی بنەماڵە ئایینییەکان بوو مرۆڤێکی تەواو مەسیحی بە "سەرترین نموونەی مرۆڤ" دەزانێو نوسیی: "بۆ من شانازییە کە لەبنەماڵەیەك لەدایکبووم کە بەهەموو واتایەك لەمەسیحیی بووندا تێکۆشەرو کۆڵنەدەر بووە"[٤].

لەم جۆرە بابەتە پێکناکۆکانە لەبارەی مەسیحیەت بۆ نموونە لەمەڕ "قەشەکان" یا "کەلیسا" لەهەموو جێیەك لەقسەکانی نیچەدا هەیە کە دەبێ بە هەڵکڕانە چڕو پڕەکان ئاشکرا بن، هەرچەند لەهەر بابەتێکدا کۆمای گوتەگەلی نیگەتیڤ هێندە زۆرە کە ئەو چەند قسانە شتێکی ئەوتۆ نین.

نیچە قەشەکانی بە "بستە بالا سەر بزێوە فێڵبازەکان" و "مشەخۆری مرۆیی"و "خائینانەو سوکایەتی کەرانی خۆ



قودسی نوێن بە دنیا"و "پەسپەسە کۆڵانی ژیان" و "زیتو وریای دوڕوی ئەنقەست کار" ناودێر دەکردو لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، چەندین جار لە "بیرئانینو رێزلێنانی رەفتاری قەشەیی" دواوە، هەر چەندە کە دەشنوسێ: "لەسەر خەڵك پێویستە کە ئەم چەشنە پیاوانە هەزار جار بە مەزن بزانن‌و رێز یان لێ بگرن ـ ئەم کەسایەتییە قەشانە میهرەبان‌و نەرم‌و نیان‌و شێلگیرو لەخواترسن‌و بەشێکن لەخەڵك‌و لەنێویاندا وەکو کەسانی پیرۆزو بژاردەو چەشنی پێدراوێکی خوایی لەڕێگەی خێرو خۆشیی گشتی ئاخێزدەکەن‌و خەڵك دەتوانن لەهێمن‌و تەناهی، دەرگای کونجی شاراوەی دڵیان لەلایان ئاوەڵا بکەن"[٥]

ئەو وەها رێزێکی لەهەندێ قەشەکان دەگرت کە لەسامەوە نزیکتر دەبویەوە. هەستی دەکرد مەسیحیەت "وێدەچێ بە جوانترین‌و باڵاترین روخسارەکان لەجەرگەی کۆمەڵگای مرۆییدا بیچمی بەخشیوە: واتە پێشەوایانی ئایینی ئاینزای کاتولیکی پایە بەرزو پایە بەرزتر... لەوێدا روخساری مرۆڤ بەرێژەیەك لەمەعنەویەت‌و رۆحانییەت دەگا کە بەرووبوومی هەڵکشان‌و داکشانی بەردەوامی دو جۆرە شادمانییە، یەکێکیان هەستکردن بەهێزو ئەویدی هەستکردن بەخۆبەدەستەوەدان..... لەوێدا ئەو خۆبەکەمزانیی بڵێند لەبەرانبەر لاوازیی جەستەو لەرزۆکیی خۆشیی مرۆڤ زاڵە کە سەربازی زگماك لەکەسانی دیکە دیارترو

بـەرزتر دەكـا.... جـوانیو زراڤـی میرانـی كەلیـسا[1] بـەردەوام هەقیقـەتی كەلیـسایان لـەلای خـەڵكی سـەلماندووە"(٦) نیـچە لەبەرانبـەر مەسـیحیان[2] كـە هێنـدە قسەی خراپـی پـی دەوتـن، لـەبینینی ئـەوە كـە "هـەر مەسـیحیان لەكتێبـەكانی وانـەیی خۆیاندا، نەك عـەودالی سـود بـەڵكو سـەبارەت بـە گشت خـەڵك، چـۆن رێگـەیان بـۆ سـاناتر كردنـی ژیـان لـەكردەوەدا نیـشان دەدەن"(٧)، زمـانی بەمەبەسـتی پەسـنكردن دەوروژا. لەگـەڵ ئەوەشـدا، نیـچە كەلیـسای بـە دوژمنـی خـوێنیی هەرشـتێكی شـكۆمەندو شـەریف لەجیهانـدا دەزانـی. بـەڕای ئـەو، كەلیـسا سـەرترۆپكی بایەخگـەلی كۆیلـە ئاسـا(٣) بـوو لەتـەك هەرچەشـنە مەزنایەتیی مرۆڤ دەجەنگیو دەركەوتو نوێنـەری كەمایەسـیو تیاچون بوو، هەرگیز لەگەندەڵیو تـەفرەدان دەست هـەڵناگریو راناوەستـێ. وەلـێ لێرەشدا هەمدیس كەلیسا دەسەڵاتێك بوو كە رێزی ئەوی دەوروژاند. چۆن دەسەڵاتێك؟ بەم چەشنە: "گرنگتر لەهەموو ئەمانە كەلیسا رێكخراوێكی فەرمانڕەوایـە كـە مێشكە سەرترەكان لەسەرەوە دادەنـێو بڕوای بەهێزی رۆح هەیە تا ئەو جێیـەی كـە هـیچ چەشـنە ئـامرازێكی تونـدو تیژگـەریی قەبـە پەسەند ناكا. هەرچۆنێك بـێ، هەر ئەمـە بەسـە كـە كەلیـسا بكا

1 ـ Pwincesof the chuwch مەبەست پیاوانی ئایینی پایە بەرزی كەلیسا كاتولیك بەتایبەت كاردینالّە كانە. و. بۆ فارسی

2 - Jesuits.



بە دامەزراوەیەكی شكۆمەندتر لەدەوڵەت"(٨). نیـچە ئاگای لـەوە هـەبوو كـە هێـزو پتـەویی كەلیـسای كاتولیـك لـە "كەسـایەتیە رۆحـانی"یـەكان سەرچـاوە دەگـرێ كـە "تەنانـەت ئـەمرۆش ژمارەیـان كـەم نیـەو ژیـان بـۆ خۆیـان قـورس دەكـەنو (بـەم ئامرازەوە) بۆ خۆیان واتای پـێ دەبەخشن"(٩). وەهـا نـەبوو كـە هـەر پـەلامارێك بـۆ كەلیـسا ببێتـە هـۆی رەزامەنـدیی ئـەو: "لەشتەكانی دیكە، بەربەرەكانی لەگەڵ كەلیسا هەروەها بەواتای بەربەرەكانی نەفس نزمانو بەرەڵلاّ و ئاسانگیرانو رواڵەت بینـان لەگـەڵ حكومـەتی كەسـانی شـێلگیرو قـووڵترو قـووڵ روانـترە. بەگوتەیەكی دی، بەر بەرەكانی توڕەترینانو دێر باوەڕانێـك كـە ماوەیـەكی درێـژگینگڵیان داوەو بـە بەدگومانییـە درێـژەكان لـەبارەی بایـەخی هایـدن، بـۆ نمونـە هایـدن خـۆی، لەناخـدا پەروەردە دەكا"(١٠). ئەم نمونانە بەپێی پێویـست پارادۆكسەكانی نیـچە نیـشان دەدەن. هـەر هـەوڵێك بـۆ تێگەیـشتن لەنیـچە تێگەیشتنی دژو ناتەبایی بێژییەكانی ئەوی گەرەكە، چونكە ئەو پارادۆكسانە ساختە نـین. بـۆ دەستڕاگەیـشتن بـە لێكدانەوەیـەكی واتادار لەهەمبەرێتیگـەلی پێكنـاكۆكی ئـەو لەگـەڵ مەسـیحیەتدا، ئیزن بدەن دەستپێك یا خاڵێكی رەوانە بوون پێشنیار بكەم.

راسـتە كـە نیـچە پـەروەردەی خـۆی لـەماڵی قەشـەیەكی خۆولاّتیی پرۆتـستانو نزیكایـەتیی خـۆی لەگـەڵ كەسـانێك كـە یەكانگیر لەگەڵ هیراكانی مەسیحی دەژیـان ئێجگـار پـڕ بایەخـە، بـەڵام هـەر كـە لەكەمایەسـیەكانی مەسـیحییەت ئاگاداربوویـەوە،

ئـەو نزیکایەتییـە لەدیـدی ئـەودا واتایـەکی دیکـەی پەیـدا کـرد، نایەکانگیریی رەسـەن لەتـەك کـەتوار بـەردەوام وزەی بزوێنـەری مەسـیحیەت بـووە. داخـوازە مـەحاڵو کـەتوارە سەرکێـشەکان بـە زۆری دەلویَ شان بە شانی یەکدی بی گوێدان بـە یەکـدی درێـژە بەهـەبوونی خۆیـان بـدەن، بـەڵام کاتێـك کـە هـەر کـام لەمانـە لەسنوری خۆی دەسـتدرێژی بکاتـە سـەر ئەویـدی، بەرەنجامەکـە دەلویَ زۆر قەبەو مەزن بـیَ. بەم چەمکە بوو کە نیچە سەرنجی بـۆ "گومانکـاریی نێـوەکیی بوێرانـە لـەئاڵمان تەنانـەت لـەنێوان منداڵانی ماڵی قەشەی پرۆتستان" راکێـشاو هۆیەکەشـی لـەخۆی پرسی. ئەوەی ئەو پەیدای کرد ئەمـە بـوو کـە "ژمارەیـەکی زۆر لەفەیلەسوفانو دانایانی ئاڵمانی منداڵانی ئامۆژیارانو دواندەران بوونەو بە چاوی خۆیان قەشەیان دیوە ـ و لەئەنجامدا، ئیمانیان بەخوا لەدەست داوە... فەلسەفەی ئاڵمان خۆی لەخۆیدا یەکسانە بـە بـیَ بڕوایـی بـە دینـدارانو قددیـسانی پلـە دووەمو هـەموو قەشـەکانی شـارو گونـدو خـاوەن زەوییـەکانو یەزداننـاسـان لەزانکۆکاندا"[(١١)].

ئـەم بابەتـە نیـشاندەری تایبەتمەندییـەکی بنـەڕەتی لەسـۆزو تامەزرۆیی نیچەیە. نـەیاریی ئـەو لەتـەك کـەتواری مەسـیحیەت لەگرێدانی خۆی بە بنەچەی مەسیحیەت لەپسان نەهاتویە. ئەو خۆی ئەم گرێدانەی بە پۆزەتیف دەزانـی. نـە شـتێك کـە دەبـیَ بـی پـچڕێنـیَ. ئـەو ئاگـای لـەوە هـەبوو کـە هـەژانی رەوشـتیی مەسیحیەتە کە ویستی ئاسۆبەرینی ئاراسـتەکراو بـۆ هەقیقـەت



دەوروژێنـیَو "ئێمە زراڤ بینانو ئاسـتەم پەسـەندانی ئـەمڕۆیی، ئێمـە بـیَ ئیمانـانو دانایـانی دژە میتافیزیـك، ئـاگری خۆمـان لەکۆتەرەیەکـەوە وەردەگـرین کـە چـەندین سـەدەی لەمەوبـەر بەگڕوتینی ئیمـان هـەڵگڕا..."[(١٢)]. لـەم روەوە نیـچە دەیهەویـست "هەرشتێکی مەسیحی، نەك تەنیا چۆڵەوانی، بەڵکو ببێتـە کەڵـە مەسیحی"[(١٣)]. درکی ئەو لەخۆی ئەمە بوو کە تێفکرینـی لـەژێر ئـاوزینگی هەژاندنـەکانی مەسـیحیەت گەشـەی کـردوەو ئەوەشـی وەپـشت سـەر نـاوە. بەربـەرەکانیی لەتـەك مەسـیحیەتدا بـەهیچ شـێوەیەك بەمەبەسـتی وازهێنـان یـا روخانـدن یـا هەڵگەڕانـەوە لێی نیە. نیچە دەیهەویـست بەسـەر مەسـیحیەتدا زاڵ بـیَو لێـی گـوزەر بکـاتو بەیارمـەتیی هێـز گەلـیَ کـە لەئاخنـەی مەسیحیەتەوە هەڵقولاون نەك هیچ شتێکی دیکە لـەجیهان، بـە ئەنجامدانی ئەم کارە پشت راست بێتەوە.

نیچە دەڵـیَ "ئێمە ئیدی مەسیحی نین" بـەڵام یەکسەر پـاش ئـەوە دەڵـیَ "ئەمـە سـپیتا ئاسایی ئێمەیـە کـە ئـەمڕۆ وشـکتر و چەقبەسـتووترو سـەختگیرتر بووەوناهێڵـیَ هێـشتا مەسـیحی بـین"[(١٤)]. ئـەو لەسـەروی چاکەو خراپـەوە[1] لەبەرامبـەر هـەموو رەوشـتەکان بەیـداخی نـەیاری هەڵـدەدا، بـەڵام بەسـەمەدێکی رەوشـتیو بـۆ تێپـەڕین لەرەوشـتەکانو دەنوسـیَ "هەنوکـە کـە رەوشـتەکانیان وردو خـاش کـردوە، دەمانـەویَ میراتگرانـی بین"[(١٥)]. دەڵـیَ: "هەسـتە رەوشـتیەکانی ئێمـە بـەروبوومی لـوت

[1]- Beyond Good and Evil.

بەرزی خولقێنی مرۆڤانی رابردویە"[١٦]. دەڵێ: "هەرچی دەکەین شتێك نیە مەگەر رەوشت کە لەتەك بیچمی پێشوی خۆی کەوتۆتە جەنگەوە"[١٧]. هەژاندنە مەسیحیەکان - یا بە قسەیەکی دیکە، دوپاتبوونەوەی راستگۆیی لەڕوی رەوشتیو تادوایین ئاست - بەردەوام بەر بەرەکانییەکی مەسیحی لەتەك کەتوارەکانی دنیای مەسیحیەتی لێ کەوتۆتەوە کە نوێنەرەکەی دەسەڵاتی کەلیساو هەبوونو کرداری چەلەنگی هەموو ئەو کەسانە بووە کە خۆیان بەمەسیحی ناودێرکردوە. ئەم بەربەرەکانییە لەنێوەوەی جیهانی مەسیحیدا هەندێ رەنگدانەوەی هەبووە کە نیچە دوایین لێکەوتەکانی لەخۆیدا هەستکردوە. ئەو لەچاوەڕوانیی دەرفەتی ئەم دیسپلینە مەسیحیە بوو تاخۆی بخاتە کۆشییەوەو نوسیی: "بەربەرەکانی بە گوشارێکی سەدان ساڵەی کەلیسای مەسیحی تەنگژەی رۆحیو مەعنەویی هەرەمەزنو بەشکۆی لەئەوروپا پێکهێناوە کە هاوشێوەی هەرگیز لەسەر رووی زەوی نەبوە. کەوان ئێستا وەها کێشراوەتەوە کە دەتوانی دورتر ئامانجەکان نیشانە بگری.... ئێمەی ئەروپییە چاكو راستەقینەکان، ئێمە گیانە ئازادو بان ئازادەکان هێشتا لەهەمووشتێ خودان هەموو گیانەڵاکانی رۆحو هەموو کێشرانەوەی کەوان - ین!و رەنگە لە تیرو راسپاردەو - کێ دەزانێ - تەنانەت ئامانجیش"[١٨].

بەکورتی: لەدیدی نیچە، ئەزمونی بنیاتیی ژیانی تایبەتیی ئەو - واتە بە سەمەدە مەسیحییەکان - بوون بە نەیاری



مەسیحیەت دەرخەری پرۆسەی مێژووی جیهان بوو. لەسەر بنەمای مێژووی سەدە پەیتا پەیتاکان، وای دەهاتە بەرچاو کەڕووداوەکانی سەردەمی ئەو گەیشتۆتە جێیەك کە هەم ئێجگار پڕمەترسییەو هەم ئاوسە بە دەرفەتێکی لەڕادەبەدەر بۆ رۆحی مرۆڤو بۆ بایەخگەلی مرۆییو بۆ کەتواری مرۆڤبوون. تێگەیشتنی خۆی ئەمە بوو کە لەسەرو بەندی چوونە ژوورەوە بۆ گۆڕەپانی مێژووی جیهانە.

بۆ بڕینی رێگەی ئەم شۆڕشە دەرونییە، ناچاردەبین لەچۆنایەتیی رودانی لەناخی نیچە پرسیار بکەین. دەمانەوێ مەسیحیەتی رەسەنو یەکەمینی ئەوو پاشان چۆنایەتیی گۆڕانی ببینین. دەلوێ بپرسین کاتێك کە ئەو لەمەسیحییەوە دەبوو بە دژە مەسیحی، چ خەباتو بەربەرەکانیگەلێکی رزگاریدەری ئاینیی ئەنجام دەدا.

بەڵام لەڕاستیدا هیچکام لەمانە رووی نەدا. لەبەرانبەردا - ولێکەوتەکانی ئەم کەتوارە لەڕووی سەر لەبەری بیرکردنەوەی ئەو خاوەنی گرنگیی یەکلاکەرەوەیە - نیچە لەوەچنگ خستنی سەمەد گەلی مەسیحی بەهەمان شێوە کە هەتا کۆتایی لەودا زیندومایەوە، دەستی پێکرد. بەلێکدانەوەیەکی دیکە، ئەزمونێکی تایبەت بەخۆی لەرەوشتو راستگۆیی بێ کۆتو مەرجی وەبەرهێنا، بەڵام هەر لەمنداڵییەوە نێوەرۆکە مەسیحیو دەقی هیراکانی مەسیحیو ژێدەر بوونی مەسیحی بەلای ئەوەوە واتایەکی راستەقینەی نەبوو. هیچ شتێك تەنانەت

هۆگریی منداڵانە بە ئەفسانەکان کە پاشان بیەوێ لەکۆڵیان بکاتەوە، نەبوو. ئەم چەند نمونەیەی خوارەوە شایەتی ئەم تایبەتمەندییەی تێفکرینی ئەو لەرۆژگاری تازە لاوییە.

ئەو لەگەڵ مەسیحیەت وەکو ئیمانێك لەنێورۆکداو زنجیرەیەك لەبنەواشە دینیەکان هەر لەسەرەتاوە نامۆبوو. دەیوت مەسیحیەت تەنیاو تەنیا هەقیقەتێکی سیمبۆلیکی مرۆیی یە. لە ١٨٦٢ لەهەژدەساڵیدا نوسیی: "هێرا سەرەکیو گشتیەکانی مەسیحیەت تەنیا نیشاندەرو دەربڕی راستیە بنەڕەتییەکانی دڵی مرۆڤە". ئەو دیدو بۆچونانەی کە لەتازە لاویدا بۆ ئەو رەخسان لەبنەڕەت را هەمان ئەوانەن کە پاشان لەفەلسەفەکەیدا دەرکەوتن - بۆ نموونە: "رزگاری لەسەر کۆڵەکەی ئیمان بەو واتایەیە کە تەنیا دڵو نەك زانین، بەختەوەری دێنێ. جەستەمەندبوونی خوا (لەشێوەی عیسا) لەوە دەدوێ کە مرۆڤ دەبێ بەهەشتی خۆی لەسەر زەوی دامەزرێنێ، نەك ئەوەی لەبێ بنەتاییدا وەدوای رزگاری بکەوێ" لەهەمان کاتدا رستەگەلێکی نوسیوە کە هەواڵی پلارگەلی داهاتوی مەسیحیەت دەدا. Weltschmerz، (لەدنیا ماندووبوون) واتە هەمان بەروبوومی دیدگا مەسیحیەکان، تەنیا بەرەنجامی ناڕاشکاویو کەمایەسیی وزەی تاکە کەسیو بیانویەك بۆ سیس دەرونانی نامکوڕ لەزاڵبوون بەسەر چارەنوس دەزانرێتو بەرتەك دەدرێتەوە. نیچە تەنانەت لەتازە لاویدا لەمبارەوە خامەی دەخستەگەڕ کە "ئایا تراویلکەیەك دوو هەزار



ساڵ لەوەو پێش مرۆڤی فریونەداوەو بەلاڕێیدا نەبردوە؟"و هەمدیس دەڵێ: "هەر کە جەماوەر تێ بگەن کە سەرتاسەری مەسیحیەت لەسەر ناوێزەکان بنیات نراوە، مەودایەکی ئەو تۆیان لەگەڵ ئاژاوە گەورەکاندا نامێنێت.

بوونی خوا، هەرمانی، ژێدەربوونی کتێبی پیرۆز، خورپە - هەموو ئەمانە هەمیشە بەدور لەئەرخەیانی دەمێننەوە. من هەوڵم داوە نکۆڵی لەهەموو شتێك بکەم - وەلێ وێرانکردن چ ئاسان، ئاوەدانکردنەوە چەندە ئاستەم!" ئەم گوتە گریمانییە خەمهێنەرو هەڤبەند لەگەڵ دڕدۆنگیو گرێدراو بە تازە لاوی دواتر تەنیا لەڕووی شێوەی دەبڕینەوە نەگۆڕا - ئەو دڵ پەرۆشییە سەر مەستانەو لەهەمووش بنەڕەتی لەدەسپێکی منداڵیشدا هەبوو، هەرگیزنەگۆڕا.

بەراوردێك لەگەڵ کیەرکە گۆرد لەمبارەوە نیشان دەدا کە جیاوازییەکی رەگاژۆکردوتر هەیە. کیەرکەگۆرد رۆحی لێوڕێژ لەئیمان بە مەسیحیەت بوو تاکۆتاییش بەردەوام سنوردارو پابەند بە کەوشەنی گەوهەری مێژویی مایەوە - چونکە دەیوت "باوکم وەهای پێ دەگوتم". بەڵام گەوهەری مێژوویی مەسیحیەت هەمیشە لەگەڵ نیچەدا بێگانە بوو. پاشان کیەرکەگورد لەقووڵایی ئاخاوتەی مەسیحی باڵا دەستی پەیدا کرد، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە نیچە پێی وا نەبوو کە ئاخاوتەی مەسیحی دەلوێ قووڵ بێو هیچکات سەر قاڵی پێکهاتە شکۆدارەکانی لەجیهانی هزردا نەبوو.

ئـەوەی تـا ئێـرە گوتمـان پوختەیـەك لەبناخـەی شـرۆڤەی ڕەخنەکارانەی (باسی) داهاتوی ئێمـە بـوو. یەکـەم، دەبینین کە بەربەرەکانیی نیچە لەگەڵ مەسیحیەت چۆن لەسەر کۆڵەکەی سەمەدی مەسیحی ئەنجام دراو ئەو تا چ رادەیەك لەم کەتوارە ئاگادار بوو. دووەم دەبینین کە سەمەدی مەسیحی لەودا چۆن لەسەرەتاوە لەنێوەرۆکی مەسیحی بەتاڵ بوونەوەو شێوەی وزەی پاڵنەر[1]ی پەتی یان بەخۆوەگرت. پاشان باس لەوە دەکەین کە نیچە چۆن بەئاراستەی پێچەوانەی تێکڕای هەڵوێستەکانی‌و تاقیکارییەکانی خۆی بەنیهیلیزم یا (یا پوچ گریمانکاری) گەیشت‌و چۆن هێنایە دی‌و بە چ جۆرێ ئەو رێچکە نیهلیستیەی وەکو رێگەیەکی پەرێز هەڵنەگرو حاشا هەڵنەگری چاخی ئێمە گەرچی بۆ جەماوەری هێشتا لەدۆخی کۆمۆن ـ خوازراو یا نە خوازراو تا دوایین لێکەوتەکانی بڕی. هەڵبەت دەبێ سەرنج لەوەبدەین کە ئەو بۆ پوچەڵکردنەوەی نیهیلیزم لەشوێندەسپێك‌و چاوگەیەکی تەواو تازەوە دەستی بەم کارە کرد، نەك بۆ ئەوەی نیهیلیست بمێنێتەوە. سەرەنجام لەڕووبەڕوبوونەوە لەتەك ئەم فەلسەفە نوێیە، بەسێ پرسیار دەگەین:

**ئایا ئەم فەلسەفەیە هێشتا پێوەندێکی لەتەك ریشە مەسیحیەکانیەوە هەیە؟**

1- Propulsive energies.



**ئایا لەڕاستیدا هەیە؟ سروشت‌و ئاراستەکەی چییە؟**

بەر لەسەرقاڵبوون بەم پرسیارانەوە، دەبێ بیرو بۆچوونەکانی نیچە لەمەڕ دیاریمەندی‌و مێژووی خودی مەسیحیەت بێنینە بەرچاومان، لەسەرەتاوە گوتە پێکناکۆکەکانی ئەو پشتگوێ دەخەین تابتوانین هێڵە سەرەکییەکانی وێنەیەکی بێ خەوش کە بەتایبەتی لەدوایین نوسینەکانی ئەو دێتە دەست، بکێشینەوە. تا ئەم وێنەیە لەگەڵ هەموو توندو تیژیی لەسازان نەهاتوی وەدەست نەیێ، ناتوانین ببینین کە هروژمی ئەو تا چ ئاستێك دەبێ لەدەقێکی قووڵتردا تۆمار بکرێ ـ دەقێك کە لەودا دەبینرێ هێرشی نیچە شتێك نەبوو جگە لەدیاردەیەکی روکەش‌و ئەو نەیتوانیوە ئەوە بە لێبڕاوو بنەتایی‌و بێ ئەملاو ئەولا بزانێ.

(٢)

# رای نیچە لەبارەی مێژووی جیهان

لەبارەی رای نیچە لەمەڕ جیهان سێ دەستە پرسیار هەن. یەکەم پێوەندیی لەگەڵ ئاگایی ئەو لەقەیرانی ئەم چاخەیە، دووەم بە بەڵگەهێنانەوەی ئەو کە مەسیحیەت هۆی ئەم قەیرانەیەو سێیەم بەڕای ئەو لەمەڕ کۆی مێژو و هەڵکەوتی مەسیحیەت لەودا.

## قەیرانی چاخی هەنوکەیی

نیچە وێنەیەکی ترسناك لەجیهانی ئەمرۆی لەئاوێنەی وێنادا کێشایەوە کە لەسەردەمی ئەو هەتا ئێستا بەردەوام دووپات بۆتەوە. ئەو هەرەسهێنانی کولتوری دەدیو ئەمە کە فێرکاری جێنشینی پەروەردەکردن دەبێ، دەیدی کە هەمووان، لەهەموو جێیەك رواڵەت نوێنی دەکەن تا یارمەتییەك بێ بە



قەرەبووکردنەوەی گەوهەری لەدەستچوی رۆحی ئێمە کە لەدنیای ریابازیو بەشێوەی "وەك بڵێی" دەژین، دەی بینی کە چێژخوازیی بێسنور ماندوییو وەڕسبوونی هیلاك کەری لێ کەوتۆتەوە، ژینگەی رۆحیی دەسکردو درۆیینەی دەدی کە ئیدی هیچ شتێك لەودا شایی بە خۆی نایەتو نارِوێو هەموان دەدوێنو کەس گوێ لەکەس ناگرێو هەموو شتێك لەدەریای قساندا دەستو پەل دەهاوێو دەمرێو دەفرۆشرێت. نیچە تەنیاییو وێرانیو هەناسە بڕکێی زادەی چاوچنۆکیو پاشەکەوتکردنی دارایی نیشاندا، رەوتەکانی وەبەرهاتوی ئامێرو بە ئامێری بوونی کارو سەرهەڵدانو ئاخێزیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئاشکرا کرد.

بەڵام ئەمانە هەموویان بەڕای ئەو، تەنیا روکارو رواڵەت بوون. "هەموو شتێك گێژ دەخواتو دەور دەداتەوە وزەوی سەرتاسەر کەوتۆتە لەرزین"، بەڵام ئەو شتەی لەراستیدا خەریکە رودەدا قووڵترەو بەگوتەی نیچە کە لەچاخی وەستانو هێمنی بۆرژوازیی بێ خەیاڵدا دەژیا، ترساو ئەم گوتانە لەخەمەکەیەوە دەچۆڕانەوە ـ لەکەتوارێکەوە سەرچاوە دەگرێ کە هیچ کەس هێشتا سەرنجی بۆ لای رانەکێشراوە: لەم کەتوارە کە"خوا مردوە" ئەم "هەواڵە حەپەسێنەرە چەند سەدەیەك درێژە دەکێشێ تا بە ئەوروپیەکان بگاو ئەو کات بۆ ماوەیەك وا دێتە بەرچاو کە هەموو شتێك کێشی خۆی لەدەستداوە"[1].

مەبەستی نیچە لێکجیاکردنەوەی یەکێك لەکەتوارە

هەنوکەییەکان بوو. ئەو نەیدەوت "خوایەك لەگۆڕێدا نیە" یا "من بڕوام بەخوا نیە"، خۆی لەقسەیەکی دەروونناسانە لەبارەی سەرهەڵدانی بێ ئیمانی قەتیس نەدەکردەوە. کەتوارێکی دەبینی. ئەم کەتوارە هەر کە بینرا، بەشێوەیەکی لۆژیکی دەگات بە چەند دیاریمەندیگەلێکی ئەم چاخە - بە بەدبەختیو مەرگەسات، بە تەمتومانو درۆ، بە دوڕوییو کاریگەری، بەبێ ئۆقرەییو بەلەز، بە پێویستی بزواندنی هەستەکیو فەرامۆشی کە دیاریمەندیی رۆژگاری ئێمەیە.

نیچە بە کەتواری بنەڕەتیو سەرەکیی مەرگی خوا رازی نەبوو. پرسی خوا مردوە؟ لەنێو هەموو وەڵامەکانیدا تەنیا بەشێوەیەکی هەمەلایەنو سەرتاسەر تێهزراو یەکێکیان بەرین بوویەوەو ئەوەش ئەمە بوو کە هۆی مەرگی خوا مەسیحیەتە. مەسیحیەت بوو کە بە گوتەی نیچە، هەر راستیەك کە مرۆڤ لەرۆژگارانی پێش مەسیحیەت لەگەڵی دەژیا تێکەوەی پێچا - و لەهەمووش سەرتر، راستیی تراژیکی ژیانی بەو شێوەیەی کە یونانیانی پێش سوکرات فامیان دەکرد. مەسیحیەت بۆ باشار کردن لەگەڵیدا، تۆپەڵێ ئەفسانەی ریزبەند کرد: خوا، تەکووزداریی جیهانی رەوشتی، هەرمانیی گوناه، هێژاییو بەخشندەیی (یەزدانی)، ئاقیبەت بەخێریو رزگاری. بەلاّم سەرەنجام "هەستی راستگۆیی زایەنراوی مەسیحیەت لەکۆی هەڵێنجانی مەسیحی لەجیهان کە ئاوێنەی درۆیە، هەڵدەگەڕێتەوەو دەکشێتەوە"[2]، و هەرکە مرۆڤان پەی بە



چیەتیی دنیای ئەفسانەییو دەستکردی مەسیحیەت بەرن، تاقانە شتێك کە بتوانێ بمێنێتەوە هیچی یە: "نیهیلیزم (پوچ گریمانکاری) بەروبومی بنەتاییو لۆژیکی هەموو بایەخەکانو ئامانجە گەورەکانمانە[3]" لەبەر ئەوەی کە پشت بەستنەکانو بایەخگەلێ کە مەسیحیەت خستونیەتە روو، ئەفسانەو ساختەکردنی پەتی بوە، هەر لەگەڵ ئاشکراکردنی ئەم راستییە، مرۆڤ بەناچار دەکەوێتە وەها گێژاوێکی هیچی یەوە کە هاوشێوەکەی هەرگیز لەسەر لەبەری مێژووی مرۆڤدا هەستی پێ نەکراوە.

ئەمڕۆ تازە سەرەتای کارەکەیە. نیچە دەڵێ: "سەرهەڵدانی نیهیلیزم بەسەرهاتی دوو سەدەی داهاتویە. لەدێر زەمانەوە وەها هاتۆتە بەرچاو کە سەرتاسەری کولتوری ئەوروپایی ئێمە، بە تەنگژەیەکی ئەشکەنجە ئاسا کە دەیە بە دەیە روو لەزیادبوون بوە، بێ ئۆقرەو خرۆشانو بەلەز، وەکو روبارێك کە بێ بیرو ترساو لەبیر بەرەو دەریا رێ دەکا، بەئاراستەی مەرگەسات دەچێتە پێشێ[4]".

نیچە پرسی: بۆچی خوا مردوە؟ و وەڵامی دایەوە مەرگی خوا بەرەنجامی مەسیحیەت بوو. کە وەپشت سەرمان ناوە. چارەنوسی ئێمەی دیاری کردوەو بەوە مەحکومین. چۆن مەحکومین؟

سەرچاوەو گۆڕانی مەسیحیەت: نیچە وێنەیەکی مێژوویی تۆکمەی لەسەرچاوەی مەسیحیەتو بەلارێدابردنو چەوت

نوێنیو پێشکەوتنی دواتری دەخاتەروو[*]. عیسا لەم مێژووە بێ بەرییەو بەجیا راوەستاوە. بە باوەڕی نیچە، راستیی پەیوەندیداربەو هیچ کارێکی بەسەر مێژووی مەسیحیەتەوە نیە. عیسا کێ بوو؟ نیچە وەڵام دەداتەوە: جۆرە مرۆڤێك کە دەتوانین لەروانگەی دەروونناسانەوە وەسفی بکەین.

عیسا لەچاوی نیچەوە، نەك ناسینێکی نوێ، بەڵکو رێبازێکی نوێ لەژیانی وەدی هێنا - واتە نەك ئیمانێکی نوێ، بەڵکو گۆڕانکارییەك لەژیانی تاکە کەسیدا. "وارسکەیەکی قووڵ بۆ (لێکدانەوەی) ئەمە کە چۆن دەبێ بژیت تا خۆت لە "بەهەشت" و "هەرمان"دا هەست پێ بکەیت" بەسەریدا زاڵ بوو. ئەم بەختەوەرییە، ئەم تاسە خۆشییە ئاسمانییە کە عیسا بەشێوازو رێبازی ژیانی خۆی ئەزمونی کردو دەستی بەوە راگەیشت، هەر هەمان "کەتواری سایکۆیی"یە[٥].

ئەم شادیو سەرخۆشییە بەواتای "جێکەوتنی لەدنیای نێوەکییە، لەجیهانێك کە ئیدی کەتواری (دەرەکی) دەستی پێ ڕا نەگات". عیسا تەنیا لەمە دەدوا: "وشەگەلێك کە (لەوەسفی)

---

[*] ئێرنێست بێنتس لەم نوسینەی خوارەوە تاوتوێیەکی بەسودی لەتێزەکانی نیچە لەبارەی مەسیحیەت کە پێش بواری بەرهەمەکانی دیکەی پێك دێنێ، ئەنجام داوە:

Ernst Benz, “Nietzsches Ideen Zur Geschichte des Christentums” (Zeitschrift fur Kirchengeschichte, Vol. 56, 2937).

لەهەموش پڕنرختر لەم نوسینەدا، هێنانەوەی بەڵگە گەلێکە کە پێوەندەکانو هاوشێوەییەکانی لەم چەشنەی هزرەکانی نیچە لەگەڵ بیرەکانی نوسەرانی دی نیشان دەدەن.



ئەم دنیایە نێوەکییە بەکاری دەبا، "ژیان"ە یا "هەقیقەت" یا "تیشك"، هەرشتێکی دیکە. کۆی کەتوار، کۆی سروشت، تەنانەت خودی زمان - بەلای ئەوەوە بێ سودو بێهودەیە، مەگەر وەکو نیشانە یا ئەلیگۆری". ئەمە بەسادەترین شێوە بەم واتایەیە کە "تاسە خۆیشی تاقانە کەتوارەو سەرباقی یەکسەر نیشانە گەلێك بۆ ئاخاوتن لەبارەی خۆیەتی". هەرچی لەدنیادا خودان بوونی بەرهەستو دەرەکییە، شتێك نیە مەگەر "دەرفەتێك بۆ چیرۆکبێژیو ئەلیگۆری. گریمانو بەراییەك کە ئەم کەسە دژە کە تەوارە لەبنەڕەتدا بتوانێ بەپشت بەستن بەو لێی بدوێ، ئەمەیە کە هیچ پەیڤۆکێك نابێ بەواتای راستەقینە لەقەڵەمی بدەیت".

کە وا بوو لەبنەڕەتدا ناتوانێ هیچ هێرا - و بۆ یەکەمجار هیچ فێرکارییەکی نەگۆڕو بەدور لەتەمتومانی - هەبێ. "ئەم ئیمانە بەهیچ شێوەیەك لەقاڵبی رێساکاندا ناگونجێ. تەنیا زیندویە" رێسا پەسەند نیە.

بەڵام هەڵوێستی بنیاتی ئەم "ژینی راستەقینە"یە، ئەم "ژیانی هەرمان"ە ی کە "بەڵێنی نادرێ" بەڵکو "لێرەدایە". چۆن دەلوێ لەگوتارو کرداردا دەرکەوێت؟

کاتێك کە ئەو بوونە پیرۆزە وشەیەك بێنێتە سەر زمان، هەر راشکاویو لێبڕاوێتییەکی عەقڵانی بەناچار دەبێ لەزمانی

ئەلیگۆریکدا نغرۆببێ. "مزگێنی[1] بەم واتایەیە کە ئیدی دژیەکێك نیە" ـ بەقسەیەکی دیکە، هەموو جیاکارییەکان کۆتایی پێ دێنێ. نیچە وەها قسە بەدەم عیساوە هەڵدەبەستێ، وەك بڵێی هیچ شتێك نیە جگە لەوەی کە فامکردنی (هەستەکی) و هزرو ناسینی بەرهەستی ئێمە پەیوەست بێ پێوەی، چونکە وەها بوونێك دەبێ ملکەچی جیاوازیو جیاکاریو دژیەكو دیاریکاری بێت.

کردەی تایبەتی ئەو بوونە پیرۆزکەرە ئەمەیە کە بەبێ پەرۆشی لەتەنیشت دنیا، یان بەنێویدا گوزەر بکا. لێگەڕێن لێکەوتەکانی ئەم هەڵوێستە بنیاتیانە بەو چەشنەی کە نیچە شیتاڵیان دەکاتەوە، ڕۆشن بکەینەوە.

**مەرجی یەکەم**، نەبوونی بەرەنگاریی تەواوە. هیچ شتێك نکۆڵی لێ ناکرێو دانیشی پێدا نانرێ. عیسا وەها هەڵوێستێکی، بەسۆز یا ئەڤین ناودێر دەکرد. لەدیدی عیساوە "ژیانی ئەڤیندارانەو بەبێ تەریك خستنەوەو بەبێ مەودا" ئاوەها واتا دەبەخشێ کە هەموان بەشێوەیەکی یەکسان لێی نزیکن: ئەو "هیچ جیاوازییەك لەنێوان خۆوڵاتیو بێگانە، لەنێوان یەهودو بەدەر لەیەهود" دانانێ. ئەم ئەڤینە دەستەبژێرکراو نیەو بەهەر دراوسێیەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە لەم کاتەدا لێرەدایە، دەنوێنرێت، "لەڕێزو نرخی هیچ کەسێك کەم ناکاتەوە".

[1] ـ glad tidings وشەی "ئینجیل"یش لەبنەڕەتدا بەواتای "مزگێنی"یە (و. بۆ فارسی).



وەلێ ئەم نەبوونی بەرەنگاریی دلۆڤانی کردنە، لەپشتگوێ خستنی هەموو جیاوازیو جیاکارییەکاندا قەتیس ناکرێتەوە. تاکی مەسیحی تەنانەت کاتێك کە هەبوونی کەوتۆتە مەترسییەوە، ناجەنگێ. "(خاوەنی) وەها ئیمانێك ئازار دەچێژێ، تووڕە نابێ، زمانی پرتەو بۆڵەی نیە، خۆڕاگری ناکا، دەست بۆ "شمشێر" نابا". مەسیحی نە بەپەیڤو نە لەدڵدا، لەبەرانبەر ئەشکەنجە دەری خۆیدا ڕاناوەستێ. چونکە لەهەر هەلو مەرجو بارودۆخێکدا ناجەنگێ، "نە لەدادگاکان دەبینرێو نە بەوان دەوترێت (چونکە "سوێند خواردن" لێی حەرام کراوە).

ئەگەر هەموو هەمبەرێتیە لێکجیاو چالاکانەکانی مرۆڤ بە دنیا کۆتایی پێ بێت، ئەگەرچی بەگشتی کەتواری پێ دەوترێ، شتێك جگە لەسیمبۆلسازیی ناسەقامگیر بۆ گفتوگۆ لەمەڕ تاسەو بەختەوەری نەبێ کە تەنیا کەتواری ڕاستەقینەیە ـ کە وا بوو دووەم پێویستە کە : "ئەمجۆرە سیمبۆلگەرییە لەبەرزترین ئاستی خۆیدا شتێك جیا لەهەر ئایینو هەر چەمکێکی بۆنەییو هەر مێژوو پەرتوكو هونەرێك بێ ـ بەو چەشنەی کە لەڕاستیدا "ناسین"ی عیسا بەهەبوونی وەها شتانێك ساویلکەیی پەتییە. ئەو نکۆڵی لەکولتورو دانایی ناکا، چونکە تەنیا کەمترینو سەرزارەکی ترین ئاشناییەکیشی لەگەڵدا نیە.. هەروەها لەمەڕ دەوڵەتو کارو جەنگ ئەو هەرگیز هۆیەك بۆ نکۆڵیی "دنیا"ی پێ نەبوە... بەرتەکدانەوەو نکولێکردن

کتو مت شتێکن کە ئەو توانایی ئەو شتانەی نیە. چونکە دژیەکێك لەگۆڕێدا نیە، "چەمکی گوناهو سزادان"یش ناشێ هەبن. "گوناه، واتە هەر چەشنە مەودایەك لەپێوەندیی خواو مرۆڤ، هەڵوەشاوەتەوە".

سێیەم، کاتێك کە هەرجۆرە کەتوارێکی دنیایی لەگۆڕێدا نەما، تەنانەت مەرگیش ناڕاستەقینە دەبێ. "چەمکی مەرگی سروشت یەکسەر لەئینجلیدا بەدی ناکرێ. مەرگ پرد نیە، گوزەر نیە، وەکو بەشێك لەجیهانێکی ئێجگار جیاوازو تەنیا رواڵەتی، لەپیواردایە. کاتو ژیانی فیزیکیو قەیرانەکانی بەلای فێرکارانی "مزگێنی"، لەگۆڕێدا نین".

عیسا ئەم رێبازی ژیانی پڕ لەتاسەو خۆشییە لەتەك شێوەی مردنی خۆی تۆمار دەکا. "ئەم "مزگێنی دەرە" بەو چەشنەی کە ژیابوو، ئاوەهاش مرد ـ واتە نەك بۆ ئەوەی مرۆڤ رزگار بکاو بە رزگاری بیگەیەنێت"، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە نیشان بدا دەبێ چۆن بژیت. ئاوەها بوو "رەفتاری ئەو لەبەرانبەر دادوەران.... رەفتاری لەسەر خاچ". ئەو بەرەنگارنەبوویەوە، داکۆکی لەمافی نەکرد.... ئەو ئازار دەچێژێ، لەگەڵ ئەو کەسانەی ستەمی لێ دەکەن دلۆڤانەو دلۆڤانی دەکا. ئاوەهایە ئەو هەڵوێستە بنیاتییە "خۆڕاگری مەکەن، مەرنجن، لۆمە مەکەن.... لەتەك بەدکاردا مەجەنگن ـ لەگەڵی دلۆڤانی بکەن".

ئەم وەسفی نیچە لەشێوەی ژیانی عیسا، لەهەمەنکاتدا نیشاندەری بەهرە گشتییەکانە لەمرۆڤدا. نیچە دەپرسێ: کامە



کەسان دەتوانن وەها شێوەیەك هەڵبژێرن؟ عیسا دەبێ چ جۆرە کەسێك بووبێ؟ نیچە دەڵێ ئەم پرسیارە، پرسیارێکی سروشت ئاسایە. وەڵامی ئەو ئەمەیە کە "هەستیاریی لەرادەبەدەرو خۆڕاگریی بێ ئەندازەی ژانو رەنج لەبەر ئەوەی کە هەر باندۆرێك ئێجگارو لەڕادەبەدەر قووڵ هەست پێدەکا، ئیدی کارتێنەکراو بوە" و بەپێی وارسکە، بێزار بوون لەکەتواری لێ کەوتۆتەوە. "هەستیاریی لەڕادەبەدەرو توانای بەرگەگرتنی بێ ئەندازەی ژانو رەنج کە هەر چەشنە بێ مەیلییەك بەرەنجانو رەنجاندنێکی لەخۆڕاگری نەهاتو هەست پێدەکاو تامەزرۆیی تاسەو خۆشی (یاچێژ) تەنیا لەوازهێنان لەهەر بەرەنگارییەك دەزانێ"، بەپێی وارسکە رێ لەهەر پێ خۆشنەبوونو بێزاریو هەر دوژمنایەتیو سەر پێچییەك دەگرێ. کەوا بوو ئەوەی دەمێنێتەوە "سۆز وەکو دوایینو تاقانە رێگەی لواوی ژیان". ئەم هەستیارییە ئاسۆ بەرینەو توانای بەرگەگرتنی بێ بنەتای ژانو رەنج، نیچە بە "کەتوارێکی سروشتناسانە"[1] ناودێری دەکا.

نیچە، عیسا بەم چاوە دەبینێو لە "جوانیی هەژێنەری وەها ئاوێتەیەکی شکۆمەندیو نەخۆشیو منداڵانەخویی" دەدوێو دانە پاڵی چەمکگەلی وەکو قارەمانو بلیمەت بەو گاڵتەجاڕانەو جێی پێکەنین دەزانێو بەرتەکی دەداتەوە. "بەواتای وردو لەدیدی سروشتناسییەوە، وشەیەکی دیکە شیاوە. وشەی

[1] Physiological reality.

گەمژە"[2]. نیچە "گەمژە" بەهەمان واتا بەکاردێنێ کە دستۆفسکی شازادە مێشکین[2] بەگەمژە ناودێر دەکا[*].

ئەو شتەی کە نیچە لەعیسادا دەی بینێ لەگوتەزایەکە کە بەتیاچون[3] ی ناودێردەکرد - هەڵبەت تیاچون بێ درۆو درۆزنی، بەڵام بەهەرحاڵ لەگەڵ تێکڕای تایبەتمەندیی بنیاتی کە لەسیفەتگەلی ژیانێکی روو لەمەرگدا هەیە. "پێداویستی وارسکەیی بەکارکردن بە شێوەیەك کە دەسەڵاتداران بکەین بە دوژمنی خوێنیی خۆمان (و وەك دەوترێ، جەللادەکانی خۆمان لەکۆشماندا پەروەردە بکەین) - بەلێکدانەوەیەکی دیکە، ویستی وارسکەیی ئاراستە کراو بە نەبووون وردوخاشبوون"[(٦)] یش بەشێکە لەهەمان (تیاچون). عیسا وەها هەڵسو کەوتی کردو ئاوەها لەسەر خاچ مرد.

---

[2] idiot.

[2] Prince myshkin.

[*] گومانی ئەوە هەیە کە نیچە رۆمانی گەمژەی دستۆفسکی خوێندبێتەوە. یەکەمین پاچەڤەی ئاڵمانیی رۆمان لە ١٨٨٩ چاپکرا کەوا بوو ئەو نەیتوانیوە لێی ئاگاداربێ. من نەمتوانی بگەمە ئەرخەیانییەك کە ئایا پێشتر پاچەڤەیەك بەزمانی فەرەنسی بلاوبۆتەوەو گەیشتبێتە دەست ئەو، یا تەنیا ئەو ناوی کتێبەکەی بیستبێ، یاخود مەسەلەکە سەر لەبەری روداوێکی سەرسوڕهێنەرە، بەبێ ئەوە نیچە هیچ لەوە ئاگادار بێ. دوو وشەی "وشەی گەمژە" لەچاپی بەرهەمەکانی نیچە کە لەسەر دەستی خوشکەکەی بلاو کرایەوە لابرابوون‌و لەڕێگەی هۆف میلێر (Hofmiler) هەموانی لێ ئاگادار کرایەوە. ("گەمژە" لێرەدا بەگشتی بەواتای بەری لەگوناهو پاك ناخییە). (وەرگێڕ. بۆ فارسی).

[3] decadence.



وێنەیەك کە نیچە لەعیسا پیشانمان دەدا، سەرسوڕهێنەرە. گشتێکی هەژێنەرو بەشێوەیەکی لۆژیکی قەناعەت پێکەرە. لەهەڵ هەموو ئەوانەشدا دەلوێ لەپەیوەندیی ئەو لەگەڵ کەتواری مێژوویی دڕدۆنگ بین.

نیچە وەڵام دەداتەوە کە ئینجیلەکان وێنەیەکی بەتاڵ لەگومان‌و تەمتومان پێشکەشمان ناکەن‌و تەنیا لێ دەگەڕێن ئەو مەتەڵە هەڵبێنین کە عیسای راستەقینە چۆن کەسێ بوو. نیچە لەئینجیلەکاندا "دژیەکێکی ئێجگار گەورە (دەبینێ) لەنێوان ئامۆژیارێك کە لەتەپۆلکەو دەریاچەکان‌و دەشتەکاندا ئامۆژیاری دەکاو لەخاکێکی ئێجگار وێکنەچوو لەگەڵ هیند، هاوشێوەی بودایەو ئەو دەم هەراشە دەمارگرژەیە کە دوژمنەو تینوی سەری کاهێنان‌و یەزدانناسانە[(٧)]. بەڕای نیچە عیسای راستەقینە، عیسای ئارام‌و ئاشتیخوازی دەریاچەکان‌و تەپۆڵکەکانە، عیسای دەم هەراش لێکدانەوەیەکە کە وارسکەکانی کۆمەڵگا بەراییە مەسیحییەکان - وارسکە گەلی تەواو نامۆ لەگەڵ خودی عیسا - لەسەر (کەسایەتیی ئەو) باریان کردوە".

نیچە "دانە پاڵی دەمارگرژی بە رزگاریدەر" بە پوچەڵکراوە لەقەڵەم دەداو لەرادەبەدەرو بەشێوەیەکی سەمەرە گومانی لەوە هەیە کە بتوانی هیچ جۆرە کە تەوارێکی روون‌و بەڵگەمەندو باوەڕپێکراوی مێژوویی لەئینجیلەکان وەدەست بێنی. دەپرسێ:

"چۆن دەتـوانین بڵـێین کـە چـیرۆکەکانی قەدیـسان (بەئێمـە گەیشتون؟)*".

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نیچە لەسەر ئەم وێنایەیە کە "ئەم نموونـە سـایکۆییە، هـەر چـەندەیش تایبەتمەندییـە دەرەکییـە نابەجێکان خراپیان کردبێ یـاخۆ رازاوەیـان کردبـێ، هەمـدیس

* بۆ ئاگاداربوون لەڕاو بۆچونەکانی نیچە لەبارەی تاوتویێ رەخنـەکاریی کتێبی پیرۆز، بگەڕێنـەوە بـۆ (کـۆی بەرهەمـەکانی ئـەو، VIII, 251, 273, 279) رەخنـەکردنی ئینجیلـەکان لەسـەر بنمیـچی زماننـاسـیی مێـژوویی (Philology) لەتەك سێ جۆرە کەمایەسی بەرەو روبوە نیچە بـە "کـات بەسـەر بردنـی دانایـان" ناودێری دەکا، کیەرکە گورد ئەوە یەکسەر بەدەر لـەئیمانی مەسـیحی لەقەڵـەم دەدا، کەسـانی دیکـەش بەتێکـدەری دەزانـن و لـەو بـاوەڕەدان رێگەیـەك بـۆ گەڕانـەوە بـۆ ئیمانی مەسیحی پیشان نـادا، بـەڵام وا دێـتە بەرچاو هـەموو بۆچـونەکان رۆنـراوی خـراپ وێنـاکردن لـەبارەی مەبەسـتی راسـتەقینە لەزماننـاسـیی مێژووییـەو لـەم پێشباسە درۆیینەوە چاوگە دەگرێ کـە زماننـاسـیی مێـژوویی ئـەو شـتەی کـە هەیـە دەبینـێ. وەلـێ زماننـاسیی مێژوویی بـە باشـی گەوهـەری راسـتەقینە کـت و مـت بـە نەدیتنی رۆشن دەکاتەوەو توخمگەلی گەوهـەری لەلێکچواندنیان بـە تاقانـە بابـەتی راستەوخۆی کاری خۆی، واتە ئەو شتەی کە دەبینرێ، پارێزراوو دەست لـێ نـەدراو دەهێڵێتـەوە. کـەوابوو، زماننـاسـیی مێـژوویی لـەژێر هـەموو باکگراونـدەکان و کـەتوارەکان و پەیوەسـتبوونەکان و پێوەندییـەکان و پارادایمەفیکرییـەکان، بەدرەوشانەوەی گەوهەر (بابـەت) (ئەگـەر هەبـێ) یارمـەتی دەکا ـ بـەڵام تـەنیا بـۆ کەسانێك کە توانـای دیتنـی ئـەوەیان هەبـێ. زانیـاریی زماننـاسـیی مێـژوویی تـەنیا دیتەی درۆزنانە لەنێودەباو کاتێك کە بەگڕسەندوترین پلەی زانین بگات، بەڕاسـتی بـەواتای نەزانینـە یـا لێگـەڕێ خـودی راستەقینە ئاشـکرابێت. ئیمانێـك کـە لەسـەر کۆڵەکـەی سـاوێر گـەلی خـەوش هەڵنـەگر لـەبارەی کـەتواری ئـەزمونی و هـەرە پێویستیەکانی عەقڵانی بـێ، ئیمانێکی گومانلێکراوە.



دوورنیە سەرەڕای (تۆمار کراوەکانی) ئینجیلەکان، لەئینجیلەکان تۆمار کرابێ و نوسرابێ".

پرسیارەکە ئەمەیە کە "ئایا ئـەم نموونەیـە لەبنەڕەتـدا وێنـا هەڵگرەو ئایا (بەئێمـە) گەیـشتوە؟" نیـچە وەڵامـی ئـەرێنی بـەم پرسـیارە دەداتـەوەو وێنەیـەك کـە لەمێـشکیدایە دەکێـشێتەوە. دووەم، دەلـوێ گومـان لـەوە بکـەین کـە ئایـا وێنەگـەریی نیـچە لەعیـسا لـەرووی دەروونناسـییەوە دەلـوێ. نیـچە لێـرەدا دڕدۆنـگ نیەو دەڵێ: "کارکردن بـە مەسـیحیەت گومـان و خـەیاڵکرد نیـە، هـەر بـەو جـۆرەی کـارکردن بـە ئـایینی بـوداش (گومـان و خـەیاڵکرد) نیـە، رێگەیەکـە بـەرەو بەختـەوەری"(٨) بـەڵام ئـەم رێبـازی ژیانـە، وەکـو ئەگـەرێکی دەرونـی، بەشـێوەیەکی رەهـا نامێژووییە ـ واتـە ریـشەگەلی مێـژوویی دیـاریکراوی نیـەو کـەوا بوو "لەهەموو سەردەمێکدا دەلوێ" تەنانەت ئەمڕۆش. "ئـەمڕۆ ئەم جۆرە ژیانـە هێـشتا دەلوێ و بـۆ هەنـدێ لەخـەڵك تەنانـەت هـەرە پێویـستە. مەسـیحیەتی راسـتەقینە و رەسـەن لەهـەموو سەردەمەکاندا ئەگەری هەیـەو دەلـوێ"(٩). هـەر بۆیـە، نموونـەی بەرچـاو وجێـی مەبەسـت لەسەرتاسـەری سـەدەکانی مێـژووی مەسیحیەت، بۆ نموونـە لـەخودی (سـێنت) فرانـسیس ئاسـیزی[1]، دوپات دەبێتـەوە ـ وەلـێ نە لەقاڵبی کەسانێکی وەکو پاسـکاڵ کـە

[1] ـ Assisi of francis (st) (١٢٢٦ ـ ١١٨٢ز). قددیـسی گـەورە وئێجگـار کەرامەتداری مەسیحی، دامەزرێنەری زنجیرەی رەهبانیی فرانسیکۆن (فرانسیسیان). ئاسیزی ناوی شوێنی لەدایکبوونی ئەوە لەئیتاڵیا.

ئایدیاله درۆیینه مەسیحیەکان وزەو پتەوییانی تێك شکاند[١٠].

لەبەر ئەوەی ئەم شێوەی ژیانە لەچاخەکانی تیاچوون‌و گەندەڵبوونی روو لەزیادبوون‌و بە باشترین شێوەی دەرفەتی سەرهەڵدان دەستی رادەگات، لەرۆژگاری ئێمەدا ئێجگار ئەگەری هەیەو دەلوێ. "بەواتایەکی تایبەت، چاخی ئێمە کولێوەو گەییوە ـ واتە گەندەڵ‌و تیاچویە ـ هەر بەو چەشنەی کە چاخی بوداش ئاوەها بوو... لەم روەوە، مەسیحیەت بەبێ ئەم چەقبەستە پوچ‌و هەڵوەشاوانە هەنوکەش دەلوێ[١١]".

لێگەڕێن بە کۆبەندییەکی دیکە لەباوەڕەکانی نیچە لەبارەی ڕێبازی بەمەسیحی ژیان، بەو چەشنەی عیسا خۆی کاری پێ دەکرد، کۆتایی بە بابەتەکە بێنم. دەنوسێ: "ئەو کەسەی کە بڵێ: "من نابمە سەرباز، من گوێ بەدادگاکان نادەم، من داوای تەناهی لەپۆلیس ناکەم، من هیچ کارێك کە ئارامیی ناخم تێك بدات ئەنجام نادەم‌و ئەگەر قەرار بێ بەسزاکەی رەنج بکێشم، هیچ شتێك زیاتر لەرەنج‌و ئازار یاوەریی پاراستنی ئارامیم نادا" ـ وەها کەسێك مەسیحییە".

نیچە لەبارەی وەها هەڵوێستێکەوە دەڵێ:* "مەسیحیەت تەنیا وەکو تایبەتترین فۆرمی هایدن‌و ژیانی دەلوێ، مەرجەکەی

*ئێرینێست بنتێس لەوتارنامەیەکدا کە پێشتر باسکرا، بە بەرەنجامێکی نامۆو سەمەرە دەگا. ئەم ئاخاوتەوانە چەندین جار درۆبێژیی ئاخاوتەی لیبراڵ‌و پۆزەتیڤیستی (مەسیحی) لەسەدەی نۆزدە ئاشکرا دەکاو پاشان وێنەی نیچە لەعیساو گرنگییەکەی سەرەنجام "بەواتای یارمەتیدەرێکی ئەرێنی بۆ هاتنە دی



هەبوونی کۆمەڵگایەکی بەرتەسك‌و سنوردارو دورە پەرێزو یەکسەر ناسیاسییە ـ جێیەکەی، کەنشتە"[١٢].

کە وابوو پێوەندیی مەسیحیەت لەگەڵ عیسا چییە؟ نیچە دەڵێ مەسیحیەت بەلاڕێداچونی تەواوی ئەو شتەیە کە بەلای عیساوە هەقیقەت بوو. "لەراستیدا تەنیا یەك مەسیحی هەبوو کە ئەویش لەخاچدراو لەسەر خاچ گیانی سپارد"[١٢]، ئەمە ڕێکەوتنێکی مێژووییە کە کەسانێك بەسەمەد گەلی ئێجگار جیاواز ـ تولەسەندنەوەو باشاری هاوچەشن ـ لەوێنەیەکی پڕ لەق‌و پۆپ‌و بەرهەمی لێکدانەوەو هەڵێنجانی تازە لەعیسا، لەپێناوی مەبەستەکانیان قازانجیان کردوە. لەم روەوە، وشەکانی "مەسیحی" و "دژە مەسیحی" لەنیچەدا واتاگەلی گۆڕاویان

بیچمێکی تازە لەژیان‌و هزری عیسا" بەکاردێنێ. دەقی رستەکانی ئەو بەم چەشنەیە: "دژە مەسیح (یا جەجاڵ)... دەبێت بە فێرکەری ئەو شێوە لاساییکردنەوە لەمەسیح کە کەلیسا لەبەر لاوازی‌و تەمبەڵی قەدەغەو سەرکوتی کردبوو. دوژمنی کەلیسا دەبێت بە پێغەمبەری جۆرێکی نوێ لەمەسیحیەت کە کەلیسا لەبەر ترسان لەلێکەوتە پەیتا پەیتاو بێزارکەرەکانی تا ئێستا پێی باشتر بووە بیشارێتەوە، ئەو دەبێت بە مزگێنیدەری تەکوزداریی مزگێنیدەر (evangelical owder) کە ئەنجامی یەکخستنی تاقمێکی تازە لەرەگەزی خۆی (واتە مەسیح) بەمەبەستی لاساییکردنەوەیەکی تازە لەمەسیحیەو دەیەوێ بە ژیانکردن بەشێوەی ئەو (واتە مەسیح) ئیمانە کارتۆنییەکانی باوەڕدارە مەسیحیە بچوك‌و بستە باڵاکان لەچنگیان دەربێنێ‌و فڕێیان بدا" ئەمانە رستە گەلی سەمەرەن کە لەخامەی ئاخاوتە وانێکەوە ئاودەڵان دەکەن ـ و سەمەرەن لەدیدی کەسانێکەوە کە ئەو وێنەیەی کە هەنوکە لەپەیڤەکانی نیچە لەعیسا کێشرایەوە بیانەوێ لەیادیاندا نەخشبەندی بکەن.

هەیە. ئەگەر زاراوەی "مەسیحی" بدرێتە پاڵ عیسا، نیچە ئەو کۆمەڵگا بەرایی‌و دواکەوتوەو کەلیسای رۆژگارانی دواتر وێکرا بە "دژە مەسیحی" ئەژمار دەکا. بەڵام بەپێی رێسای بەکارهێنانی وشەی "مەسیحیەت" لەنیچەدا، بەواتای مەسیحیەتی حەوارییان‌و کەلیساییە کە بەچاوێکی سوك‌و بێزاری لێی دەڕوانێ. لەدژایەتی نیچە لەگەڵ مەسیحیەت دوو جەختی تەواو جیاواز هەن: ئەو لەلایەکەوە دژە عیساییە کە لەڕاستی‌و راستگۆیی ئەو رێزدەنێ‌و لەلایەکی دیکەوە لەدژی حەوارییان‌و کەلیسا کە سوکایەتی بەناڕاستی‌و درۆزنییان دەکاو بەدزێو لەقەڵەمیان دەدا. جگە لەوەش، ئەو هەردووك بەزیان لێکەوتەو نیشانەکانی جۆرە ژیانێکی روو لەهەرەسهێنان دەزانێ‌و لەگەڵ هەردووکیاندا نەیارە. عیسا ئەگەرچی بە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی راستی‌و راستبێژی دەناسێنێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك لەدژایەتی خۆی نایبورێ.

بەباوەڕی نیچە، عیسا نەك ریشەی مەسیحیەت، بەڵکو ئامرازێکە وەکو ئامرازەکانی دیکە لەدەستی مەسیحیەتداو کەوا بوو، بەلارێدابردنی هەقیقەت هەر لەسەرەتاوە بنیات دەنرێ‌و باڵا دەکا. مەسیحیەت رەوتی چەواشەکردنی هەقیقەتێکی بەرایی نیە کە بەرەبەرە لەدەست چوبێ. ژیانی لەرەگ‌و ریشەگەلی ئێجگار جیاوازەوە ئاو دەخواتەوە کە لەسەروبەندی یەکەمین بەرکەوتدا، ریشەیەکی بێگانە، عیسای بەشێوەیەکی لارو خێچ‌و لادەرانە پاوان کرد. تا بەر لەنیچە هزری



هەڵگەڕانەوە کە خۆی وێنایەکی مەسیحییە بە واتای کەمڕەنگ کردنەوە یا لەسەر تاق دانان یا بە کزو کەم گرتنی مەسیحیەتی کتێبی چاخی نوێ (ئینجیل)و خیانەت بەو بوو، بەدرێژایی سەدەکانیش چاکسازی مەسیحیەت هەڵگەڕانەوەیەك بوە کە لەگەڵ گەڕانەوە بۆ ئینجیلەکان بەیەکسان زانراوە. وەلێ بەباوەڕی نیچە، بەلارێدابردن‌و چەواشەکاری، دیاردەیەکی دواتر نیە، هەڵگەڕانەوە نیە، دەسپێکێکی پێدراوە. چەواشەکردن شتێك نیە جگە لەخودی ئینجیلەکان‌و سەر لەبەری کتێبی چاخی نوێ (ئینجیل).

نیچە ئەم بەلارێ بردن‌و چەواشەکارییە وەها وێنا دەکا. عیسای کردەوەکار بەڕێگایەکی تایبەت لەژیاندا بوو، پاشان ئیمان تەوەری پەیدا کرد. بەڵام "مەسیحی بوون" ئەگەر بۆ "پەسەندکردنی هەقیقەت" دابەزێنی، بەواتای بەرتەکدانەوەی مەسیحیەتە. کەوابوو هیچکەس مەسیحی نەبووە(١٤). عیساش وەکو بودا، لەبەر شێوەی کردەوەی جیاوازی، لەگەڵ باقی مرۆڤەکانی دی جیاوازبوو، مەسیحیەکان هەر لەسەرەتاوە تەنیا لەبەرو لەرێگەی ئیمانی لێکجیایان (لەگەڵ باقیی کەسانی دی) جیاواز دەبوون. ئەم ئیمانە بوو بە رێ‌و رەسمی ئەو شتەی لەبنەماوە سیمبۆلێك بۆ گواستنەوەی ئامەزرۆیی‌و خۆشی بوو بە کەتوارێکی هەستپێکراو ـ "هیچ شتێك مەگەر شمەك‌و کەسان لەجێی سیمبۆلەکان. هیچ شتێك مەگەر ـ مێژوو لەجێی

راستیه نەمرەکان. هیچ شتێك مەگەر فۆرمولەو بۆنەو دۆگمەکان لەجێی ڕێباز لەژیاندا"[١٥].

"ئەفسانەی رزگاری لەجێی سیمبۆل "هەنوکە تا هەمیشە" و "ئێرەو هەموو شوێن"ی گرت، پەرجو بوو بەجێنشینی سیمبۆلی دەرونی"، لەهەقیقەتی عیسا. هەقیقەتێك کە کەتواری هەر شتێکی تاکمەندو مێژوویی رەد دەکردەوە ـ بەهەشتێکی تاکە کەسی رزگاریدەرێکی تاکمەندو خوایەکی تاکە کەسی "دروستکرا و ساختەیان کرد"[١٦]. بەلاَم "هیچ شتێك نامەسیحیتر لەهەرزەییەکانی کەلیسا لەبارەی خوا لەجەستەی کەسێکداو مەلەکوتی دوا رۆژی خوا" وەکو کەسی سیانگەیی (تثلیث) نیە... ئەمانە هەموویان لەقە لێدانی بۆ وێنە لەمێژوودایە لەقە لێدان لەهەموو بنەواشەکانو گاڵتەکردن بەسیمبۆله[١٧].

لەهەموش سەیرتر ئەوەیە کە وێنەی عیسایەکی دەمارگرژو شەڕڤانو سەرکوتکەر جێی عیسای گرتەوە کە دەستکردی قەشەکانو ئاخاوتە وانان بوو ـ و سەرەنجام، لەراڤەو لێکدانەوەی پۆلسی پەیامبەر رزگاریدەرێك کە تەنیا شتێك کە بەڕاستی لەودا گرنگ بوو، مەرگو رۆژی دواییو ئاخێزیان بوو.

نیچە وردەکارییەکانی ئەم چەواشەکارییانە دەخاتە بەرچاوو لەوەها دیمەنێك هەر ئانو ساتێك واقی وڕدەمێنێ: "لەدیتنی ئەوە کە مرۆڤ لەبەرانبەر پێچەوانەی ئەو شتەی ریشەو واتاو هەقیقەتی ئینجیل بوە چۆکی داداوە، لەدیتنی ئەوە کە هەر



شتێك "مزگێنیدەر" (واتە عیسا) بەنزمترو سوكو چروكو بەدەر لەشانو شکۆی خۆی هەستی پێکردوەو وە پشت سەری نا بوو، مرۆڤ ئێستا لەچەمکی "کەلیسا"دا پیرۆزگەری دەکا ـ بێهودەیە گەر کەسێك پەیجۆری تەنزێکی تاڵتر لەمێژوودا بکات"[١٨]. بەلاَم بەلارێدا بردنو چەواشەکارییەکان کەمەسیحیەت لەسەریان رۆنرا، خۆیشی دەبایە ریشەگەلێکی هەبایە. ریشەی مەسیحیەت نەك ئارامیو خۆبواردنی عیسا لەتوندو تیژی، نەشێوەی ژیانی ئەو و دەستڕاگەیشتنی بە تاسەو خۆشی لەئەنجامی خۆبواردن لەخۆڕاگریو نەك پشتگوێ خستنی دنیا لەلایەن ئەو و گوێنەدان بە مەرگ، چشتێکی بنەڕەتی لەمرۆڤدایە کە لەم قەلاَفەتە مێژووییە تایبەتەدا بەهێزێکی بێ مێژینە گەیشتو ئەوەش توڕەییو کینەی تێکشکاوان ناسازانو ژێر دەستانو چەوساوانو مایە پوچانو ئاسایی حاڵانە. دۆزینەوەی گەورەی نیچە لەدەروونناسیدا ئەمە بوو کە تووڕەییو کینەی سەرهەڵداوی بێتوانایی ـ یا بە گوتەیەکی دیکە، ویستی ئاراستەکراو بۆ هێز تەنانەت لەهەمان کاتی بێتواناییدا ـ دەتوانێ لەنرخاندنو ئایدیالسازیو لێکدانەوەو راڤەی دووبارە، ئافراندن نیشان بدا. نیچە لەلابەلای دڵسۆزیو هاودەردی ئامۆژیاران وماموستایانی رەوشت، لەلوت بەرزیو سەرکێشی شاراوەی نەفس نزمان رادەمێنێو لەلابەلای دەمارگرژییە دادپەروەریخوازانەکان، لەقین لەدڵیو کینە شاراوەکانیان دەڕوانێو لەژێر نرخاندنە ئایدیال خوازانەکان،

سەيری شەڕە شاراوەكانيان لەگەڵ نەفس بەرزان دەكا. ئەو دەيدی كە كۆی ئەم سەمەدانە دەتوانێ فێڵبازانەترين لايەنە ڕۆحييەكان بەبيچمی چەواشەكارييە هەردەم تازەترو هەرچی بەرزترەكان دروست بكا. ئەو ئەم ديتە دەروونناسانەيەی بۆ تێگەيشتن لەچاوگەو گەشەی مەسيحيەت بەكارهێناو بينی كە مەسيحيەت لەهەر هەقيقەتێك كە لەبەردەمی قووت دەبێتەوە (وەكو هەقيقەتی عيسا) لەهەر چەشنە هەڵێنجانێك كەڵك وەردەگرێ تا بە يارمەتيی ستونەكانی هەرشتێكی شكۆمەندو شەريف ـ هەرشتێكی ساخلەمو پڕ تواناو سەربڵێند ـ هەر شتێك كە ژيان پەسەند دەكا بنكۆڵو لەرزۆك بكا.

كەوابوو، بەباوەڕی نيچە، كۆمەڵگەی بەرايی مەسيحيان "جيهانێك (بوو) هاوشێوەی ئەوەی كە لەڕۆمانە ڕوسييەكاندا دەبينرێ كە لەودا وادێتە بەرچاو نەفس نزمترين ئەندامانی كۆمەڵگا بەرەو دەرون پشێویو گەمژەييە "مندالانە"كان هەنگاو دەنێن"[١٩]، ئەم خەڵكە هاوچەشنانو هاويارانێكيان لەچاخی كەونارادا پەيدا كرد. لەمێژ بوو لەناخی كوفردا (بەر لەمەسيح) بزاڤێكی دژە كوفر ڕوابوو كە ببوو بە ئاينزای كەسانی چەپەڵو بێزراو كە ئيپكۆرۆس (ئەبيقۆر)[1] لەدژيان بەرخۆدانی دەكرد. مەسيحيەت، "هيراو بۆنەكانی تێكڕای ڕێبازە

---

[1] Epicurus (٣٤٢ تا ٢٧٠ پ. ز) فەيلەسوفی يونانی كە چێژخوازی بەئەنجامی ژيان دەزانی، بەڵام لەو باوەڕەدا بوو كە چێژ ئاوەزمەندیو شەرەفمەندیو دادپەروەرييە. (وەرگێڕ بۆ فارسی).



ژێر زەمينیو شاروەكانی ئيمپراتۆری ڕۆمو شتە پڕوپوچەكانی هەموو زەينگەلی نەخۆشو خەڵەفاوەكانی قووت داو ڕای كێشان"، چونكە "چارەنوسی مەسيحيەت وای دەخواست كە بۆ دابينكردنی ئاتاجە نەخۆش ئاساو سوكو چەتونو هەرزەكان، خۆيشی نەخۆش ئاساو سوكو چەتونو هەرزە ببێ"[٢٠].

ئەم بزاڤەی دژی فرەخوايی، ئەم "مەسيحيەتەی پێشتر هەبوو" لەداوێنی فرە خواييو لەترۆپكی بەرەوی فەلسەفەو بەدەستی خۆی پەروەردە بوو. بە باوەڕی نيچە يەكەمين دياردەكان لەم دياردە مەرگبارانە، سوكراتو ئەفلاتون بوون. كەوايە چاخی كەونارا مەسيحيەتی بەرهەم هێنا، مەسيحيەت شتێكی نامۆ لەگەڵ چاخی كەونارا نەبوو كە لەدەرەوە پێوەی زياد كرا بێ. لەم ڕووەوە، كەسێك كە نەياری مەسيحيەتە، دەبێ لەچاخی كەوناراش بەد گومان بێ. بەنوسينی نيچە: "هێندە كەمايەسیو سوچو كەمو كووڕی كە ئێمە توشی بووين بۆ چاخی كەونارا دەگەڕێتەوە كە ڕەوا نيە زياتر لەمە بەچاوی ڕێزەوە لێی بڕوانين. دێو ئاساترين تاوانی مرۆڤ ئەمە بوو كەمەسيحيەتی بە چەشنێك كە لواوە بلوێنێو گوناهی ئەم تاوانە لەئەستۆی ڕۆژگاری كەونارايە. چاخی كەوناراش لەگەڵ مەسيحيەت وازی لێ دەهێنرێت"[٢١].

مەسيحيەت تەواوی نهێنيەكانو سەرجەم كڕوزانەوەكان لەحەسرەتی ڕزگاریو بەختەوەریو گشت وێناكانی پەيوەنديدار بەگيانبازیو خۆپەرێزیو (ڕيازەت)و فەلسەفەی سيانیو تێكڕای

جنێودانەکان بەدنیا ـ واتە سەرتاسەری دیاردە گەلی پەیوەست بە سەردەمی رۆژداگەڕانو ئاوا بوونی ژیان ـ ی راکێشا، بەسەر هەموو رکەبەران، وەکو میترایيزم، لەرێگەی هەرسو راکێشانی نێوەرۆکیان زاڵبوو، تەنانەت کەوتە پێش ئەوانیش. بەڵام بەباوەڕی نیچە، لەبەرەکەتی بنەچەو رەگو ریشەی مێژوویی تایبەت بەخۆی واتە بەهۆی ئەوە کە رۆڵەی دانەبڕوای یەهودیەت بوو، توانی ئەم کارە بکا. مەسیحیەت بەڕای نیچە لەڕووی توندو تۆڵی سەمەد گەلی ئاکامناسانەی خۆی دیاردەیەکی لەسەر یەك یەهودییە.

"یەهودییەکان سەیرترین خەڵکی جیهانن، چونکە کاتێك لەگەڵ پرسیاری "بوون یا نەبوون" بەرەو ڕوو بوون، بە ئەنقەستو قووڵبوونەوەی سەرسوڕهێنەر "بوون"یان بەهەر نرخێك بەباشترزانی. نرخەکەی، تێوەگلانی سەرتاسەری سروشتو هەموو سیفەتە سروشتییەکانو کۆی کەتوار لەبنچو بناوان بە ناڕاستیو درۆ بوو"[(٢٢)]. بایەخەکانیان چەواشەکردو دەستیان بە ساختەکردنیان کردو هەندێ بیرۆکەیان لەرەوشتدا داهێنا کە ئەگەر باوەڕبکرێت، دۆش دامانیی یەهودییەکان دەکات بەهێزو بێ بایەخیی ئەوان دەکاتە بایەخ. "بلیمەتیی سەرهەڵداوی توڕەییو کینەی وارسکەیی، جیهانێکی دیکە"ی داهێنا کە لەروانگەی ئەوەوە، پۆزەتیڤ سەیرکردنی ژیان بە بەدیو بەلا دەهاتە بەرچاو. بەرتەکدانەوەی هێزو سەروەریو سەرکەوتن لەم دنیایەداو رەتاندنی چێژو شادی لەژیاندا،



یەهودیانی بەپێی وارسکە ناچار بەنکۆڵیی کەتوارەکان، بۆ نموونە رابردووی قارەمانێتیو جەنگاوەرانەی خۆیان، کرد. بەڕای نیچە، کارێك کە کاهینە یەهودییەکان بە چەواشەکردنی مێژووی ئیسرائیل کردیان، هاوشێوەی کاری پۆڵسی پەیامبەر[1]، لەچەواشەکردنی بەسەرهاتی عیساو دەسپێکی مەسیحیەت بوو، هۆی هەردوولا، مل نەدانو دوژمنایەتی کردن لەگەڵ کەتوار بوو.

بەڵام وارسکەی یەهودییەکان فرمانی بەوان دا کە بەمەبەستی پاراستنی پێگەی خۆیان لەکەتواردا، لەهەموو وزەژێرزەمینیو شاراوەکان کە بتوانێ یارمەتیدەریان بن، کەڵك وەرگرن. یەهودییەکان "خودان توندترینو سەرسەختترین وزەی ژێنەرانە بوون"و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، "کاتێك کە لەگەڵ بارودۆخو نەهامەتیی دژوارو لەبەرگە نەهاتوو بەرەو ڕوو بوون، بەسەمەدی پاکژی دەرون بە قووڵترین زیرەکی، بوونە لایەنگری وارسکە گەندەڵەکانو بنکۆڵبوون". خۆیان "خاڵی دژبەری هەموو گەندەڵکاران بوون، وەلێ هێندە بەناچار رۆڵی گەندەڵکارانیان گێڕاوە کە ئەمەش بەسەریاندا شکاوەتەوە.... تومەزا بۆ ئەو جۆرە مرۆڤەی کە لەیەهودیەتو

[1] پۆڵس یا سێنت پۆڵس (St. paul: ٦٧ ـ ٣م). یەکێك لەگرنگترین کەسایەتییەکانی مەسیحیەت کە بەفەرمی بەدامەزرێنەری کەلیسای کاتولیك دەناسرێتو کەلیسا وتار نامە چواردە بەشییەکەی ئەو بەچاوگەگرتوی سروشی یەزدانی دەزانێ. (و. بۆ فارسی).

مەسیحیەت پەیجۆرکەری هێزە، واتە توێژی کاهێن، گەندەڵبوون و نەهامەتی دەبنە کەرەستە"[٢٣]. بەڕای نیچە، مەسیحیەت ـ ونەك عیسا ـ دوابەری یەهودیەتە. وارسکەی یەهودی "لەکراسی مەسیحیەتدا ـ تەنانەت دوایین بیچمی کەتوار، تەنانەت "گەلی هەڵبژاردە"... واتە خودی کەتواری یەهودی بەرتەك دایەوە"[٢٤]. ئەم رەوتی تاقانەو بەردەوامەی چەواشەو ساختەکارییە ـ رەوتێك کە سەرەمەرە پێشەوەتر دەچێ و نیچە گوتەنی، سیفەتگەلی سروشتی لەبایەخەکان دەگرن و بەهای ساختە چی دەکاو لایەنی رەوشتی بە بایەخەکان دەدا لەنوسینەکانیدا ئەم بابەتە بە تێروتەسەلی شیتەڵ کراوەتەوە. یەهودییەکان تەنیا کەسانێك بوون لەمێژوودا کە ئەو رەوتەیان لەتێکرای لقەکانی گەیاندۆتە ترۆپکی پێگەیاندن.

"بەکردەوەو لەڕاستیدا، وەها دراوێکی ساختەیان لەمرۆڤ دروستکردوە کە تەنانەت ئەمرۆ مەسیحیەك دەتوانێ خۆی بە دژە یەهود هەست پێ بکا، بێ ئەوەی لەوە تێبگا کە خۆی بەروبوومی یەهودیەتە"[٢٥].

لەم رووەوە نیچە بە هەموو کەسانێك وەکو ئەفلاتون و رەواقیان کە لەمێژبوو دەستیان لەم رەوتەدا هەبوو "تۆزێك ساختەکاری و دوڕویی یەهودی"[٢٦] دەداتە پاڵیان. لەپاش مەرگی عیسا، مەسیحیەتی ساوا یەکەمین هەنگاوی لەپێناو ساختەکاری، واتە چەواشەکردنی عیسای راستەقینە، هەڵێنا. پاش



لەخاچدانی عیسا، موریدان توشی ئەم ئاریشەیە بوون کە: "ئەمە کێ بوو؟ ئەمەچی بوو؟" چارەی ئاریشەکە، واتە وازهێنان لەرێبازی ژیانی عیسا، لەویستی ئاراستەکراو بۆ جەنگان وەدەست هات. ئەویان لەجێی ئەوە لەئاوێنەی وازهێنانی بێ کەوشەن لەبەرخۆدان بێننە بەرچاو، بە یاخیبووی سیستمی دەسەڵات لەقەڵەم دا. توڕەیی و کینەی موریدان، چاوپۆشی و لێبوردنی بەڕەوا نەدەزانی: نامزگێنیترین هەستی تۆڵەسەندنەوە دووبارە ئاخێزیا. پێویستی بە وەك ئەویدی رەفتار کردن "بڕیاردان"[1]، هاتە گۆڕێ[٢٧]. پاشان پۆڵسی پەیامبەر هات و بەم پرسیارە کە "چۆن خوا وەها شتێکی ئەنجامدا؟". وەڵامی دایەوە "خوا کوڕی خۆی کردە قوربانی". لەوە بەدواوە، هیرا گەلی رابوونەوە (قیامە) و داوەری و هەرمانیی تاکە کەسی ـ واتە هەموو ئەو شتانەی عیسا لەگەڵیدا یەکسەر بێگانە بوو ـ بوو بە تەوەر[٢٨].

بەڵام لەبارەی پێشکەوتنی دواتری مەسیحیەت چ دەتوانین بڵێین؟ بەڕای نیچە، تایبەتمەندیی تایبەتی مێژووی مەسیحیەت، یەخسیریی گیانەکان لەڕێگەی هەمان یەکەمین ساختەکارییە لەبایەخەکاندا. وەلێ ئەم کارە دەستەبەری دژوارییەکان و ئاڵۆزی و تێکچڕژاوی سامناکە لەڕووی دەروونناسییەوە. تەنگژەی روحیی بەهێز لەمرۆڤدا ئاخێز دەکا،

[1] ـ درکەیە لەئامۆژیاریی حەزرەتی عیسا بەفوتابیانی کەفەرموی: بڕیار یا داوەری مەکەن تا لەبارەی ئێوەوە بڕیار نەدەن (و. بۆ فارسی).

دەلوێ تەنانەت کەسانێك کە لەخوخدەی بەهێزو شکۆمەند پشك دەبەن، سەرەنجام ملکەچی ئایدیالە مەسیحیەکان دەبن، وەلێ گیانیان بەناچارو دژبەر لەگەڵ ئەو ئایدیالانە مایەوە. دواجار رۆحێك کە مەسیحیەت بەوەها پلەیەك لەتەنگژەی گەیاندبوو، دەژاکێ. ئەو کات روخساری درۆیینەی[2] ئایدیالە مەسیحیەکانی بەدوایدا دێت. لەنێو هەموو ئەم روخسارانەدا، نیچە ژزۆئیتیگەری[3] بەچاوی رێزەوە عیساگەری سەیر دەکا، وەلێ لەهەمبەر روخساری درۆیینەی ئایدیالە مەسیحیەکان لەشێوەی رەوشتی نائایینیو دنیاییو جیهانبینیە لیبڕاڵو سوسیالیستەکان هەرسێکیان جگە لەسوکایەتیو بێزاری نیەو لەو باوەڕەدایە ئەگەر ئەمڕۆ مرۆڤی ئەوروپایی، سەرەڕای هەموو بێ باوەڕییەکان، هەوساری لەدەستی مەسیحیەتدایە، بەرپرسی سەرەکی هەمان جیهانبینیەکانن. هەر بۆ نمونە وردتر سەیری هەندێ لەو هزرانەی کە نیچە لەقەڵەمڕەوێکی بەرینتری مێژووی مەسیحیەت وەری گرتون، بکەین. نیچە هونەری راگەیاندنو برەودانی مەسیحیەت وەسف دەکا. خاڵی گرنگ لەم هونەرەدا "ئەمە نیە کە ئایا فلانە شت راستە، بەڵکو چۆنو بەکاری چ دێت". "لەکیس دانی راستگۆیی فیکری" بواری هانا بردن بەهەر درۆیەك دەدا تەنیا بەمەرجێ "تای سۆزدارانە هێندە بەرینە سەرێ (تامرۆڤان) بڕوا بکەن". ئەو

[2] – pseudomorphiosis.
[3] – Jesuitism.



سەرنج لەپەیدا بوونو بەرینبوونەوەی "رێبازێکی راستەقینە، تەرخانکراو بۆ کەرەستەکانی فریودانو بەرەو لاڕێی ئیمان بردن" دەدا. "ئەم کەرەستانە شتێك نین مەگەر بەسوكو هاسان ژماردنی بەتەکوزی رەگو ریشە شیمانەییەکانی بەرەنگاربوونەوە - واتە ئاوەزو فەلسەفەو داناییو گومانو پارێزکردن، پەسنو ستایشی بوێرانەو هیرای هاوهەنگاو لەگەڵ هێمای بەردەوام بەخوا نەك وەکو بەخشندەیی..... بەشێوەیەك کە تەنیا باوەڕو پەسەندکردن رەوابێ نەك رەخنەو هەڵسەنگاندن....و وەرگرتنی تەنیا لەگەڵ قووڵترین هەستی سپاسو خاکەڕایی، بە دروست ئەژماربکرێ..... دەبێ پەیتا پەیتا لەبارەی رەنجانو بێزاربوونی ژێر دەستان لەهەرشتێکی پاكو بەشەرەفو شکۆدار گومانکاری بکەیت.... دەبێ بۆ قەناعەت پێهێنانی تەریك خراوانو تێکشکاوان لەهەر بنەچەیەك بن تێبکۆشی.... دەبێ خاوەندارانی زەینە تۆزقاڵییەکانو سوكو نەزانەکان وەها لەدەمارگرژیو مێشك وشکی نغرۆ بکەیتو بەرەو خۆبینیو لوت بەرزییەکی پوچ ئاراستەیان بکەیت کە گوایە نازداربوونی زەویو جیهان بەبێ ئەوان بێ مانایە.... ئەم رێبازو هیوایە لەگەڵ هێزی خۆ شکێنیو پێکناکۆك نوێنی گونجا: واق وڕمانی دروست کردو تووڕەیی هێناو جنێوو ئازاری وروژاند"[٢٩].

یەکێك لەبەرەنجامە چاوەڕواننەکراوەکان - بەڵام کتو مت هەمان ئەنجام کە مەسیحیەت بوو - زاڵبوونو باڵا دەستیی ئایدیا

لەمەسیحیەکان بەسەر گیانە شەرەفمەندو بەهێزەکان بوو. مەتەڵی چیرۆکەکە لێرەدایە. دەروونناسیی نیچە توانای تێگەیشتنی تەواو لەمە بەو نادا. ئایدیال بریتیە لەسود وەرگرتن لە "هەر ترس‌و ترسنۆکی‌و لوت بەرزی‌و خۆینی گیانە ماندوەکان (و لەیادمان نەچێ کە تەنانەت بەهێزترین کەسان لەکاتژمێرەکانی ماندوبوون بێ بەش دەبن!) تا وەها بنوێنرێت کە هەرچی لەچرکەساتەکانی ماندووبوون سودمەندترو خوازراوتر خۆبنوێنێ ـ وەکو متمانەو یەکڕەنگی‌و خۆڕاگری‌و دان بەخۆداگرتن‌و خۆشویستنی دراوسێ‌و رازی بوون‌و خۆسپاردن بەخواو زرێ لە لەش کردنەوەو خۆڕامالّین لەهەوای دەرون ـ لەڕاستیدا لەخودی خۆیدا لەهەموو شتێ بەسودترو خوازراوترە.... لەمەسیحیەتدا چی هەیە کە لەدژی دەجەنگێین؟ ئەوە کە مەسیحیەت دەیەوێ بەهێزەکان تێك بشکێنێ، دەیەوێ دلێرییان لێ بستێنێ‌و لەناکامییەکان‌و ماندوبوونەکانیان خراپ کەڵك وەرگرێ و متمانە بە نەوسی بەرزە فڕ خوڵقێنیان بکات. بەبێ ئوقرەیی‌و گرمۆڵەبوون، ئەوە کە دەزانێ چۆن وارسکە بەشکۆکان ژەهراوی بکاو وەها نەخۆشیان بخات وزەو پتەوی‌و ویستی ئاراستە کراو بۆ هێزیان بەراوژوبێتەوەو بکەوێتە دژایەتی خۆیان ـ تا لەزێدەڕۆیی خۆسوك کردن‌و تۆمەت لەخۆدان بمرن‌و بەهەمان شێوەی تۆقێنەر کە پاسکال بەناوبانگترین وەڕاست گەڕانیەتی، وردو خاش بن[٣٠].



ئەم جۆرە هەوڵدان‌و تێکۆشانە تەنگژەیەکی رۆحی دروست دەکەن، کە نیچە بە تاقانە لێکەوتەی لەرادەبەدەری مەسیحیەتی دەزانی ـ دەرفەتێك زادەی زاڵبوون بەسەر مەسیحیەت‌و بۆ گەیشتن بە چلەپۆپەیەك لەپێگەیشتنی مرۆیی کە ئەگەر وا نەبایە هەرگیز شیانی وێناکردن نەدەبوو. هەر ئەم تەنگژەیە لەدایکبووی مەسیحیەتە کە نیچە هەست دەکا لەخۆیشیدا هەیە. بەلاّم پرسیارێکی گرنگ‌و مەترسیی گەورەی مێژوویی ئەوەیە کە ئایا ئەم تەنگژەیە کارتێکەر دەبێ‌و درێژماوەو لەسەر پێی خۆیدا رادەوەستێ؟ ـ چونکە دەلوێ ئەم رێ هەورازەو ڕوو لەسەرە، دیاردەکانی مێژووسازی بەربەستی بۆ دانێن کە لەخودی خۆیدا رۆح بەرەو بنکۆڵی‌و ژاکان بەرن[٣١]. وا دەنوێنێ کە نیچە دیاردەکانی وەبەرهاتوی ئەم لاوازی‌و داڕنینەی وزەی ژێنەر چەندقات توندتر لەخودی مەسیحیەت ریسوا دەکا. بەڕای ئەو هۆکارگەلی شوم‌و زیانبار، هەر ئەم دیاردانەن. ژزوئیتی لێ دەرکەی، بەرزترین نموونە کە ئەو دەیهێنێتەوە رۆحی دێموکراسیی ئەمڕۆیی‌و کەرەستەو زێدە بارەکانیەتی.

نیچە لەلیبراڵیزم‌و سوسیالیزم‌و لەدێموکراسیدا هەرچەندیش لایەنگرانیان قەلاّفەتی دژەمەسیحی بەخۆیانەوە بگرن ـ چۆڕبڕو بەری ئەم مەسیحیەتە بنکۆڵە دەبینێ. مەسیحیەت لەواندا هەروا زیندوە، ئۆخژن‌و ئاسودە لەنوێنی درۆزنییەکانی سەرچاوە گرتوو لەبنچینەو ریشەی خۆی درێژە بە بوونی خۆی

لەم دنیایەدا دەدا. فەلسەفەو رەوشتو مرۆڤگەرایی ئەمڕۆیی ئایدیا لە یەکسانیخوازەکانی، لەراستیدا هەمان ئایدیالگەلی مەسیحین، بەڵام لەقەڵافەتێکی رازاوەدا.

ئەمە کە بە لاوازەکان لەبەر لاواز بوونو بە بێتواناکان هەرچییەك بن یارمەتی بدەیت، ئەمە کە تەنیا مرۆڤبوون لەرووی زیندەوەر ناسییەوە داخوازی هەمووشتێك پاساودار دەکا کە تەنیا بۆ کەسانی پایە بڵند دەستڕاگەیشتویە، ئەمە کە بەهەر گەمژەو بیرکۆڵێك دەبێ دەرفەتی فێربوونی شتێك بدەیت کەشایانی هزرڤانانی داهێنەرو رەسەنە، ئەمە کە ئەولەویەتی رەها بەبوونی پەتیی مرۆڤەوە گرێ دەدرێتو پێی دەدرێت، نەك بەگەوهەرو سەرمەستیو تاسەباریو رەسەنایەتیو خۆپێگەیشتویی ئەو، ئەمە کەوا خۆبنوێنین کە هەموو کەسێك شایستەو ئامادەی هەموو شتێکە، ئەمە کە لەبەرانبەر کەتوار گەلی سەلمێنراو و نەرمی هەڵنەگر سەری بەڵێ گۆیی نالەقێنین، ئەمە کە بڕیارەکان پەسەند ناکەین، ئەمە کە لەمەعنەویتو ئایدیالخوازی تەنیا وەکو کەرەستەگەلێ بۆ پاکژی دەرونو بەدەسەڵات گەیشتن لەگۆڕەپانی جەنگ لەپێناو مانەوەی هەمیشەیی سود وەرگرین، ئەوە کە وەها کارێك راستیەکە لەهەموو شتێك دەستێنێتەوە ـ هەموو ئەمانە بەڕای نیچە، بەروبوومی بەلاڕێدا بردنو چەواشەکارییە بەراییەکانە کە گوناهی لەسەر رۆژگاری کەوناراو یەهودییەتو مەسیحیەت دەنوسێ. ئەم ئایدیالانە هەر بیچمێك لەخۆبگرن،



بەشێوەیەکی یەکسان درۆنو دورن لەکەتوار. کاتێك کە سەرەنجام وردو خاش دەبنو رەنگیان کاڵ دەبێتەوە، کاتێك مرۆڤان سەرەنجام پەی بە چیەتییان بەرن، ئەو کات نیهیلیزم دێتە نێو مەیدانەکەو ئیدی ئەو کات بڕوا بەهیچ شتێك ناکاتو ئیدی کۆڵەکەیەکی نیە لەسەری راوەستێو ئەمە لێکەوتەی خۆلەخۆی مەسیحیەتە ـ وەلێ مەسیحیەتی سەرهەڵداوی بەلاڕێدابردنەکانو درۆکانی بەرایی، نەك مەسیحیەتی عیسا.

نیچە روخسارگەلی هەمە چەشن لەروخسارەکانی درۆیینەی مەسیحیەت لەجیهانی ئەمڕۆدا دەبینێ. دلۆڤانانەترین کار "کوشتنی مەسیحیەت لەڕووی بەزەییەوە" بەدەستی بۆرژوازی بووە. بەباوەڕی نیچە، کەسانی بەڕاستی چالاك ئەمڕۆکە مەسیحیەتیان وەلاناوە، بەڵام خودان هزران لەچینی مام ناوەندیی روناکبیر هێشتا روخسارێکی خەوشدارو هەموارکراویان لەو هێشتۆتەوە کە ئەو لەوەسفیدا ئاوەها دەڵێ: "خوایەکی دلۆڤان کە هەموو شتێك بەو چەشنەی کە لەدرێژخایەندا لەبەرژەوەندیی ئێمەیە رێك دەخاو دەیڕەخسێنێ... لەسەریەك کارەکان بەباشترین شێوە رێك دەخریو ئیدی هۆیەك نیە تا ژیان بەقورس بگرینو یا لێی وە بۆڵەو ناڵە بکەوین. بەکورتی، خۆبەدەستەوەدانو ئەژنۆدادانێك کە بەپلەی خوایی گەیشتوە... جۆرە رێبازێکی رەوشتیی نەرمو نیان لەژیاندا. ئەوەی ماوەتەوە زیاتر لەوەی "خواو سەرپشکیو هەرمانی (ی رۆح)" بێ، میهرەبانیو خۆش خووییەو هەروەها

مەکتەبی بیروهۆشیاری

باوەڕ بەوەی میهرەبانیو خۆش خوویی لەسەرتاسەری جیهاندا زاڵ دەبێ[٣٢].

## مێژووی جیهان

مەسیحیەت، بەڕای نیچە، تەنیا دیاردەیەك لەنێوان ئەو هەموو دیاردانە لەمێژووی جیهاندایە. هەڵبەت سەرتاسەری مێژوو لەشێوەی وێنەیەکی تەواو هەمە لایەن بۆ ئەو ناخرێتە بەرچاو، وەلێ ئەو تێکڕای ئەوە لەڕەوانە بوون بۆ ئەکتیڤ بەخشین بە جۆرێکی بەرزتر لەمرۆڤ دەبینێ. مێژوو بە قۆناغی گواستنەوە بۆ گۆڕینی مرۆڤ بە شتێك زیاتر لەمرۆڤ، چاخی هەنوکەیی بە قەیرانی نیهیلزم دەزانێ کە دەبێ قۆناخەکەی ببڕێ هەم گەورەترین مەترسیو هەم بەرزترین دەرفەتەکانی ڕەخساندوە.

لەم "گشت"ە مێژووییەدا، نیچە مەسیحیەت بە پەتای سەرەکی دەزانێ کە مرۆڤی تیا بردوەو ئاوێتەی درۆی کردوە. مەسیحیەتیش وەکو چاخی کەونارا کە دروستکەری بوە، تازە هەنوکە سەرتاسەری ژیانی لەخۆگرتوەو تازە ئەمرۆدەبینین کە لەڕاستیدا چیە. ئەمە چرکەساتێکی تاقانەیە لەمێژووی جیهاندا. ئێمە هێشتا هەموو شتێك لەبارەی رابردویەوە دەزانین کە لەپاش ئەوەی لەلاپەڕەی ژیانی هەنوکەیی سڕایەوە، دەکەوێتە بۆتەی فەرامۆشکردنەوە. بە نوسینی نیچە: "دەتوانین کەمو زۆر لێکدەینەوە کە مێژووی مەسیحیەت لەپانتایی زەویدا یەکێك لەتۆقێنەرترین بەشەکانی مێژوو بووە... چاخی کەوناراش لەڕێگەی مەسیحیەتەوە بۆ سەردەمی ئێمە بەرین بوویەوەو بە کەمڕەنگ بوونەوەی مەسیحیەت، فامکردنی رۆژگای دێرین تەنانەت زیاتر کاڵ دەبێتەوە. ئێستا باشترین کاتە، ئیدی هیچ جۆرە پێشداوەری لەلایەنگری لەمەسیحیەت چاوساخی ئێمە نیە، وەلێ هێشتا لەڕێگای ئەوەوەو لەتێگەیشتن لەو توانای تێگەیشتن لەرۆژگاری کەونارامان هەیە"[٣٣]. لێرەدا کەشو هەوایەك بەسەر نیچەدا زاڵ دەبێ کە لەودا تۆقینو دڵە خورپە لەداهاتوو دەبێتە هۆی تێڕوانینێکی پۆزەتیڤ لەهەنوکە، واتە چاخێك کە بە دووگیانی گەیشتوەو ئەو دەڵێ: "ئێمە هەنوکە لەخاڵی گەڕانەوە بۆ پشتەوەی مرۆڤ - واتە لەرۆژگاری گەورەترین شادییەکاندا دەژین"[٣٤].

زێدەباری ئەوەش، مەسیحیەت لەم چرکەساتە لەمێژوودا، بەرزترین بابەتی بینینی نیچە بۆ تاوتوێی پێداویستیەکانو هۆکارەکانو هۆگەلی گشتی (کارەکانی) مرۆڤ دەبێت - بۆ نموونە تاوتوێی لاوازیو بێتوانایی کاتێك کە رقو کینەی لەلایەن ویستی ئاراستەکراو بۆ هێز بەرەو ئافراندن دەیبات، یا تاوتوێی شێوە هەمە چەشنەکانی نەرمو نیانکردنی چەواشەکارییەکان، یا تاوتوێی جۆری تاکە کەسە رۆحانییەکانو میتۆدەکانی زاڵبوون بەسەر رۆحو گیانو تکنیکەکانی پەرەگرتنو بەرینبوونو شتی جگە لەمانەش.

بۆ تـاوتوێی ئـەم ئەگەرانـە، نیـچە پـەنا بـۆ بـەراوردێك دەبا. توانـــاییو بێتوانـــایی، تیاچـــونو ژیـــانی روو لەهەڵکـــشان، نێرەموکـــانو كۆیلـــەكان، پیـــاوانی ئـــایینیو نیهلیـــزم، دەلـــوێ لەهـــەموو شـــوێنێك بـــن. كەوایـــە، نیـــچە دیاردەگـــەلی هاوشـــێوە لـــەئایینی بـــوداو لەئیـــسلامو لـــەرۆژگاری كـــەوناراو لەیاســـاكانی مـــانو[1]، پێكـــەوە هەڵدەسەنگێنـــێو دەبینـــێ كـــە درۆ لەهـــەموو جێیـــەك دەگـــوترێ، وەلـــێ بـــەڕای ئـــەو مەســـەلەكە ئەوەیـــە كـــە ببینین ئەم هەموو درۆبێژییە بـە چ مەبەسـتێكەو چ ئامـانجێكی بەدواوەیـە. نیـچە وا وێنـا دەكـا كـە دەتوانـێ درۆی بنیاتنـەرو داهێنەر لەدرۆی وێرانكەر كە تایبەتمەندیی مەسیحیەتە هاوێر بكـا. بـە نـەفرەتو بێـزاری دەگێڕێتـەوە كـە چـاخی گـەورەی یونانیـانی كـەونارا چـۆن بـەهۆی مەسـیحیەتەوە رمـاو چـۆن ـ بـەهۆی كەمتەرخـەمی لـوتێر ـ رێنـسانس، واتـە ئـەو هەمـدیس ئاخیزیانـە سروشـتی راسـتەقینەی مرۆڤـی گـۆڕیو كـردی بـە بێهودەییەكی دیكە.

هـــەموو ئـــەم تێبینیانـــە تـــەنیا یـــەك مەبەســـتی هەیـــە. مەسیحیەت لەم چركە ساتەدا لەسەرو بەندی مردندایە، ئێمـەی ئامـــادەكردوە بـــۆ ئـــەو شـــتەی كـــە بـــەیاوەریی هەژانـــەكانی

[1] ـ "لە ئەفسانە دینیەكانی هیندو، ناوی خاوەن شەریعەتێك كە لەدنیای سـەرەوە ئیلهامی وەرگرتـوە. یاسـاكانی مـانو كـە شـیمان دەكـرێ لەمـەودای ٢٠٠ (پ. ز)، ٢٠٠ (پاش. ز) لەرووی ژێدەرە هەمە چەشنەكانەوە تۆمار كرابن، لەسەر ژیـانی رۆژانـەو دابەكانی برێهمەنی حكومەت دەكا". دائرە المعارف فارسی. (و. بۆ فارسی).



لەدایكبووی خودی مەسیحیەت، دەتوانین ئەنجامی بدەین. نیـچە دەڵـێ هەنوكـە بـە خـاڵی گەڕانـەوە گەیـشتوینو دەتـوانین نـەك تەنیا دڵە خورپەی سەرهەڵداوی نیهلیزم دەرمـان بكـەین، بـەڵكو هـەروەها دەتـوانین بـەپێوەرێكی گـەورە بـۆ سروشـتی مـرۆڤ بەرنامە رێژی بكەین. گەلاڵەی پەروەردەكردنی مرۆڤـی سـەرتر، لەناسـینی ئێمـە لـەروداو گـەلی مێـژوو وەدەسـت دێ. مێـژوو بەبۆنەی هەرگۆڕانێك لەگـەڵ ئـەم پرسـیارەدا بـەرەو روو دەبـێ كە: روداوەكان لەبیچمگرتنی مرۆڤدا چ بانـدۆرێكیان دانـا؟ تـاكو ئێـستا سـەرهەڵدانی ناوێزەكـان، واتـە مرۆڤـانی نـەفس بـەرز، بەزنجیرەیـەك لەچـاكەی رێكەوتـەكان سـپێردراوە، بـەڵام لەمـە بـەدواوە دەبـێ ببـێ بـە تـانو پـۆی هەڵـسەنگێنراوی سـوڕانی مێژوو بەدەستی مرۆڤ. بەئاگاداربوون لەوە كە مەسیحیەت وەكو یەكێك لەهۆكارە پەروەردەییـەكان چـی بەسـەر مرۆڤـدا هێنـاوە، هەنوكـە دەپرسـین ئـەو چ بەهرەگـەلێكی دیكـەی هەیـە. قـووڵ رامانی گشتی بەرەنجامی پەروەردەی رێكەوتەیی بۆ ئێمە ئاشكرا دەكا تـابزانین كـە لەمەبـەدواوە پـەروەردە كـراوان چـۆن چـاكتر بكـەین. بـۆ ئـەم مەبەسـتەو بەچـاولێكردنێك لەگـشت مێـژوو، ئامـانجی نیـچە ئێـستا "چركەسـاتی بـەرزترین لـەخۆڕوانین"ە، بـەواتای گەیانـدنی ئـەم نیهلیزمـە نـوێ ئـاخێزاوە بەئـەنجامی لـۆژیكیو دەرونـــی خـــۆیو یارمەتیـــدانی بـــۆ دەستڕاگەیـــشتن بـەدوایین مەبەسـت، بـۆ پوچـەڵكردنەوەی لـەنێوەوەی خـۆی. هـەموو وزەگـەلی ئیمـانیو سـەرهەڵداوەكانیان وگـشت ئایدیالـە

ئەمڕۆییــەكانی فەلــسەفە دەبــێ دوژمنــی ژیــان بــژمێردرێن‌و دوربخرێن‌و جیهانبینی تازەو پۆزەتیف بنیات بنرێ، كە لەجێی سوك‌و چروك كردنی مرۆڤ، بەو سەركەوتن ببەخشێ، ئەو كات بەم جیهانبینییەوە دەتوانین مێژووی جیهان گەڵاڵە بكەین‌و بی چەرخێنین.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## (٣)
## رای نیچە لەبارەی مێژووی جیهان‌و سەمەدە مەسیحیەكانی

دەربڕینی ئێمە لەمەڕ دیدی نیچە لەهەمبەر جیهان‌و چاخی هەنوكەیی ورەوتی مەسیحیەت هەڵگری كورتەیەك لەڕایەكانی ئەو بوو، وێنایەك لەهەڵوێستەكانی ئەوی دەگەیاند، نەك گەنجینەی وردەكاریەكانی كە ئەو بەرهەڤی كردبوون. لەباسكردنێكی كورتی ئێمەدا لەنایەكانگیرییەكانی قسەكانی ئەو چاوپۆشی كرابوو.

وەلێ هەڵوێستی ئێمە لەبەرانبەر ئەم بابەتانە چیە؟ ناوهێنانی هەڵەكان‌و وەبیرهێنانەوەی زۆر لەو شتانەی كە نیچە پشتگوێی خستون، ئاسانە. هەروەها زۆر لەهزرەكانی ئەو كە شایانی نرخاندنی ئەرێنییە كەم تا زۆر دەبێ پشكێك لەزانراوە

سادەکان ئەژمار بکرێن، رێگەم بدەن هەندێك لەمانە دەسکەنە بکەین.

تاوتوێی نیچە فێرمان دەکا کەتوارەکان ببینینو هۆ دەرونیو کۆمەڵناسانەکان بێنینە بەرچاومان. بۆ نموونە ئیزنمان پێ دەدا لەکەلافی سەر لێشواوی بەرهەمەکانو بەرهۆکان سەر دەربێنین کە هەر کۆمکارێك لەبایەخەکان دەلوێ لەچەواشەکارییەکانیاندا گیرۆدە بن.

تۆمەتێکی بەگشتی پاساودار کە لەسەدەی سێزدەهەم (ی زاینی) لەرۆژهەلاتی دور، لەمەسیحیەت دراوەو نیچە دوپاتی دەکاتەوە، ئەمەیە کە مەسیحیان ئەوەی کە ئامۆژیاریی دەکەنو ئەوەی کە کتێبی پیرۆزپێیان دەڵێ کاری پێ ناکەن، بەلێکدانەوەی نیچە: "بوداییەك جیاواز لەو کەسەی کە بودایی نیە رەفتار دەکا، بەلام کرداری مەسیحیەك هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کەسانی دی نیەو مەسیحیەتێك کە ئەو کاری پێ دەکا مەسیحیەتی بۆنەو دابو خوو خدەو ورەیە".

نیچە دەیەوێ بەسەرنجدان لەو شتەی مەسیحیەت (بەتایبەتی بەپێی ئامۆژگاری (عیسا) لەسەر شاخ)[1] دەیخوازێ،

[1] ـ Sermon on the rount، ئامۆژگاریی هەرە سەرەکیی عیسا بە قوتابیانی خۆی (ئینجیلی مەتا، بابی پێنجەم، ئینجیلی لۆقا، بابی شەشەم) کە ئەو لەو فرمانە بنیاتیانەدا دینی یەهود (بەباوەڕی مەسیحیان) کامڵ دەکا. بۆ نموونە: "بیستوتانە کە بەیەکەمین گوتراوە مەکوژەو هەر کەس کەسێك بکوژێ شایانی سزادانە بیستوتانە کە گوتراوە چاو لەبەرانبەر چاوو ددان، لەبەرانبەر ددان. بەلام من بە ئێوە دەڵێم لەگەڵ شەڕەنگێزدا بەرەنگاری مەکەن، بەڵکو هەرکەسێك زللەی



هەر کەسێك بەڕوونی خۆی هەڵبژێرێ کە ئایا بەو فرمانانە گوێ دەدات یان نا؟ ئەو خۆگێل کردنە راڤەییەکان سەرکۆنە دەکا، بەلام لەهەمانکاتدا سەرنجی ئێمە بۆ مەسەلەکانی مشتو مڕی دوولایەنەی گەورەو چارەسەر نەکراو رادەکێشێ کە مەسیحیەت هەر لەسەرەتاوە دەری خستون، وەکو: لەمەسەلەکانی پەیوەندیدار بە هەمبەری ئیمانو زانست، پێوەندیی ژیان لەسەر بنەمای هیراکارییە مەسیحییەکان لەتەك کولتوری مەسیحیو سەرچاوەی پاكو بێ خەوشی مەسیحیەت. ئایا ریشەو بنەچەی مەسیحیەت بەکردەوە، نەریتێکە کە بەدرێژی سەدەکان رواوەو بالای کردەوەو ئەو شتەی سەرەتا تەنیا تۆوێك بوەو هیچی تر، بە پشکوتنی تەواوی گەیاندوە، یا تەنیا لەکتێبە پیرۆزەکانەوە چاوگەی گرتوە؟ یا رەنگە رەگاژۆی تەنانەت بەر لەم بەلگە پڕخەوشانە هەبوە؟ مەسیحیەت پرۆسەیەکی مێژوویی‌یەو لەم روەوە لەلایەنی زەمەنییەوە ناتەواوەو لەروی رواڵەتەوە، پڕتەمتومانە. نیچە هەندێ جیاوازیی داناو خودی عیسای لەریشەگەلی نالەبارو لارو خێچ کەرەوەی کۆتاییەکانی چاخی کەوناراو یەهودییەتو لەشێوە گۆڕانەکانی دنیای بایەخە مەسیحیەکانو بوونیان بە سوسیالیزمو دیموکراسی جیاکردەوە، تا ئەو جێیەی کە ئەمجۆرە جیاوازییانەی ئێمە تاڕادەیەك لەکەتوارەکانی بەرهەستو

لەگۆنای راستتدا تۆ گوناکەی دیکەشی بۆ راگرە" و بەم چەشنەو هتد (و. بۆ فارسی).

لەسەلماندن هاتووەکاندا هەن، بایەخیان لەباشترین دۆخدا بارتەقای بایەخی گریمانە تاقیکراوەکانە. بەڵام بە زۆری، کاتێك کە لەمەسەلەیەکدا پێی لێکدانەوەو راڤەو بایەخ پێدان لەگۆڕێدابێ‌و نەك تەنیا کاروباری کەتواری، راوبۆچونەکانی نیچە ئیدی لەو پشکە نین کە تاقی بکرێنەوە. واتای وەها وێنەگەلی مێژوویی بە دەرن لەبەرەوبوومی کەتوارە ئەرخەیانکەرەکان. ئەمجۆرە وێنانە نیشان دەدەن کە چاودێر لە چ تاقمێکەو کاتێك لەگەڵ مێژوو بەرکەوت پەیدا دەکا، تێگەیشتنی ئەو لەخۆی‌و لەویستو بایەخەکانی خۆی چۆنە.

ئێمە ناچینە نێوچییەتیی ئەم جۆرە راستیانەی وەدەست هاتوی وێنەکان‌و بەنرخاندنی رەخنە کارانەیان سەرقاڵ نابین. تایبەتمەندیی گشتی ئەو وێنانە تایبەت بە نیچە نیە. بنەڕەتی کارەکە، گرنگی‌و واتای بۆچونێکی مێژوویییە کە بوونی لەسەرتاسەری فەلسەفاندنی نیچەدا نیشانمان دا.

ئێمە لەسەر ئەو هەڵوێستەین کە ئەم رایە تەنیا یەکێك لەرواڵەتەکانی بیرکردنەوەی ئەوەو گەرچی لەدوایین نوسینەکانیدا وا دیارە:

کەم کەم بۆ پلەی رەها هەڵدەزنێ ـ و دیتەیەکی لێبڕاو وبێ ئەملاو ئەولا دێتە بەرچاوـ دادپەروەرانە نیە کە تەنیا لەچوارچێوەی باسکردنێکی سادە لەنیچە بڕوانین کە تائێستا بەو شێوەیە لەبۆچونەکانی ئەومان کۆڵیوەتەوە. تێگەیشتن لەبیرمەندێك بەواتای تێگەیشتن لەقووڵترین سەمەدەکانی ئەوە



کە لەیەکەمین روانیندا وەدەست نایەت، لەکاتێکدا فامکردنی وێنەیەکی بەدەر لەتەمتومان کە ئێمە تا ئێستا کێشاومانەتەوە ئاسانە. دەبێ ببینین شیکاریی قسەکانی نیچە تا چ شوێنێك دەلوێ کە ئێمە بەقووڵایی خودی جیهانبینی ئەو بگەیەنێت. دەلوێ بەم ئامانجە دەستمان ڕانەگا کە لێکدانەوەیەکی بەدەر لەتەمتومان‌و لێبڕاوانە بخەینە ڕوو، وەلێ یەکەم، دەتوانین هەستێك پەیدا بکەین لەمەسەلەیەك کە بەسەر وەدەر هێنانی نیچە دێتە پێشێ، نەك تەنیا دژایەتی ئەو لەگەڵ مەسیحیەت، دوەم تروسکاییەك لەبزاڤی فەلسەفیی راستەقینە ببینین کە تایبەت بەوەو لەسەروی کەڵك وەرگرتنی ئەو لەئانتی تێزەکان‌و دیالکتیکی ڕواڵەتیدا جێی هەیە.

بەمەبەستی گەیشتن بەم تێگەیشتنە، یەکەمین هەنگاو دەتوانین بەگەڕانەوە بۆ پرسیاری یەکەممان بهاوێژین‌و بپرسین: سەمەدگەلی مەسیحی تا چ ئاستێك دروستکەری بیرەکانی نیچە بوو؟ ئەو کات دەبینین کە تەنانەت بیری ئەگەری گەیشتن بە کۆبەندیی راوبۆچون لەهەمبەر مێژووی جیهان لەمەسیحیەتەوە سەرچاوە دەگرێ‌و ئەم بیرە بەوێناکردنی مرۆڤ وەکو خوڵقێنراوێکی پڕ کەمایەسی گرێ دراوەو لەهەموو گرنگتر ئەمەیە کە مەسیحیەت پێکهێنەری هەقیقەتخوازییەکی رەها بوو کە بەنۆرەی خۆی ئاراستەی بەهێرشکردنە سەر مەسیحیەت بەخشی. وزەی رەوشتیی ئەم پەیجۆرکردنی هەقیقەتە سازانهەڵنەگرە، نەقیزەیەك بوو کەکرا

بەبزوێنەری زانینخوازی لەبارەی گشت جیهان ـ واتە زانینی هەقیقەتی تەواو لەبارەی جیهانو مرۆڤو مەسیحیەتو مێژووەکەی ـ بەڵام ئەگەر تایبەتمەندییە مەسیحیەکانی نیچە تێبینی بکەین ـ کە لەدیدی ئەو لەهەمبەر جیهانو وێنەی ئەو لەمرۆڤ ئاشکرایەو هەروەها لەهەقیقەتخوازیی رەهای ئەو رەنگدەداتەوە کە خۆراك بەو دیدو وێنایە دەدا ـ دەبینین کە تێفکرینی ئەو لەهەمانکاتدا نێوەرۆکێکی مەسیحی تێدا نیە. ئەم لەکیسچونە هەر لەسەرەتاوەو لەئەنجامی هەژانێك سەری هەڵدا کە مەسیحیەت بەوی بەخشی. بەرەنجامەکەی پاشەکشە بەرەو نیهلیزم بوو.

لەنیچەدا، ریشەی نیهلیزم، شێوەی مەسیحی بوونی ئەو بوو. بەڵام ئەم هەنگاوە بەرەو فامکردنو درککردنی ئەو، دەبێ بەپارێزەوە بهاوێژرێ.

تا دۆزەکە روناك نەبێتەوە، ناتوانین لەقووڵایی تێفکرینی ئەو بەقووڵی رێ بکەین.

## ناسینی رەهای مێژووی جیهان

دیدی نیچە لەهەمبەر مێژووی جیهان لەسەر ئەم گریمانە دارێژراوە کە ئێمە رێچکەی مێژووی مرۆڤ بە تەواوی دەناسینو یا دەتوانین بیناسین ـ لەسەر ئەم گریمانە کە چاخی خۆمان دەناسینو کەوایە دەتوانین بزانین کە چ شتێك لەبارەو چ شتێك نالەبارەو، لەوەش گەرێین، دەتوانین کۆی دوارۆژ بێنینە



بەرچاومانو ملکەچی بەرنامە رێژی ویستی خۆمانی بکەین. وەلێ بەهیچ شێوەیەك راشکاوو ئاسایی نیە، کە هزری مرۆڤ لەم پارادایمە گشتییە پەیرەوی دەکات. بەشێکی زۆر لەمرۆڤانو تێکڕای خەڵکی هەندێ لەسەردەمەکان، لەمێژبوو لەخۆبەدەستەوەدانی بێ ئەملاو ئەولای دوپاتبوونەوەی بەتەکووزی هەندێ لەدیاردەکان دەژیان. بەلێکدانەوەیەکی دیکە، نامێژوویی دەژیان، وەك بڵێی کاتی هەنوکەیی تا هەمیشە درێژەی هەیەو کاروبارەکان بەردەوام ئاوەها بوەو هەیەو هەمیشە بەوردی ئاوەها دەبێت. بەڵام ژێدەری ئەو شێوە بیرکردنەوە وروژێنەرەو گیان ورۆژێنەی دیکە چیە کە، بەپێی هەلو مەرجەکان، یا هەستکردنێکی وردوخاشکەر لەبێتواناییو دۆش دامانی سەرتاپای مرۆڤ دادەگرێو یاخۆ هەستی هێزێکی لەرادەبەدەر لەهەمبەر رێچکە بەستنی روداوەکان بنەچەوژێدەری مەسیحیەتە. ئەمە یەکێك لەوێناکانی مەسیحیەتە کە رێچکەگرتنی مرۆڤو روداوگەلی یەکلاکەرەوەی ـ خولْقاندن، ئاخێزیانی ئادەم، جەستەمەندبوون، رۆژی دوایی، رۆژی رابوونەوەو لێپرسینەوە ـ بەشێوەیەکی رەها تاقانەیە. کەسی مەسیحی ئاگاداری گشتو کۆی هەموو شتێکە. بەڕای ئەو مێژوو بەشێوەیەك کە ئەزمون دەکرێ، پرۆسەیەکی سەرە رۆ وبێ رێساو گۆڕانی پەتی کەتوارێکی فیزیکی نیە، بەڵکو لەبەستێنی مێژووی بان سروشتی دایە. کەوابوو، مێژووی ئەزمونی لێورێژە لەواتایەکی قووڵو لەوەش گەرێین،

لەهەرچرکەساتێکدا هەرە پێویستیەك بۆ وەچنگ هێنانی بڕیار لەبارەی رزگاریو دەربازبوونی رۆحی هەموو کەسێك دێنێتە پێشێ.

گۆڕانی هەر ئەم وێنا مەسیحییە لەمێژوو بوو کە بوو، بە مامانی فەلسەفەی مێژوو وەکو ناسینی تەواوو رەهای روداوە مرۆییەکانو لەڕێگەی هێردێرو کانتو فیشتەو هێگلو مارکس بە نیچەگەیشت. بەرایی یا گریمانی سەرەکیی ئەوەش بەردەوامبوونی دیدێك لەکۆ (ی کاروبارو روداوەکان)ەو لەقەڵەمدانی چاخی هەنوکەیی وەکو خاڵێکی وەرچەخانی نەگۆڕ لەگشت پرۆسەکەدا. کاتی هەنوکەیی بەبێ ناوێزە، قەیرانو قۆناخی پڕمەترسیو چارەنوسسازی گوزەر تێبینی دەکرێت. هەمیشە بەرزترین لوتکەو سەرچاوەی رزگاری، کاتێك لەرابردو ودیتنی دوبارەی، دەرفەتێك بۆ هەنوکە دەدرێتە قەڵەم. هەرگیز نایەتە پێشێ کە پرۆسەی سەرەکیی مێژوو بەرەوتی وێرانیو گەندەڵیو وپیسبوونی دۆخی راستەقینەو ساخلەمی کاروبارەکان بەژەهر، بەنامۆبوونی مرۆڤ لەخۆی، بە دزێوکاری، یا بەهەرحاڵ بەخراپەو پەتایەك کە دەبێ مرۆڤ لەدەستی رزگار بکەیت، نەزانرێت. نێوەرۆکی ئەم گوتەزایانە دەگۆڕێت، وەلێ خودی گوتەزاکان پەیتا پەیتا دووپات دەبنەوە. بەباوەڕی نیچە رەچەڵەکی مەزنایەتیی مرۆڤ، جیهانی یونانی پێش سوکراتە کە بە دارمانێك وەکو چاخی بەلێندراو لەدیدی مەسیحیانێك کە روانگە ئینجیلەوە لێی دەڕوانن، لەدرەوشانەوەدایە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەو شتەی بە ئێمە دەرفەتی گەیشتن بە هەقیقەتو فامکردنی تەواوی کەتوار دەدات، رایەڵکردنی لێك حاڵیبوونو پێوەندی لەگەڵ جیهانی یونانیی چاخی تراژیدییە. بەپێی بۆچونی ئەو ژەهرەی مەزنایەتیی، رۆژگاری کەونارایان لەنێوبرد، کە لەمەسیحیەتدا لێکدرانو بەتوانی دوو گەیەنران[٣] و دنیایان بۆ تەقینەوەو وێرانبوونێك ئاراستەکرد کە هەنوکە پاش دوو هەزار ساڵ بەخاڵی پچڕان گەیشتوەو پێویستە بگەڕێینەوە دواوە.

باوەڕبەخۆبوون، لەسەلمێنراو زانینی، ناسینی تەواوی پارادایمە جیهان مێژووییەکان،

لەگەڵ هەبوونی نێوەرۆکی لەبنجو بناوان گۆڕاویەوە، خاوەنی چاوگەی مەسیحییە. بەڵام نیچە گەرچی بەردەوام لەم هزرەدا دەژیا، هەروا توانای پەیبردن بە چیەتیەکەی هەبوو. چونکە گریمان کە رایەك لەپلەی وشیاریی میتافیزیکی بەهایدن، لەقووڵاییو واتا بەری گرتبێ، لەپلەو پایەی ناسیندا بێ مانایە. ئاگایی میتافیزیکیی تازەی نیچە لەگەڵ تێڕوانینی رەخنەکارانەی زانستیی ئەودا یەکدەگرێتەوەو هەر جۆرە جیهانبینیەکی تەواو وهەمەلایەن دەپاژێنێ. نیچە دەزانێ کە وەها تەواوەتێك لەگۆڕێدا نیە. ئەوەی هەیە رەوتی بەکامڵبوونی هەمیشەییە، هێنانە گۆڕی کێشەی واتا یەکسانە بەوازهێنان لەهەقیقەت، چونکە هەمەکێتی لەسەروی ئەمەیە کە بپرسین واتای هەیە یا بێ واتایە.

تەنانەت جیهانێکی تاقانەش بوونی نیە. مێژوو بەڕای کەسی مەسیحی، ڕێچکە بەستنی سەراسای ڕوداوگەلی یەکلاکەرەوەیە کە لەسەرچاوەیەکی بان سروشتیەوە ئاخێزدەکەن، لەلایەکی دیکەوە، مێژوو لەگەڵ هەموو فرە ڕەنگییەکەیەوە، بەڕای فەیلەسوفی مێژوو، تاقانە ڕێچکە بەستنێکی بەکامڵبوونی ڕۆحێکی تاقانەیە کە هاوتای نیە. بەڵام نیچە مێژوو بە پچڕ پچڕو تاقیگەیەکی ئەزموونی بۆ دروستکردنی یەکە یەکەی مرۆڤەکان دەزانێ. "مێژوو کارگەی گەورەی تاقیکردنەوە"یە.[٣] "جۆری مرۆڤ پێش ناکەوێو تەنانەت بوونی نیە. دیمەنی هەمەکی دیمەنی تاقیگەیەکی بەرینە کە بڕێك تاقیکردنەوەکان لەودا سەرکەوتن بەدەست دێنن. تاقیکردنەوە گەلی بێ ئەژمار پوچەڵ دەبنەوەو تێك دەشکێن"[٤]. ئەم باوەڕە بەتەواوی پێچەوانەی ڕاوبۆچوونی ڕەها لەهەمبەر مێژوویە. ئەو شتەی کە هەر لەسەرەتاوە لەمەسیحیەتەوە سەرچاوەی گرت پەیتا پەیتا نیچەی لەو سەرچاوەیە دورخستەوەو ڕەتکردنەوەی تەواوی بیری یەکتایی لێ کەوتەوە. بیری یەکتایی نەسکی لێ هەڵدەگیرێتەوەو پاشان بیری نوێ دوبارە دەبێتەوە یا گەڕانەوەی هەتا هەتایی[1] لەنیچەدا جێی دەگرێتەوە.

ئەگەر مێژوو کارگەی تاقیکردنەوە بزانرێت یەکتایی بەکامڵبوونی سەرتاسەری لەنێو دەچێ، بەڵام شێوازی گشتیی ڕودانی ڕوداوەکان دەمێنێتەوە کە دەتوانرێ بە بینینو

---

[1] – eternal recurrence.



بەراوردی تاقیکارییە بەرنامە دانەڕێژراوەکانی ڕابردوو، توانای ناسینی بەدەست بێنین. لەمەڕ مێژوو تەنیا وەکو تاقیگە، نیچە بەبیرێکی دیکە دەگا کە یەکسەر نامەسیحیەو تەنیا نەك لەبارەی گشت، بەڵکو لەبارەی ڕێگاکانی ڕێنوێنی کردنی پرسیاری لێ دەکا. پێشگریمانی مەسیحیەت هەبوونی پرۆسەیەکی تەواو ڕەها بوو. تەنیا بڕیارێك کە دەبوایە لەناخیدا بدرێت، بە ڕزگاریو بەختەوەریی ڕۆحی تاکەکەسییەوە گرێ دەدرا. نیچە ڕێنوێنی پرۆسەی ڕەها دەکات بەبابەتێك کە ویستی چالاکی مرۆڤ دەبێ لەبارەیەوە بڕیاربدا. هێگل هێشتا لەوڵامدانەوە بەکێشەی دوارۆژ خۆی دەبوارد. مارکس دەیهەویست بەو شتەی، بەباوەڕی ئەو، خۆپەرێزهەڵنەگرو ڕودانەکەی حاشا هەڵنەگرە، خێراییو بلەزی ببەخشێ. بەڵام نیچە مەترسییەکی سامناکی دەدی. لەوەدا ئەگەر گۆڕان لەکاتی خۆیدا ڕونەدا، مرۆڤ دەلوێ یا وردو خاش بێت یا بگەڕێتەوە بۆ دۆخی مەیمون. ئەو لەو باوەڕەدا بوو تەنیا بە ناسینی تەواوەوە لەیەك جیهانبینی تازەدا بەهۆی پەروەردەی هەڵسەنگێنراوی جۆرێکی سەرتر لەمرۆڤ دەتوانی وەها گۆڕانێك دروست بکەی. جێی خوای خوڵقێنەر لەپایەی ڕۆحی ڕێنوێنی کەری مێژوو، دەبوایە مرۆڤێکی داهێنەر بیگرێتەوە کە بۆ کۆی مێژوو بەرنامەڕێژی بکاو بەڕێوەی ببا.

تێبینیە ڕەخنەگرانەکانی خوارەوە لەرەتکردنەوەی ئەم بنەمایەدایە کە ئەم جۆرە ناسینە گشگیرە دەکرێ بێتە دیو

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەروەها لەرەتکردنەوەی ئەگەری بەرنامە ڕێژیی تەواو سەرتاسەری کە لەتەك ئەگەری یەکەمدا گرێدراوە.

یەکەم: ناسینی تەواوو رەهای مێژووی جیهان نالویٚ، چونکە ئێمە بەردەوام دەورەدراوی "گشت"ین، ناسین وەدەست دێنین و هەرگیز خودی گشت ناناسین. هەر گەڵاڵەیەکی پوختکراو لەگشت، گریمانەیەکە کە بەهۆیەوە تاقی دەکەینەوە کە چ شتێك لەتەك کەتواری لەناسینهاتوو دەسازیٚو بەم چەشنە، بە پەروەردەکردنی روانگەکانو هێڵگەلیٚ بۆ دروستکردنی هاوپێوەندیی بە تەکوز لەنێوان دیاردەگەلی مێژوویی کامەران دەبین. هەر شتێك کە (لەتەك ئەو گەڵاڵە) یە نەگونجا، پرسیارگەلی بەردەوام تازەتر لەبەردەم بێسنورێتی مێژووی لیٚ دەکەوێتەوە. لەم رووەوە، هەر گەڵاڵەیەکی هەلگری ناسینی تەواوو رەها کە بەشێوەیەکی چەقبەستوو بیٚ ئەملاو ئەولا بیٚتە گۆڕیٚ، نەك تەنیا هەمیشە لەهەقیقەتەوە دورە، بەڵکو توانای ناسین ئیفلج دەکا. تەنیا یەکبوونێکی درۆزنانە دەدا بەدەستەوە کە هەر کە چاو و زەین لەودا ئۆقرە بگرن، شادمانیان دەکا.

جگە لەوەش، هەر رایەکی دیاریکراو لەهەمبەر قۆناخێکی مێژوویی تەنیا رۆنراوێکە، کە تەنیا بەو رێژە روناکییەی دەیپرژێنیٚو روناك دەکاتەوە، لەگەڵ لۆژیكو ئاوەز یەکانگیر دەبیٚو هیچکات ناتوانیٚ ناسینی خودێتی ئەو چاخەو یا کۆی کەتواری بێسنوری بیٚ. هەر ناسینێك لەچاخێك لەلایەن



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەتوارگەلیٚ کە لەتەك ئەو ناسینە ناسازێن، بەرتەسك دەبێتەوە.

هەر ناسینێك لەهەرشتێك - بۆ نموونە ناسینی ئێمە لەرێچکە بەستنی مێژوو - ئەگەر قەرارە راست بیٚ، دەبیٚ لەودا لەهەمبەر یەکێك لەمەرجە سەرەکیو بنەڕەتیەکانی هەبوونی ئێمە ئاگایی هەبیٚ. ئێمە لەسایەی (خودێکی گشتگرەوە[1] کە خۆی هەرگیز نالویٚ، شایانی یا پەیوەست (بەناسین)بێت، هەینو دەژین. ئەگەر وابیر دەکەینەوە دەستمان بە کۆی پرۆسەی مێژوو وەکو شایانی یا پەیوەستی ناسین راگەیشتوە، ئەگەر وا وێنا بکەین کە بەمجۆرە بەرجەستەمان کردوە کە بوونی ئێمە لەکویٚو لەکوێوە دیٚ، هەستی پەیوەست لەژێدەری فێربوونمان لەکیس داوە کە ژیانی ئێمە لەوەوە ئاخێز دەکاو لەودا لایەنەکانی ناسین بەشێوەیەکی بەرتەسكو بنەتایی بیچم دەگرن). نیچە، هەر وەك خووخدەیەتی، هەمیشە لەبەرانبەر رووداوگەلی دیاریکراوی مێژوویی پەنا بۆ دەربڕینی توندو داوەریی بایەخ دانەرانەو گشتگۆییگەلیٚ دەبا کە لەواندا دۆش دادەمێنیٚ.

---

[1] ـ the encompassing (بەئەڵمانی das Umgreifende) یەکێك لەبنەڕەتیترین چەمکەکانی فەلسەفەی کارل یاسپرێسە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە "باسکردنی زاراوە فەلسەفییەکانی یاسپرێس" لەژیاننامەی فەلسەفیی من، لەوەرگێڕانی عیزە تولڵا فولادوەند، (چاپی دووەم، تاران، ١٣٧٩) شتی لەمجۆرە لەخودی نوسەر بەدەستی وەرگێڕ دەستەبژێر کراوە. (و. بۆ. فارسی).

هەر کات چاودێرێك پێی وابێ کە دەزانێ مرۆڤ چیە، مێژوو چییە، کۆی "خۆ" (ی مرۆڤ) چیە، بەرکەوتی خۆی لەتەك (خود)ی گشتگر لەدەست بدا، کەوا بوو، پێوەندیی خۆی لەگەڵ بنەچەو خودی خۆی دەپچڕێ.

ناتوانی مەسیحیەتیش وەکو دیاردەیەکی مەزنی مێژوویی لەهەموەکیی خودی ئەودا بناسیت. هەر ناسینێك یان لەدەرەوە دێتە دی ـ کە ئەگەر ئاوەهابێ، ژیانی بوونی نێوەکیی خۆی پشتگوێ دەخاو تەنیا لەگەڵ روداوگەلو گۆڕانکاری دەرووناسی کە لەدەرەوە ڕا دێنە دیتن سەروکار پەیدا دەکا ـ یا لەنێوەوە، لەم روکارەدا هەمیشە ناسینێك دەبێ لەلایەنی پەتیو دەورە دراو لە (خودی) گشتگیرەوە، وەکو ناسینی کەسێك کە ئیمانو شێوەی ژیانی مەسیحی پەسەند دەکا. ئەمە یەکێك لەچەواشەکارییەکانی سەرهەڵداوی وێنای چەوت لەمێژوو بوو کە مێژوونوسانی مێژووی هزر لەیەك سەدەو نیوی رابردو پێیان وابوو، لەو شتەی لەخودی خۆیدا تەنیا لەیەکبوونی هایدنو ناسینو بووندا هەیە، ناسینی بەرهەستیان بەدەست هێناوە. ئەمڕۆش ئەمە چەواشەکارییەکی دیکەیە کە کەسێك لەبارەی چیەتیی مەسیحیەت بەوەها شێوەیەك باس بکا، بەبێ گوێدان بەوەی چەندە دەکەوێتە گومڕێگای گشتگۆییە ئاڵۆزو ناڕوونەکان یا سەرنجی لەسەر وردەکارییە هەستپێکراوەکان چڕبێتەوە کە لایەنێکی تەوەرییان نیە.



دووەم: هیچ کردارێك ناتوانێ لەسەر بەرنامە رێژیی سەرتاسەری و رەهای مێژووی جیهان رۆبنرێت، چونکە ئەم کارە وا دەخوازێ کە سەرەتا ناسین بەگشت (کاروبارەکان)ەوە پەیوەست بێ. نیچە دەیزانی کە وەها ناسینێك لەگۆڕێدا نیە، وەلێ وێنای دەکرد رەنگە بتوانێ بوون پەیدا بکا، هەرچەندیش نوسیی: بەهەرحاڵ ئەگەر قەراربێ مرۆڤ بەوەها فەرمانڕەواییەکی سەرتاسەری و رەها خۆی بەرەو هەڵدێری تیاچوون دەبات، پێشتر دەشێ ناسینێکی بێ مێژینە لەمەرجەکانی کولتور، وەکو پارسەنگێك بۆ ئامانجە جیهانییەکان دۆزرابێتەوە[٥]. دواتر نیچە تەنانەت ئەم نەبوونی ئەگەری راستەقینەو کردەوەییەشی لەیادکردو هەرگیز نەبوونی ئەگەری بنەمایی پەسەند نەکرد.

نەبوونی ئەگەری بنەمایی وەبەرهاتوی ئەم راستیەیە کە هەرچی ئێمە بتوانین بیزانین، بەردەوام بنەتاییو دەوردراوی هەمەکێتییەکە هەرگیز نالوێ بە تەواوی بناسرێت. هەر کردارێك خاوەنی هەندێ ئاسەواری پێشبینی نەکراو یا بەدەر لەمەبەستە. کردار بەردەوام لەناخی رێچکەی دەورە دراوی روداوەکاندایەو هەرگیز ناتوانێ رێچکەی گشت (کاروبارەکان) جڵەو بکات. من تەنیا بۆ مەبەستگەلی بنەتاییو لەنێوەوەی هەمەکێتییە بنەتاییە کاملەکاندا دەتوانم لێبڕاوانەو ریالیستانە ناسینم هەبێ، بەرنامەکانو رەنجدانەکانی من تەنیا لەوجێیەدا دەلوێ کە بە ئەنجامی خوازراو بگات.

بەڵام هەر کە بمەوێ میژووی جیهان یا تەواوی ژیان وەکو هەمەکێتیەکی بنەتایی بێنمە بەرچاو، تەنیا دەتوانم لەسەر کۆڵەکەی ناسینێکی درۆیینەو وبەلادان لەئەگەرە راستەقینەکانو لەمەودای دور لەکەتوارو بەبێ وێنایەکی روون لەکاروبارو روداوەکان رەفتار بکەم کە بێجگە لەپشێویو هەڵە بەرەنجامێکی نابێو دەکەوێتە ئاراستەیەکەوە کە یەکسەر بەدەرە لەوشتەی کە من گەرەکم بووە.

لەوەش گەڕێین، هیچ رێگەیەکی دروست ـ واتە هیچ رێگەیەك کە مانەوەی هەمیشەیی هەبێو هەمیشە حاشا هەڵنەگرو لێبڕاوبێ ـ لەم جیهانەدا بۆ شیرازەدانی کاروبارەکان نیە. هەر رێگایەك "دروست" لەهەمبەر لەگەڵ گشتدا، تەنیا جادەیەکە کە دەبێ بیگرێتە بەر تا ئاشکرابێ کەوشەی "دروست" لەبنەڕەتدا نەیتوانیوە چ واتایەك بدات بەدەستەوە. هەر کات بڕوابێنین کە گشت دەتوانێ ملکەچی ویستی مرۆڤ بێ، (خودیی) گشتگرمان کردۆتە شتێکی بنەتایی. کتو مت شتێکمان کردۆتە مەبەستو ئامانج کە ئەگەر ببێ بە مەبەستو ئامانج، پێی ناگەین. هەوڵی شێلگیرانە بۆ باڵا دەستبوون بەسەر کۆی مێژو و سەرتاسەری دوارۆژ دژایەتیەکی سەر سوڕهێنەری هەیە لەتەك ناسینێکی رەها کە لەبەربەرەکانی لەگەڵ هەر رەخنەکارییەکی بەڕاستی زانستی تێك دەشکێو هەروەها بەوێناکردنی "چارەسەرکردن" هەندێ ئاریشە کەواتاو گرنگییان لەرەوتی روداوەکاندا لەلایەن هێز



گەلێکەوە جگە لەهەندێ هێز کە بەدەر لەهێزی مرۆڤە دیاری دەکرێن.

هەر کات ناسینی من بەم چەشنە لەچەمکگەلی رەها کۆت بکرێتو هەرکات بینای کردەوەکانی من لەسەر جیهانبینییەکی تایبەت رۆنرابی، دەرونم لەوشتەی کە بەڕاستی دەتوانم بیکەم دەکشێتەوە. ئەمڕۆ لەکیسم دەچێ (لەمەڕ ناسین) لەبەر دوێنێ، یا (لەمەڕ کردارەوە) لەبەر بەیانی ـ و لەهەردوو حاڵدا، لەبەرشتێکی خەیاڵی، نەك راستەقینە، کە لەگەڵی نەژیاومو هەرگیز بەدی نەهاتوە. کەسێك کە بە کەتوار وەفادار دەمێنێتەوە، دەیەوێ ڕاستەو ڕاست لێرەو لەوێو هەنوکە کار بکات، نەك ئەوەی لێرەو هەنوکەیەکی پلە دوو لەفلانە ئامانج وەدەست بێنێ. گومانی تێدا نیە کە مرۆڤ تەنیا بە بەرنامەو ئامانجەوە زیندوە... کەوشەنی بەرنامە رێژی بەستراوەتەوە بەناسینو بارودۆخەوەو بەرنامە رێژی تا ئەو جێیە کاریگەر دەبێ کە ناسین، رەخنەکارانەو میتۆدیك بێو تێگەیشتن لەبارودۆخ لەگەڵ ریالیزم هاوتەبا بێت. ئەو کات بارودۆخو ناسین لەبەستێنی ئارایی گشتگردا جێ خۆش دەکەن کە نەمرانە لەسەرتاسەری بووندا گلۆرو رەوانەو یا دەتوانێ هەبێت ـ رێنوێنی گشتگرەوەیی کە دەبێ پەیڕەوی لێ بکەین، ئەگەر بمانەوێ ئەو شتەی بەرنامە رێژی بۆ دەکەین یا دەیخوازین یا ئەنجامی دەدەین گەوهەرو نێوەرۆکێکی هەبێ. بەگوتەیەکی دیکە، ئەوەی گرنگە کۆی مێژووی جیهان نیە کە

هیچکەس ناتوانێ بەسەریدا باڵادەست بێ، بەڵکو مێژوویەتی[1] هەنوکەییە ـ واتە ئەو شتەی من لەراستیدا دەبم، کەسێك کە ڕوو لەمن دەکا، خۆشم دەوێ، کۆمەڵە ئەرکێکی هەستپێکراو دەگرمە ئەستۆ، ئایدیالێکی مرۆیی کە بڕوام پێیەتی چونکە هەیەو لێی تێ دەگەم، کۆمەڵگایەك کە لەودا دەژیم، نەتەوەو شوێنێك کە پەیوەستم پێوەی ـ سەرەنجام ئەمە کە، لەهەموو ئەمانەدا، خودی "هایدن"[2] چۆن هەستی پێدەکرێ‌و پێوەندیی من لەگەڵ "باڵا نواڕی"[3] و هەمیشەو هەرمانی چۆن دیتە دی‌و نەمان‌و هیچی چۆن بۆ من دەرکەوت دەکا. مرۆڤ بۆ ئەوەی هەبێ دەبێ بەزانینەوە بچێتە نێو ڕێچکە بەستنی کاروبارێکەوە کە لەودا بتوانێ خۆی بێنێتە دی. گەرچی ئەو لەبەرانبەر "باڵا نواڕی"دا هیچ نیە، دەتوانێ لەبەرانبەر هەر بوونەوەرێك لەدنیادا کە بیەوێ ئەو بۆ پلەی ئامرازێکی ڕووت نزم بکاتەوە، لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ، ئەگەر دوارۆژ بیچمی دیاریکراوی فلانە کەتواری تەنیا خودێتییانە لەخۆبگرێ. رای رەها لەبارەی مێژووی جیهان‌و بەکارهێنانی هەر گەڵاڵەیەکی هێزی تەواو رەها، چ لەفیکرو چ بەشێوەیەکی خەیاڵی

---

[1]- historicity.

[2]- Bing

[3]ـ Transcendance بۆ رونکردنەوە لەبارەی ئەم چەمکەو چەمکی "هەبوون" لەلای یاسپرێس، بگەڕێنەوە بۆ ژیاننامەی فەلسەفیی من، "باسکردنی زاراوەفەلسەفییەکانی یاسپرێس" بۆ ئەم دوو وشەیە. (و. بۆ فارسی)



لەکردەوەدا خودی مرۆڤ لەو دەستێنێتەوەو بنیاتێکی درۆزنانە بەو دەبەخشێ.

هەڵبەت هەر تاکێکی بیرمەند لەگەڵ مەترسیی لەدەستدانی پێگەی خۆی بەرەو ڕویە، وەلێ پێگەیەکی دیکە، نە لەجیهانی دوا رۆژو نە لەمەودا دورەکان، بەڵکو تەنیا لەژیانی هەنوکەیی لەبەرانبەر "باڵا نواڕی" پەیدا دەکا، ئەگەر بتوانێ لەقووڵایی خودی راستەقینەی خۆیدا بژیێ.

مرۆڤ دەبێ مەترسیی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەگەرە بێسنورەکان بەسەر خۆیەوە سوك بکا. ئەوەی کە گرنگە ئەمەیە کە ئایا خۆی لەهیچی‌و نەمان بزربکاو بەرەو نائومێدی‌و پاشان دەمارگرژی رکێش بکرێت، یا بە "باڵانواڕی" بگا کە ئەو لەئامێزدەگرێ‌و ئازادی دەکات.

مێژووڕوانییەکی رەها کە لەجێی ناسینی رەها بێ، کەتواری دۆخی ئێمە لەبەر چاوان بزردەکاو ئەمرۆکە بەسەر بیاڤگەلی بەرین لەهزری ئێمە زاڵ بووە. دەبێ گیانێك وەبەر خۆمان بدەین‌و لێی رزگاربین، رزگاربوون لەوە لەدنیای تیۆرییدا ئاسانترە تا بەکردەوە.

مرۆڤی ئەمرۆییش وەکو نیچە، ئیدی لەژیان لەتەك تاقانەیەك کە ناوی خوایە پێوەندیی نەماوە، زنجیری باوەڕی مەسیحی بە یەکتایی مێژووی مرۆڤ، لەگەردن کردوەو کەوتۆتە بنی تاقانە پەرەستیی بەبێ "باڵا نواڕی"، واتە دنیاو مێژووی مرۆڤ، وەلێ لەگەڵ هەمودانایيدا، دەبێ وەکو نیچە فێرببێ کە

هەقیقەتێکی جیهانگیری تاقانە کە لەم دنیایەدا سەرتر نەڕوات بوونی نیە، بەدارمانی وەها یەکبوونێك، بەڕای مرۆڤی ئەمڕۆیی وادێتە بەرچاو کە بەختو ڕێکەوت بەسەر هەموو شتێکدا زاڵەو کەتوار، شتێك نیە جگە لەپشێوی‌و بێ ڕێسایی. کەوا بوو ئەو بەوشکی‌و دەمارگرژییەوە دەستەو داوێنی هەرشتێك دەبێ، چ کۆی کاروبارەکان بەتاقیگە گریمان بکاو چ بەرنامە ڕێژی خۆفریودەرانە بۆ گشت کاروبارەکان بکات، هەرکە دەمامکی لەسەر روخساری خۆفریودەرانە لابرد، لەگێژاوی نیهیلیزمێکی تەنانەت توندتردا نوقم دەبێ.

## "لەمرۆڤدا کەمایەسییەکی سەرەکی هەیە"

وا دەنوێنێ کە ئەم قسەیەی نیچە[٦] دوپاتبوونەوەی گوناهی سەرەکی یا (جەبەلی) لەمەسیحیەت، بەڵام بەشێوەیەکی دیکەیە. نیچە وەها لەدەستی مرۆڤ لەرەنجو ئەشکەنجەدا بوو کە هەندێ جار لە "تاریکترین قووڵاییەکانی خەمو خەمۆکی"دا نغرۆ دەبوو. بەپێچەوانەی گیانەوەران کە هەر کامیان گونجاو لەگەڵ چەشنی نەگۆڕیان بەترۆپکی پێگەیشتن گەیشتوە، مرۆڤ "هێشتا گیانەوەرێکی دیاریکراو" نیە.

سروشتی ناتەواوو بەهرەی نائاشکرای ئەو، بوونی ئەوی لەڕواڵەتدا بۆ نەخۆشی‌و ئافەتێك لەدنیا گۆڕیوە. بەڵام هەر ئەم نەگەیشتنە ترۆپکەی مرۆڤ دەرفەتێکی بێ وێنەی بۆ ئەو ڕەخساندوە. مرۆڤ کەمایەسیی هەیەو هێشتا ئەو شتە نیە کە



دەبێ هەبێ‌و لەم رووەوە هێشتا دەتوانێ ببێ بە هەمووشتێ، نیچە نایەوێ مرۆڤ ببێتە "گیانەوەرێکی تەواو"و لەقاڵبدراو کە بەناچار بەواتای بە مێگەل بوونە - بەپێچەوانەوە، سروشتی تایبەتی مرۆڤ، واتە هێزی ئەو بۆ هەڵکشان لەخۆی، هەر لەم نادیاریکراوی بوونەی دایە.

هەر بۆیە نیچە بە تەواوی مرۆڤ پەسەند دەکاو دانی پێدا دەنێ‌و لەهەموو ناتۆرە لێدانەکان چاوپۆشی دەکاو دەنوسێ: "مرۆڤ بەو چەشنەی کە هەیە زۆرو بەچەندین پلە پڕ بایەختر لەمرۆڤ لەجیهانی ئارەزو یا مرۆڤ لەجیهانی خولیادایە"[٧]، "مرۆڤی خۆش سازکراو لەکەتواری مرۆڤبوونی شاد دەبێ‌و لەڕێگەو ڕێبازی مرۆڤ چێژوەردەگرێ - وەلێ لەوەش بانتردەڕوا"[٨].

چەمکی بنیاتیی دۆخی مرۆڤ لەمەسیحیەتدا - کە مرۆڤ لەدەستچوە بەڵام دەتوانی رزگاربێ - هەروا (لەنیچەدا) پارێزراوە، بەڵام گەوهەری مەسیحی لێی ئەستێنراوە. کەتواری تەوەری ئەمەیە کە نیچە مرۆڤ تەنیا پشت ئەستور بەخۆی دەکا. بەپێی هەڵێنجانی نیچە، مرۆڤ هێشتا دەلوێ هەستێتەوەو "بانتربڕوات"، بەڵام بەبێ خوا. نیچە ویستراوو هەڵسەنگێنراو، بە مرۆڤ شتێك بێجگە لەمرۆڤ نادات. شادەو شانازی دەکا کە "هەموو جوانی‌و شکۆو شکۆمەندییەك کە بە شتە راستەقینەو خەیاڵییەکان بەقەرزمان دابوو، هەموویان بە موڵك‌و بەرهەمفکراوی مرۆڤ دەزانم‌و دەمەوێتەوە"[٩].

وەلێ دەپرسین ئایا مرۆڤ دەتوانێ بە ئامانج بگات، ئەگەر هەڵوەدای هیچ شتێك جگە لەخۆی و "بان هەڵكشان" نەبێ؟ جارێكیان نیچە كاتێك پەی بەوەبرد كە وەها شتێك مەحاڵە. قسەیەك لەگۆتە (پێشكەش بە شلوسێر)[1]ی یاداشت كرد. گۆتە نوسیبووی: "تەنیا دەتوانی رێز لەكەسێك بگریت كەلوت بەرز نەبێ... دەبێ دان بەوە دابنێم كە بەدرێژایی تەمەنم، ئەمجۆرە مرۆڤە لەخۆبردووانەم تەنیا لەجێیەكدا پەیدا كردوە كە لەگەڵ ژیانە ئایینیەكان بە بنیاتێكی پتەو بەرەو ڕووبوومە، واتە ئیمانێك كە لەسەر ستونی لەگۆڕان نەهاتویەو وەك دەوترێ، خۆبنیات بوەو بەسەردەم و رۆحی سەردەم و زانستەكانی سەردەم بەستراوەتەوە"[١٠].

دواتر نیچە نكۆڵی لەم كەتوارە كرد. هەروەك تایبەتمەندیی ئەو بوو، لێرەشدا لەكاتی قووڵ رامان لەدۆخی مرۆڤ، تێفكرینی لەمەسیحیەتەوە هەوێنی وەردەگرت. وەلێ بەزوویی لەگەوهەری مەسیحیی ئەو بیرە، واتە وازی لەپەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خوا هێنا. بەم چەشنە مەبەستی نیچە كە دەیەویست ببێ خەیاڵكردە پوچەكان و بەڕایەكی ساردو ریالیستانە، سەرقاڵی تێفكرینی داهێنەرانە بێ، شتێك جگە لەبۆشایی لێ نەكەوتەوە، واتە مرۆڤایەتییەك بەبێ هیچ وزەو بەهرەیەك لەنامرۆڤایەتیی پەتی - بۆ شاییەك كە ئەو لەهەمان كاتی بینینی رەنج و ئەشكەنجەی دۆخی مرۆڤ، كەم تا زۆر بەرێكەوت

1 – schlosser.



لەئەنجامی بەركەوت لەگەڵ كەڵە پیاو لێی هەڵات. بەڵام لەدیدی كەسێك كە "چاوەڕوانی گەیشتنە ترۆپك"ە[١١]، دەیەوێ هەم هەنوكەو هەم لێرەدا تا دەتوانێ تێبكۆشێ و لەپەیجۆری ئەوەدایە كە كاتێك دەستبەكار دەبێ بەدڵنیابوون لەگەیشتن بە "هەبوون" بەئارامیی و ئۆخژن بگات، ئەم كەڵەپیاوە نائاشكراو نادیاریكراوە بێ مانایە. مەرجی ئەوەی كە لەخۆمان و لەمرۆڤ تێبگەین ئەمەیە كە لەخۆمان و لەمرۆڤ چاوپۆشی بكەین.

## زانست بەواتای زانینخوازیی بێسنور

هەقیقەتخوازیی نیچەو زانستخوازیی نیچە لەریشە مەسیحیەكانەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەو بانگەشەكەری ئەوەیە كە ئایینێك وەكو مەسیحیەت كە هیچ بەركەوتێكی لەتەك كەتواردا نیە، بەناچار دوژمنی خوێنیی زانستە[١٢].

مەسیحیەتیش وەكو هەر "ئیمانێك"، هەمیشە لەگەڵ زانست بەتایبەت "دوو دوژمنی گەورەی پڕو پوچییەكان (خورافیات)، واتە زمانناسیی مێژوویی (فیلۆلۆژی)و پزیشكی" ـ دژایەتی كردوە بەنوسینی نیچە، "لەڕاستیدا كەسێك ناتوانێ زمانناسی مێژوویی یا پزیشك بێ و دژە مەسیحی نەبێ. چونكە لەپێگەی زمانناسی مێژوویی"، پەی بەچیەتیی "كتێبە پیرۆزەكان" دەباو

وەکو پزیشك پەی بەسوان‌و دارِزینی سروشتی کەسێکی مەسیحی دەبات.

پزیشك دەڵێ: "دەرمان ناکرێ"، زماناسی مێژوویی دەڵێ "فێڵبازی"[١٣].

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نیچە نەك تەنیا رەگاژۆی هەقیقەتخوازیی خۆی، بەڵکو چۆنیەتی رەهاو بێ کوتو بەندی زانستی ئەمرِۆش لەچرایەکدا کە مەسیحەت هەڵی کردبوو، واتە لەرەوشتی پەیجۆرکەری هەقیقەتدا بەنرخی هەموو شتێك، دەدی[١٤]. نیچە پەیجۆرکەری هەقیقەت بوو هەم لەبەرانبەر فێڵبازی‌و رواڵەتسازی، هەم لەفامکردنی خۆی لەمەسیحیەت‌و ئەنجامە تاڵ‌و نالەبارەکانی بۆ مرۆڤایەتی. وەلێ لەسەرەتا لەهەوڵدان بۆ فامکردن‌و ئەرێنی روانی، پاشان لەچۆنایەتی گومانلێکراوی خۆ، پاشان لەپەنای رەخنەکارییە میتۆدیك‌و لەبینینی لەرزۆکیی خودی هەقیقەت‌و سەرەنجام لەبەرەنجامی گومانکردن لەبایەخی هەقیقەت، فێربوو کە تایبەتمەندیی زانستی ئەمرِۆ چییە. زنجیرەی ئەو جێگۆرکێیانەی کە نیچە لەهزری خۆیدا ئەزمونی کرد دەرخەری روداوگەلێکە کە لەقووڵایی چاخی ئێمەدا رویان داوەو هێشتا روو دەدەن.

جێگۆرکێکیانی هزری نیچە ئەگەر بە تەواوی رۆشن‌و فام بکرێ، ئاگایی ئێمە لەهەبوون‌و هەقیقەت یەکسەر دەگۆرِن. لێ گەرِێن بەشێوەیەکی هەمە لایەنتر لەم خاڵە بکۆڵینەوە.



نیچە نیشانیداوە کە سەرچاوەی هەقیقەتخوازیی رەها کە زانستی ئێمەی لەسەر بنیات نراوە، رەوشتی مەسیحییەو بەمجۆرە وەڵامێکی کورت بەڵام ژێنەرانەی بەم پرسیارە داوەتەوە کە: زانستی جیهانگرەوەی رۆژئاوایی ئێمە لەکوێوە دێت؟ و چاوگەی زەینیەتی زانستی ئەمرِۆیی چییە، کە هەڵبەت بەدەگمەن جگە لەلای هەندێك کەس کە ژمارەیان لەقامکەکانی دەست تێ ناپەرِن دێتە دی؟ ئەگەر وەڵامی سەرسورِهێنەری نیچە زیاتر راورِایەڵ بکەین، باشتر دەتوانین هەڵوێستە سەیرو سەمەرەو پارادۆکسەکانی ئەو لەهەمبەر هەقیقەت‌و زانست تێ بگەین.

زانستی یونانی لەبنچ‌و بناوانەوە لەگەڵ زانستی ئەمرِۆیی رۆژئاوایی جیاوازی هەبوو. پانتایی زانینخوازی‌و پەیجۆری پەیتا پەیتای هەقیقەت کە لەزانستی رۆژئاواییدا دەرکەوتی پەیدا کردوە، تەرخانکراوی جیهانی مەسیحیەتەو لەهیچ جێیەکی دیکە لەمێژوودا سەری هەڵنەداوە. کەتواری نکۆڵی هەڵنەگر ئەمەیە کە ئەم زانستە بەم بەرفراوانی‌و گشتیبوونەی‌و ئەم بێسنورییەو ئەم چەشنە تایبەتیەی یەکبوون، تەنیا لەرۆژئاواوە ئاخێزی کردو تەنیا لەخاکی مەسیحیەتدا رەگاژۆی کرد. رۆحی زانستی تەنیا لێرەدا سەر لەبەری ئاگایی‌و کرداری زۆر کەسانی لێورِێژو سەرڕێژکردوە. یونانییەکان هەموو سەرەتاکانی وەها زانستێکیان هەبوو. دەیانزانی چۆن میتۆد دروست بکەن‌و پەروەردەی بکەن‌و

دۆزینەوەکانیان لەئەستێرەناسیو پزیشکیو جوگرافیاو فیزیكو زیندەوەرناسیو رووەکناسی لەهەموو زانراوەکانی مرۆڤان لەهەر شوێنێکی دیکە کەوتبوە پێشێ ـ هەرچەند بیرکاری لێ دەرکەی ـ زانیارییەکانیان لەهەڵسەنگاندن لەتەك زانینی ئەمڕۆیی تۆزقاڵێك بوو. وەلێ بنەواشەکانی بڕواپێکراوی توێژینەوەی ئەزمونی میتۆدیکیان نەدەزانی کە هەر شتێك کە مرۆڤ بتوانێ (بەهەستەکانی) درکیان بکات، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی کاتی وا هاتبایە بەرچاو کە زانای یونانی وەها بنەواشەگەلێك بەکاردێنێ، ئەم بەکارهێنانە بەرتەسك بوو بەزویی دەکەوتە بۆتەی فەرامۆشییەوە. ئەگەر نوسینەکانی بوقرات بخوێنینەوە، ئاوێتەیەکی سەیرو سەمەرە دەبینین لەبینینە راستەقینەو تیۆریگەلی فەلسەفیو لێکدانەوە ئاوەز پەسەندو پڕو پوچە پڕتەمتومانەکانو سەرسوڕهێنەرەکان. یونانییەکان وێنایەکی ئەوتۆیان لەزانستی یەکخراو و گشتگر کە بێ کەوشەنو بێسنور پێشڤەبچێ لەهەموو جێیەکدا گرێ بدرێتو باندۆر بەهەر ناسینێك لەهەموو شوێنێك ببەخشێو هەر زانستێك بەتەنیایی پەیڕەوی بێ، نەبوو. دەسکەوتیان بەستێن دۆزییەکانو تاوتوێو ریزبەندییە بەتەکووزەکان، وەلێ لێکدابڕاوەکان بوو کە لەجێی ئەوەی دینامیستی بێ، لێبڕاوانە بوو. سۆزی تەڤێنەرەوەی هەقیقەتخوازییان نەدەناسی.



سەرکەوتنیان لەقووڵ هزرینەکانی ئاوێتە لەگەڵ گومانکاریی رۆژگارانی وەکو سەردەمی سۆفیستەکانو ئۆریپیدێس[1] بوو، یاخۆ دۆزینەوەکانی تۆکۆدیدس[2] یا ئوقلیدۆس یا ئەرخیمدێس کە لەگەڵ هەموو گرانمایەیی، لێکدابڕاوو رێکەوتەییو تەنانەت دەتوانین بڵێین ئاوێتەی سەربزێوی بوو. رۆحو باندۆری زانستی یونانی هەرچی وردتر بخوێنینەوە، دەبینین گێژاوی نێوان ئەوو زانستی ئەمڕۆیی بەرینترە.

ئەمە راستیەکە کە جێی لێ رامانە. هۆیەکەی چی بوە؟ من بۆ لێکدانەوەی، دەمەوێ نێوەرۆکی ئەم قسەیەی نیچە ئاوەڵا کەمەوە کە دەڵێ هەم هەقیقەتخوازیی ئەو هەم چۆنایەتیی بێ کۆتو بەندو رەهای زانستی ئەمڕۆیی رەگو ریشەکانیان مەسیحین. بێتوانایی یونانییەکان، واتە بناخەدانەرانی زانست، لەبەدەستهێنانی زانستی راستەقینەو گشتیو گشتگر دەتوانێ وەبارهاتوی نەبوونی سەمەدگەلی مەعنەویو بزوێنەرە رەوشتیەکان لەواندا بێ کە مرۆڤی مەسیحی دواتر بە دروستکردنی وەها زانستێك لەئاخنەی مەسیحیەتو پاشان بەوەوە ـ یا لانیکەم سەرەڕای تەواوی کەتوارە بەرهەستەکانییەوە ـ بەتواناکرد، کە ئەوە ئەنجام بدات.

[1] ـ Eurepides (سەدەی پێنجەمی پ. ز) تراژیدی نوسی گەورەی یونانی، (و . ف).

[2] ـ Thucydides (نزیکەی ٤٧١ تا ٤٠٠ پ. ز) مێژوونووسی ناوداری ئەسینایی (و . ف).

یونانییەکان گەردونیان (cosmos) خاوەنی پێگەیشتوییو تەکووزمەنـدو عـەقلانیو یاسـامەند دەزانـی. سـەر باقیەکـەی بەڕای ئەوان شایانی گوێ پێدان نەبوو، مەتریال بوو، mé on، کـە نەدەهاتـە ناسـینو نـەنرخو بـەهای ناسـینی هـەبوو. بـەڵام ئەگەر جیهان خوڵقاوی خوا بـێ، هەموو تەنـە گەردوونییـەکان، لەبـەر ئەمـە شـایانی ناسـینن ـ واتـە نـەك تـەنیا لایەنـە ماقووڵـەکانی کـە ئەنـدازە دەگیرێـنو دەژمێـردرێن، بـەڵکو هـەر شـتێك کــە لــەڕووی مادییــەوە شــایانی درك پێکــردن (ی هەستەکی)ە. ئەو کات مرۆڤ ئەڤینداڕانە لەهەر پاژێکی دیـاردەدا نغـرۆ دەبـێو هـیچ شـتێك نیـە لەچـاوی ئـەوەوە پێویـستی بـە تـاوتوێو ناسـین نەبـێ ـ چونکە لـوتێر گوتـەنی، خـوا تەنانـەت لەسـکی ئەسـپێدا هەیـە. یونانییـەکان بـەدیتنی پانـایی درك پێکردنە (هەستەکی) لواوەکان، لەجووڵـە وەسـتان. بەوێنەیـەکی داخراو لەدنیا رازی مانەوەو لەجوانیی گەردونێك کە لـەجیهانی خەیاڵـدا دەیـان دی بـە تۆکمـەیی لـۆژیکیو چـەمکی هەمـەکیی خۆیان قەناعـەتیان کـرد. هەرشـتێکیان بـەپێی گشتیو تایبـەت، بەپلـەی پێـوەر دابـەش دەکـرد، یـا دەسـت بـەداوێنی بەڵگـەی بـەراوردی دەبـوون تـا لـەنێوان بـەرەنجامی بیرکردنـەوەکانیان هەمبەرگەلی دوسەرە ڕایەڵ بکەن، تا لەتێگەیشتنی پرۆسـەیەکی هـەرمانو پێـڕەوی یاسـا کامـەران بـن نـەك تـەنیا ئەرەسـتۆو دیمۆکریتـۆس، بـەڵکو ئاکوینـاسو دیکـارتیش ئـەم پێکهاتـە داخراوو ئیفلیج کەرەی زانستیان درێژە پێدا.



بـەریانی نـوێ بـۆ ئـاوەڵا هێـشتنەوەی زەیـن لەبەرانبـەر بـێ کەوشـەنیی جیهـانی خـوڵقێنراو بـە تـەواوی لەگـەڵ ئـەم تێڕوانینەدا جیاوازەو ناسین بـەرەو هـەمان کـەتواری دەبـات کـە لەگـەڵ هاوڕێکییـەکانو یاسا ئاشـکراو دیارەکانـدا یەکناگرنـەوە. خـودی "لۆگـۆس"[1] مـرۆڤ هـان دەدا کـە قـولانج لـەخۆی بگـرێ ـ نـەك بـۆ ئـەوەی واز لـەداخواز بێنـێ ـ بـەڵکو لەبـەر ئـەوەی کـە لەئاسـتێکی بـەرینترو وەدیهـاتوتر جـێ پێیـەك خـۆش بکـاو بەپێشکەوتنی بەتەکووزی خۆی بـەرەو بێسنوریی وەدی نـەهاتو درێژە بدات. ئـەمجۆرە زانـستە لـە "لۆگوسـێك" ئـاخێز دەکا کـە خۆبەسـکەر نیـە، دەرگـا بـەڕووی "ئـالۆگۆن"[1] دەکاتـەوەو بەخۆبەدەستەوە دان بەو لـەودا دزە دەکات. کـردەو کاردانـەوەی هەمیـشەییو ناکۆتـا لـەنێوان تیۆریـسازیو لێکۆڵینـەوەی تاقیگەرانـە، نمونەیـەکی گـەورەو سـیمبۆلیکی پرۆسـەی گـشتگرەوەییە کـە لـەنێوان "لۆگـۆس"و "ئـالۆگۆن" لـەڕەوتی خۆیدایە. ناسینی تازە، ئیدی جیهان تەنیا جوان نابینـێ، بـەڵکو هـەم عـەودالی جـوانو بـاشو هـەم دزێـوو خراپـەو بەدوایانـدا دەگەڕێ. دوائاخاوتـە ئەمەیـە کە Omnes ens bonum، هەرچـی هەیـە باشـە، چـونکە خـوڵقێنراوی خوایـە. بـەڵام ئـەم باشـییە، ئیـدی ئـەو جوانییـە دیـارو خۆبەسـکەرە نیـە کـە

---

[1] ـ Logos وشەی یونانی بە واتای قسە (پەیڤ Logic = لۆژیـك) لـەم ریـشەوە هاتوە، ناسین، عەقڵ، بەڵگە. (و . ف).

1

یونانییەکان دەیانناسی. تەنیا لەئەڤین بەسەر تاسەری بوون چونکە خولْقێنراوی خوایەو لەم رووەوە، لەمتمانەی واتاداربوونی زانستدا، هەنتەشی هەیە. زانینی ئەمە کە هەر شتێکی ماددی خولْقێنراوی خوایە لەبەرانبەر گێژاوی کەتوار لەنێوەڕاستی بێ ئۆقرەیی ئاخێزراوی پرسیارگەرییەکانو پێشکەوتنە لەبنەهاتووەکانی زانست، ئۆخژنی دەرون بەدیاری دێنێ.

لەگەڵ ئەوەشدا "هەبوون"ی ناسراوو لەناسین هاتوی جیهان لەپلەو پایەی ئافراندندا بەشێکە لەهایدنی پلەدوو. جیهان لەروی جیهانبوون هیچ جێ پێیەك خۆش ناکا، چونکە کۆڵەکەو بنەڕەتەکەی لەشتێکی دیکە، واتە لەئافرێنەردایە. دنیای خولْقاندنی خۆبەسکەرەو هەر بۆیە لەناسینی مرۆییدا ناگونجێ. لەهەر ناسینێکدا، هەبوونی جیهان تەنیا بەشێوەیەکی رێژەیی، لەبوونێکەوە بۆ ئەویدیو لەشمەکێکەوە لەسەر وزەی درك پێکردن، ئاشکرا دەبێ. هەر زانراوێك لەئاسۆگەیەکی تایبەتدا دەزانرێت. هەتاکو هایدنی جیهان لێکجیاتر بناسین، پارچە پارچەتر دێتە بەرچاو. لەهیچ شوێنێك ناتوانین وەکو کەتواری لێبڕاو لێی تێبگەین، چونکە هەمیشە هێما بەشتێکی دیکە دەکا.

لێکەوتەکانی خولْقێنراو گریمانکردنی جیهان، خۆی لەخۆیدا بۆ بزاڤ بەخشین بە زانست بەس نەبوو. هۆکارێکی دووەمی گەرەك بوو، بەو واتایەی ئەگەر خوا خولْقێنەری جیهان بێ، بە



واتایەك لەواتاکان دەتوانین ئەو بە بەرپرسی چۆنایەتیی دنیاو رووداوەکانی بزانین. مەسەلەی دادپەروەریی خوایی، واتە سەلماندنی راستبوونی خوا بەو جۆرەی کە لەچیرۆکی ئەییوبدا هاتوە، لەخۆیدا بەهیچ شێوەیەك هۆیەك نیە کە بۆ سەمەدێکی زانستی بەس بێ، بۆیە دەبێتە بەربەرەکانییەك لەپێناو یەزدانی راستەقینە:

بەربەرەکانییەك مەیدانو مەتەرێزەکەی، ناسین لەئاست کەتوارەکانی جیهانە. وەها خوایەك کە خوازیاری هەقیقەتی بێ کۆتو مەرجو رەهایە، ناهێڵێ کەسێك لەرێگە ساوێرەکانەوە (توهمات) بەو بگات. ئەو لەدینیارانێك کە دەیانەوێ بە خەیاڵپلاو تیۆرییەکانیان دڵنەوایی ئەییوب بدەنەوەو ئامۆژگاری بکەن، بێزارە. بەپێچەوانەوە، ناسینێك دەخوازێ کە چەند قات وا دێتە بەرچاو گەوهەرو چۆڕبڕو پوختەکەی، داد نامەیەکە دژی خۆی. سەمەدی گشتیو لەهەمان کاتدا گەندەڵ نەبووی زانستی لەم تەنگژەو بگرەو بەردەیەدا دەڕوێ ـ هەر لەم بەر بەرەکانییە لەسەر چەمکی خوا کە گۆڕەپانەکەی، ناسینی کەتوارێکی سەرچاوە گرتویە لەخوا. ئەم بەربەرەکانییە هاوگرەوەیە لەتەك بەربەرەکانیی زانا لەگەڵ ئەو شتەی زیاتر لەهەرشتێك هیی ئەوەو خۆشەویستو خوازراوی ئەوە، واتە ئایدیالەکانو بنەواشەکانی ئەو. هەموو شتێك دەبێ بچێتە ژێر پرسیارو تاقی بکرێتەوە تا هەمدیس پەسەند یا بگۆڕدرێت. هەر بەو چەشنەی کە باوەڕبەخوا باوەڕێکی راستەقینە نیە،

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەگەر ئەو بەرگەی هەندێ پرسیار نەگرێ کە کەتوار دەیانهێنێتە پێشێو هەر بەو چەشنەی کە گەڕان بە دوای خوادا بەردەوام ساوێر سڕینەوە گەلی پڕ ژانی گەرەکە، بەهەمان شێوە زانستخوازیی راستەقینەش دەستەبەری جەنگان لەگەڵ داخوازەکانو چاوەڕوانییەکانی خۆیە. زانا لەهەر هزرێك کە بەڕای خۆی بەئاشکرا قەناعەت پێکەرەو رەزامەندکەرە، گومان دەکا. لەوەی کەباسم کرد، هێمام بۆ ئالۆزییەکانی سەمەدی گەڕان لەدوی هەقیقەت بەکورتی کرد کە زانستی ئەمڕۆی لەسەر رۆنراوە. ناسینێك کە لەڕووی زانستیەوە راست بێ، بۆ مرۆڤ متمانەیەکی گشتی هەیە. بەڵام ئەوە کە دەبێ بەهەر کەرەستەو بەرێژەیەکی بێسنور ئەم متمانەیە وەچنگ بخەین، لەو سەمەدانەوە ئاخێز دەکا کە خودان بنەڕەتێکی مێژوویی دانسقەیە. سەرەتا وێنای ئافرێنەرمان بینی کە خولقێنراوانی خوا لەخۆوە خۆشەویست دەکا ـ وێنایەك کە ئێمە لەکەتوار نزیك دەخاتەوەو لەهەمان کاتدا دورترین مەودای لەگەڵ هەربوونەوەرێکی خولقێنراو گەرەکە کە نەخودی خوایەو نەخودی بوون. پاشان بەربەرەکانی لەڕێگەی گەیشتن بە خواو وێنای خوامان بینی. سەرەنجام بەرکەوتمان کرد لەگەڵ پەیجۆری هەقیقەت لەلایەن مرۆڤ کە خوا خوازیاریەتیو ناسین نە کایەو نە کازەیەکی شەریف، بەڵکو خواستێکی شێلگیرانە ئەژمار دەکا کە لەوێدا پێی هەموو شتێك لەودا لەگرەودایە. ئەم



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سێ سەمەدە دەبێ هەموویان دەست لەدەستی یەکتر بنێنو پێکەوە کار بکەن تا زانستی راستەقینە بلوێت.

ئەم بەشە لەزانست نە هاوشان لەگەڵ مەسیحیەت سەری هەڵداو نە لەهاتنە نێوەوەی خەڵکی ئەوروپای باکور بۆ گۆڕەپانی مێژوو. تەنیا کاتێك سەری هەڵدا کە سەمەد گەلی جۆراو جۆر لەقەڵافەتێکی هەمەکیی مەعنەوی پێکەوە هاوتەراز بوونو یەکیان گرتەوەو ئەم قەڵافەتە هەمەکییە هەلی بەواندا بێنە نێو کردەو کاردانەوە لەگەڵ یەکدی. پاش بیرکردنەوەی درێژو لەژێر باندۆری زێدەی هەلو مەرجی ماتریالیو هۆکارەکانی دەرونیی تاکە کەسی، سەرەنجام لەسەدەی چواردەهەمی (زاینی)، لەچاخێکدا کە ئیمان بێ ئەوەی تەواو وزەی خۆی لەدەست بداتو وتیابچێ، تەنیا لەرزۆك ببوو، وەها شتێك بەرە بەرە رویدا. زانست پشکوت ـ و بەئالۆزیو تێکچڕژایی فەنتازیك لەدەرکەوتە هەمە چەشنەکانیدا لەشێوەی تاسە بۆزانین کتو مت لەژێر کاریگەریی دوپاتبوونەوەی بنەتایی سەمەد گەلی مەسیحی کە لەو سەردەمەدا رویداو لەبەرەنجامی کێشمەکێشو تەنگژە گەلێك کە لەقوولایی گیانەکانی مرۆڤاندا رویان دەدا، هەستی گوناهکاری لەگەڵ توێژینەوەی زانین ئاوێتە دەبوو، خۆپارێزی لەگوناه دەبوو بە سەمەدی توێژینەوە، وەلێ دواتر ئەو توێژینەوانەی خۆی رەت دەکردەوە. دۆزەرەوە جاروبار بەترسو تۆقین تاوانی شادییەکی دەدایەوە کە لەدۆزینەوەوە بەدەستی هێنا بوو. هەستکردنی سام

کـە زۆرجـاران هۆکـاری خۆپـەرێزیو خۆنـەدۆڕان بـوو، کاتێـك دەڕما، کڵپەی بەسۆزی دۆزینەوە دەدا. لەم دۆخە مێژووییـە بـێ هاوتایـەدا، شـەڕی نێوخـۆیی سـەمەدەکان بـوو بەرەخـسێنەری زۆرتــرین ئەگــەری زانــستیو، گەشــەی زریــانزای پــەیجۆری هەقیقەتی گەیاندە لوتکە. یونانییەکان تا ئەو جێیەی لەزانستدا چوونە پێشێ کە سادەییو رۆشنبینی دەیتوانی بچێتە پێـشێ، بـەلام هـەرگیز بەقوولاییـەك نەگەیـشتن کـە لـەژێر بانـدۆری تەنگژەو کێشمەکێشە ناخییە پەیتا پەیتاو چارەسـەرنەکراوەکان دەبایـە لـەودا قوولکۆڵینیـان کردبـا. تـا چـەند دەیـە لەمـەو بـەر هێـشتا نـەزانرا بـوو کـە چ ناسـینێك دەلـوێ لەبـەرەنجامی ئـەم گوشارانەدا سەرە دەرە بکا.

کـەوابوو زانـستی هەمەلایـەن کـە سۆزو سەرمەسـتیی هایـدن بەرەو پێشەوە رکێشی دەکا، بـەپێی هـەرە پێوسـتی لەپێکهاتـەی قوولبوونـەوەی رۆح کـە پابەنـدی هـەلو مـەرجی مێژووییـە، جیانابێتەوە. زانست لەسەر بنیاتێکی خەسارهەلگر رۆنـراوە کـە بەهیچ شێوەیەك دەستەبەرێك بۆ مانەوەی بەدرێـژایی نـەوەکان بۆی نیـە. ئـەمجۆرە زانـستە لەگـەڵ مەترسـیگەلی تایبـەت بـەرەو ڕوویە. لەسـەر وەها یەکێتیـەکی ئـالۆزو تێکچرژاوی سـەمەدەکان رونـراوە کە تەنانەت بە لاوەنـانی یـەکێك لەوانـە، خـودی زانـست دۆش دەمێنــێ یــا لەگەوهــەرو نێــوەرۆك بــەتاڵ دەبێتــەوە. لەئەنجامـدا، زانـستی راسـتەقینە بەدەگمـەن دەسـت دەکـەوێتو بەدرێژایی سـەدە تازەکان بـەرە بـەرە دەگمـەنتر بـووە. نەهـەراو



هوریای پێشوو لەبارەی رۆڵی بەرەنجامە زانستیەکان لەبیـچمدان بە جیهانی ماددیو نەگوتنەوە گەلی تـوتی ئاسا لـەزاری خـەڵکی سەرتاسـەری جیهان لەمـەڕ "رۆشـن هزرینـی زانـستی"، هیـچکام توانـای فریـودانی ئێمـەو شـاردنەوەی ئـەم راسـتیەیان نیـە کـە زانـست، واتـە هـەر ئـەم دیـاردە لەروالەتـدا ئاسـاییتر لـەم هـەموو شتەیە، بەڕاستی لەهەر شتێك ناڕونترو داپۆشراوترە. بەدەگمەن کەسـێك لەخـەڵکی ئـەم سـەردەمە دەزانـێ کـە زانـست چـییە. توێژرانێك کە لەبەشـە زانـستیە پـسپۆڕییەکانی خۆیانـدا هـەروا بەردەوام بەدۆزینەوەی تازە دەگەن، بـەهۆی پاداشگەلـێ کـە بـە دەسکەوتە پیشەییەکان دەدرێ بۆ ماوەیـەك نـاخود ئاگا بزاڤێـك کە تواناکانی دیکـە دەسـتیان پـێ کـردوە دەپـارێزن. بـەلام هـەر وەك هـەڵسو کـەوتیان لـەدەرەوەی بیاڤگـەلی بـچوك کـە هێـشتا لەوانـدا پـسپۆڕن نیـشان دەدا، تەنانـەت ئـەوانیش بەدەگمـەن لەچیـەتیی زانـست ئاگـادارن. فەیلەسـوفانی سـەردەمی مـودێرن بەجۆرێ لەزانست دەدوێن کە گوایە تێگەیشتنێکیان لێی هەیـەو پاشـان بـە لارێـدا چـونو پـشێوییەکی مێـژوویی کورتخایـەن لەجیهانبینی ئێمـە لەقەڵەمی دەدەن. تەنانـەت فەیلەسـوفانێکی گەورەی وەکو هێگل هیچ شتێك لەزانستی راستەقینە نازانن.

ئەگەر بنەڕەتی هەبوونی سەمەدی زانستیان هەست کردبـێ، دەبینین کە کەسێك کـە لەگـەڵ زانـستدا بەرکـەوت پەیـدا دەکـاو لەگەڵ ئەوەشـدا لەتێگەیـشتنی لـەقوولایی خـودی خۆیـەوە دۆش دەمێنـێ، لەگـەڵ چ مەترسـیەك بـەرەو روو دەبـێ. ئـەو کـات

دەبینین کە باوەڕە چەوتەکان چۆن دێنە پێش. ئەگەر چاوەڕوان بین کە زانست خۆی بە تەنیایی بەبێ ئەو سەمەدانەی کە شیتاڵم کردنەوە، بناخەیەك بۆ ژیان‌و ئیمان‌و رێنوێنێك بۆ هەموو چالاکییەکانمان بەرهەڤ بکاو ئەگەر بەم قسە پڕو پوچە زانستییە (!) ملکەچ بین، چاوەڕوانیمان بەرهەڤ نابێت‌و نایەتەدی‌و ئەم پەشێو حاڵییە بە ئاقارێکماندا دەبات کە زانست بەبێهودەو لەگوتەزای کاروباری نێواخنیی کەسانی بژاردە بزانین‌و رەتی بکەینەوەو سەرگەردانییەکانی خۆمان بخەینە ئەستۆی. لەنێوان باوەڕی خورافیانە بە زانست‌و رق لێبوونەوە لێی لەهەڵکشان‌و داکشاندا دەمێنینەوە، وەلێ ئەمانە هەموویان تەنیا دیاردەگەلی خاوی کۆتاییە، لەهەموویان پێشەوەتر رەوتێکە کە بۆ نمونە لەخودی نیچەدا دەرکەوتوەو دەرکەوتی هەیە.

ئەگەر بەسەرنجدان لەبەرەنجامە سەمەرەکانی زانست، خوا بەلاوە بنێین، خوڵقان بەبێ خوڵقێنەر دەمێنێتەوە، بەڵام لەدیدی زانستەوە، جیهانی خوڵقان روخسارێك کە لەچاخی باوەڕ بە خوڵقێنەر پەیدای کردبوو هەروا پاراستویەتی. جیهان خۆی لەخۆیداو لەخۆوە بنەڕەتێکی نیە کە لەسەری رابوەستێ، قووڵیی ئەفسانەو جادو کەسەردەمانێك سودی لێ وەردەگرت‌و خاوەنی بوو وەها لەکیس چوە، کە ئیدی ناگەڕێتەوەو پاشماوەی بەرەنجامگەلی زانستی لەدۆگماکاندا وشك هەڵاتوە. کە شتێك جگە لەوێنەیەکی سڕوساردو بێ رۆح پێشکەش بە گیانە



پوکاوەکان ناکا. بەلێکدانەوەی ورد، دۆخی جیهانی بێ خوا لەکۆتایی زانستدا لەسێ دۆخ بەدەرنیە:

**یەکەم:** ئەگەر ناسین راستگۆیی لێ بکەوێتەوە، جیهان بۆ ئاگایی ئێمە ناپێورێت، چونکە خودی ناسین دەبێ هەندێ سنور پەیتا پەیتا تازە بکاتەوە کە ئێمە بەبازدان بەرەو "بالانواڕی"، بەرەو ئەو شتەی نەناسراوو لەناسین نەهاتویە، بانگ دەکەن. جیهان ناتەواوەو لەپێوان نایەت‌و مەوداکەی نابڕدرێت‌و تەنیا دەتوانرێ لەروانگە رێژەییەکانەوە بیناسیت. بوون، پچڕ پچڕ خۆی بۆمان ئاشکرا دەکا. بازدان بەرەو "بالا نواڕی" رونادات، بەلام تەنیا ئەگەری رودانەکەی بۆ ئەوەی زانایەکی گەورەو راست کردارو راستبێژو خودان خۆپەرێزی مەعنەوی دروست بکا، بەسە.

**دووەم:** جیهانی لەپێوان نەهاتوو لەبەر ئەوەی واتای نیە، بەرگەگرتنی مەحاڵ دەبێت. گریمان سەرەڕای تێگەیشتن لەم بێ واتاییەش هەمدیس توێژینەوەی بەرین‌و بێسنور بۆ خۆراکدانی هەقیقەت پەیجۆریی پێشوو ماوەیەك درێژەی هەبێت، وەها قۆناخێك قۆناخێکی کاتییە. هەر کە نکۆڵیی بوونی خوا روو بدا، هۆگری بە هەقیقەت سەرەنجام کۆتایی پێدێت. وەڕەسبوون‌و لاوازی، مرۆڤان بەرەو نیهلیزم رادەدات.

تەنانەت هۆگریی کردەوەیی‌و تکنیکی کە سەرەتا بۆ ماوەیەك بەپێوە راوەستا بوو، دواجار لەوەی کە لەخۆوە بۆ پێشەوە بڕوات بێ تواناو داهێزراو دەبێ.

**سێهەم:** مرۆڤ بەرگەی لەنێوچونی پاڵپشتی خۆی ناگریۆ کەوایە خوازیاری پەیدا کردنی شتێکە کە دەستی پێوەبگرێت. باوەڕەکانو خەیاڵەکانو گریمانە وشك هەڵاتوەکان کە بە دۆزراوەکانی زانست لەقەڵەم دەدرێن، جێی هۆگری بە هەقیقەت دەگرنەوە. زانست لەراستیدا وازی لێ دەهێنرێت، وەلێ لەو چاوەڕوانیی شتێك دەکرێ کە هەرگیز بەرهەمی نابێت. جیهان یان بە ئامێرێك وێنا دەکرێت کە بەزانستی میکانیستی دەناسرێت، یا ژیانێکی سەرسەری کە زیندەوەر ناسی لەگەڵی سەروکاری هەیەو هەرکام لەم دوو کۆڵەکەیە، زنجیرە دۆگمایەك بە پێوە رادەگرن کە پشت بەستن بەوانە کتو مت وەکو هێنانەوەی فاکت لەبنەواشە ئیمانییەکان لەرابردوویەو ئەم فاکتانە دەبنە نێوەرۆکی زانستو لەشێوەی شیکارییەکی ئاوێتە بە پێشداوەری لەبوون خۆدەنوێنن کە تەنیا بڕێك بەڵگەی ئەزموونی لەپەسەندکردنی دەخرێنە روو، وەلێ ئیدی نە پەرە دەگریۆ نە دەچێتە پێشێ. شێوەی هێنانە گۆڕی تەنیا دەلویۆ بەچەمكو مانای ژورنالیستی بگۆڕێت.

نیچە هەموو ئەم ڕێگایانەی بڕی. تەنانەت ئەو وێنایانەی کە خودان سەرچاوەی زانستی رەسەن بوون لەقاڵبی پڕو پوچە زانستیەکان قاڵ کردەوەو وشكو رەقو بەستوی کردنو ئەو شتەی کە لەکاتو ساتەکانی دیکەدا بەمیتۆدو واتای زانست ناساندبووی‌و باسی لەسەر کردبوو، لەیاد برد. لەم دنیایەی فەرامۆشیدا، پێی وابوو ئەگەر رستەگەلی پۆزەتیفیست بلێ ـ



لەمجۆرە کە "پزیشك دەڵێ" "دەرمان ناکرێ"، زماناس دەڵێ "فێڵبازی" ـ کەوابوو قسەیەکی کردوە. ئەمجۆرە رستانە کە هاوشێوەیان لەنیچەدا بەفراوانی دەست دەکەوێت، دەلویۆ لەگفتوگۆکردن لەلادانەکانو هەرەسهێنانەکانی هەر ئاینێکدا دروست بن، بەڵام لەو نموونانەی کە ئەو دەیانهێنێتەوە، هەر زماناس یا پزیشکێك کە بەزانستی راستەقینە وەفادار بمێنێتەوە، ناچار دەبێ بڵێت کە وەها گوتەیەك نەك زێدەگۆیی بەڵکو درۆیە.

ئەوەی بەلای ئێمەوە لەتێفکرینی نیچەدا گرنگە ئەمەیە کە ئەو وای بۆ دەچوو کە ئارەزووی ئەو بۆ خواستی هەقیقەت، بەروبوومی بنەتایی رەوشتی مەسیحییەو چیەتیی زانستو مێتۆدەکانی بەپاکترین شێوە لەقاڵبی دەربڕیندا قاڵ کردەوە، هەموو روخسارە زانستیەکانی کە لەخوا داڕێژرابوونو نێوەرۆکیان نەما بوو، پەیجۆر دەکردو لەزۆربەی گوتەزا زانستیەکان کە بەروبوومی چەواشەکارییەکانو بەلاڕێدا بردنی زانست بوون، بۆ پەلاماردانی مەسیحیەت کەڵکی وەردەگرت.

چرکەساتێك وا دێتە بەرچاو کە ئاکامی زنجیرە تێفکرینەکانی ئەو، دامالینی هەر جۆرە واتایەك لەزانستو هەقیقەتە*. بەزویی دەبینین کە ئەم پرسە ئەوی بەکویۆ گەیاند.

* ـ بۆ ئاگاداربوون لەتێروتەسەلیی ئەم واتایە، بڕواننە بەشی "هەقیقەت" لەکتێبەکەی من لەمەڕ نیتچە، بەرلین،( ١٩٣٦)، لاپەڕەکانی ٢٠٤ ـ ١٤٧. (و . ف)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## پوختەی باسەکە : فەلسەفەی نیچە دەگاتە کوێ؟

کاتێك کە نیچە دەیویست سەبارەت بەمێژووی جیهان بەدیتەیەکی تایبەت بەخۆی دەستی رابگات، بەپێی بنەواشە گەلی مەسیحی کاری دەکرد، وەلێ هەر لەسەرەتاوە ماکی مەسیحی لەکیسدا بوو، چونکە مێژووی جیهان لەدیدی ئەوەوە ئیدی نەك چەشنی زمانی خوا، بەڵکو شتێکی سەربەخۆ لەوەوە بوو. هەر بەم چەشنە کاتێك کە گوترا لەمرۆڤدا کەمایەسییەك هەیە، ماکی مەسیحی لەکیسچو، چونکە ئەو مرۆڤە کە نیچە مەبەستی بوو چیدی لەگەڵ خوا پێوەندیی نەبوو. بنەمای هەقیقەت بێژیی، سازان هەڵنەگر ئیدی هەقیقەتی خوایی وەکو یەکێك لەحوکمە یەزدانییەکان نەبوو. لەم رووەوە هەر جارێك کە ئەو ئەوشتەی کە بەسەر مەستیو گڕوتینەوە چڕنوکی لەودا گیرکردبوو - وەکو یەکبوونی مێژووی جیهان یا وێناکردنی مرۆڤی پڕکەمایەسی، هەقیقەت - وازی لێ دەهێنا، واتە هەڵکشانو داکشانێك لەناخیدا روی دەدا.

سەرەڕای بزاڤێك کە نەریتی مەسیحی بە نیچەی دابوو، لەهیچ چرکەساتێکدا رێگەیەك بۆ گەڕانەوە بۆ مەسیحیەت بەڕووی ئەو کراوە نەبوو. کەوابوو کاتێك وا دەهاتە بەرچاو کە ئیدی هیچ شتێك نەماوەتەوەو دەپرسین کە نیچە بەکام لادا دەڕوات، لەقووڵایی هزری ئەوەوە دوو وەڵام دەبیسین کە تەواوکەری یەکدین:



مەکتەبی بیروهۆشیاری

وەڵامی یەکەم: تەواوکەری تۆقێنەرترین نکۆڵییەکانە. واتە نکۆڵیی هەر رەوشتو هەر هەقیقەتێك کە لێکەوتەی رەوشتو هەقیقەت بێژیی مەسیحی ئەژمارکراوە، بەڵام ئێستا بنکۆڵییەکەی لەقاو دەدرێ. نیچە ئەم واتایە چەند قاتو چەندین جار بەتوندو تیژترین رستەکان دەردەبڕێ. سەیرکەن:

"رەخنەگرتن لەرەوشت، بەواتای بەرزترین رەوشتە"[١٥]. لەبەر ئەوەی کە "هەستی هەق دۆستی خۆی یەکێك لە ... پڕهێزترین خالگەلی هەستی رەوشتییە"[١٦]، رەوشت "بەدەستی خۆی پەتێکی لەملی خۆی کردوە کە لەسێدارەی دەدا - چونکە خۆکوژیی رەوشت، دوایین کاری رەوشتییە کە ئەو دەتوانێ لێی بوەشێتەوە"[١٧]. خەوشدارکردنی هەموو هەقیقەتەکان،

خۆی کردەوەیەکی مافخوازانەیە. هەنوکە کە "کارەساتی ترسناکی پەروەردەی دوو هەزار ساڵە بۆ پەیجۆری هەقیقەت سەرەنجام ئیمان بەخوای کردۆتە درۆیەکی مەحاڵ" دەبێ لەهەمان حاڵدا هەنگاوێکی دیکەش بهاوێتو خۆی نکۆڵی لەهەقیقەت بکات. هەقبێژیی مەسیحی هەر بەرەنجامگیرییەکی بە بەرەنجامگیرییەکی دیکەی وەپشت سەر ناوەو، کەوا بوو دەبێ لەکۆتایی کارەکەدا بەهێزترین بەرەنجام بەدەست بێنێ. واتە بەرەنجامگیری دژی خۆیو ئەمە کاتێك روو دەدات کە زمانی هەقبێژ بپرسێ: "لەبنەڕەتدا واتای هەقیقەتخوازی چیە؟" نیچە دەڵێ بەناچار ناتوانێ شتێك بێ جگە لەمە کە "هەموو

کاروبـاره مەزنـەکان لەگـەڵ نەسـكو پوچـەڵکردنەوەی خۆیـان دەمرن"[١٨].

ئاکـــامی ئـــەم بەرتەکدانـــەوەو نکۆڵییـــە، ئـــەم هـــاوارە سەرکەوتوانەیە "هیچ شتێك راست نیە، هەموو شـتێك حـەڵاڵو رەوایە".

بـەڵام لـەم رسـتەیەدا، جـۆرە دوو پاڵوبێـژیو تـوانج پۆشـی شـاراوەتەوە. لـەروانینی یەکەمـدا، وەکـو ئـەوە وایـە کـە نیـچە دەکەوێتە چاڵێكو هیچو پوچی رۆژگار وەکو هیچو پوچی خۆی ئەزمون دەکاو بەپێچەوانەوە. نائومێدیی ئەو لەم گوتەیـەی کە نیـشاندەری وازهێنـان لەهـەر چەشـنە بایـەخو بڕواپێکراوییـە، هەموو کەسانی بێ باوەڕ رادەکێشێ چ لەبەر ئەوەی ئیزنی چێژ وەرگرتنو رابواردنی هەوسارپچڕاوانە دەداو چ لەبەر ئـەوەی کە ئیمـــانی تێکـــەڵاو بـــە نائومێـــدیو بەچـــۆکداهاتنێك کـــە لەدژبەرایەتی هیچو پوچی خۆیان کەوتۆتەکار سەرەنجام ئەوانی گەیاندۆتـە شـوێنێك کـە بەدەماگرژییـەوە دەسـت بەشـتێکەوە بگـرن. لەلایـەکی دیکـەوە، رسـتەی نـاوبراو دەلـوێ بەواتایـەکی یەکـسەر جیـا لـەم واتـا وێرانگـەرە لێـك بدەینـەوە. دەلـوێ وا بیربکرێتــەوە کــە فوژبنێـك بـۆ رەسـەنترین ریـشەکانی مـرۆڤ دەهێڵێتـەوە. ئەگـەر کرکڕاگـەی رسـتەکە ئاوەهابـێ، ئـەو کـات دەتوانین وەها گریمان بکەین کـە "وزەی زایەنـەری نیهیلیـزم" ـ وزەیەك ئاخێزراوی بەرینایی مەزنی (خود)ی گشتگرو بـە توانا لەڕاپـسکانی پێوەنـدەکانی بەرهەسـتیەکانو فەرمانـەکانو یاسـا



رەهاو بەرتەسکەکان ـ دەبێ بەسەر لاوازییەکدا زاڵ بێت کە بۆ بنەوەی ئاژاوە یا دەمارگرژیی هاوڕێیدا هەڵدێراوە. وەها وزەیەك ئـەم جـۆرە پێـوەنو رایەڵانـەی گـەرەك نیـە، چـونکە بـەردەوام دەتوانـێ بـەو شـتەی کـە هەقیقـەتی هەیـەو ئـەوەی کـە دەبـێ بکرێـت لـەقووڵایی (خـودی) گـشتگردا، بگـات. ناسـینەکەی مێژووییـەو هاوتـاو هاوشـان لەگـەڵ ئەرخـەیانیی هـەرمانیو هەمیشەیی بەگوتەیەکی دیکە، وزەیەکە کە ئیزن بـە مـرۆڤ دەدا بەڕاستی خۆی بـێ.

مـن لـەو بـاوەڕەدام دوەمـین وەڵامـی نیـچە بەپرسـیاری ئێمـە لەمـەڕ دوا ویـستگەی بیرکردنـەوەی ئـەو واتـە ئـەو وەڵامـەی دوابەدوای بەرتەکدانەوەی بنیـاتیو بنـەڕەتی دێـت ـ بـەم جـۆرە شیانی وەسف کردنە. تەنانـەت ئەگـەر تێفکرینـی ئـەو رەوتێکـی خۆوێرانکـەر بێتـە بەرچـاو کـە هـیچ هەقیقـەتێك لـەودا خـۆی رانـاگرێو تەنانـەت ئەگـەر ئاکامەکـەی هیـچیو وتیاچـون بـێ، ویستی ئەو لەجەمسەری نـەیارو پێچەوانەی ئـەم نیهیلیزمـە یـا هـیچ گریمانکارییەدایـە. نیـچە دەیـەوێ لەبۆشـاییدا بـەخاڵێکی ئـــەرێنی بگـــات. دوەمـــین وەڵامـــی ئـــەو هـــەڵگری گەڵاڵـــەی جیهانبینیـەکی تازەیـە کەمیراتگری مەسیحیەت دەبـێ ـ بـەڵام نــەك بــۆ ئــەوەی مەســیحیەت وەپــشت سەربنــێو بەبۆتــەی فەرامۆشیی بسپێرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە دەیەوێ بەهـەمان رێـژە کـە مـرۆڤ رۆژ لـەدوای رۆژ پـەیتا پـەیتا بـەرەو سـەرتر هەڵدەکشێ، بکەوێتە پێش مەسیحیەت. لەم جیهانبینیـەدا، ئـەم

وشانه كه "هيچ شتێك راست نيه، هەموو شتێك حەلاڵەو رەوايە"، هەقيقەتێك پێكدێنن قووڵتر لەهەر هەقيقەتێك كە تاكو ئێستا ناسراوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هاتنەدى ئەم وەڵامە، پرسيارگەلى زياتر دێنێتە پێشێ. ئايا ئاوەها نيە كە نيچە كاتێك لەبەرانبەر بيرو بۆچوونەكانى دڕدۆنگ دەبێ، بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ شێوەيەك كە يەكەمين وەڵامى بەو پێيە دابوو ـ واتە بەرتەكدانەوەى بێسنورو گوتەگەلى سەرهەڵداوى دابڕانو بەچۆكدا هاتنو كۆمەڵە دەربڕينێكى پڕ لەدەمار گرژىو هەڵچونو موچڕكە تەنگو تاريكەكانو توندوتيژيى پەتى؟ ئايا كەسێكى وەكو ئەو كە دەيهەويست بەئەستێرەكان بگاو خوازيارى مەحاڵەكان بوو، هەنوكە بەپێچەوانەى ويستى خۆى نەبۆتە وزەو هێزێك كە كۆتو زنجير لەپێى دێوەكانى ناخمان بكاتەوە؟ ياخۆ ئەمانە هەمووى تەنيا رواڵەتێكى فريودەرانەيەو بەس؟



(٤)

# فەلسەفەى نوێى نيچە

## هەڵوێستو بزاڤ

بەشى پۆزەتيڤى ئەم بزاڤە فەلسەفييە نەيارە، لەم وشانەدا كورت كراوەتەوە. ژيان، وزە، ويستى ئاراستە كراو بۆ هێز، كەڵە پياو، بەكامڵبوون، دووپاتبوونەوەى هەرمانى، ديۆنيزيۆس[1].

[1] ـ Dionysus. لەئاينى يوناندا، خواوەندى پيت خستنەوەو شەراب يەكێك لەگرنگترين خوايانى يونانييەكان كە بەڕێو رەسمو دابى هەمە جۆر دەپەرسترا.... رێبازى پەرەستنى ئەو پڕخرۆشو هاوكات لەگەڵ بادەنۆشى بوو ... كەسانێك كە دەيان پەرست لەو باوەڕەدا بوون كە (ديونيزيۆس) نەك تەنيا لەڕێگەى مەستىو بێخودى دەتوانێ مرۆڤ رزگار بكاو ئيلهامى پێ ببەخشێ، بەڵكو راستەوخۆ هەم دەتوانێ داهێنانى خوايى بەو ببەخشێ. هەر بۆيە، دەيونيزيۆس بە پشتيوانى ئەدەبو هونەريش ناسرا .... ديترامب (يا مەستانە چڕينەكان) وتێكڕاى درامى يونانى لەمۆسيقا، ئاوازو سەماكانى جێژنەكانى ئەوەوە سەريان هەڵدا. ئينسكۆپليدياى فارسى. لەفەلسەفەى نيتچەدا پێگەيەكى تايبەت بەو تەرخانكراوە كە لەلاپەڕەكانى داهاتودا نوسەر بەشێكى لێ دەخاتە بەر باس. (و . ف).

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڵام هیچکەس هەرگیز تاکو ئێستا بڕوای بە دوپاتبوونەوەی هەرمانیو دیۆنیزیۆسی نیچەو کەڵە پیاو نەهێناوە. وا دەنوێنێ کەلێڵی لەرادەبەدەرو نائاسایی چەمکەکانی "ژیان"و "وزە"و "ویستی ئاراستە کراو بۆ هێز" پەیتا پەیتا لەواتاکانیاندا گۆڕان دروست دەکا. ئەوەی ئێمە لەم تێفکرینەدا گەمارۆ دەدا، شتێکی دیکەیە.

گومانی تێدا نیە کە وەڵام، وەڵامێکی ئەرێنییە، وەلێ وەڵامێکی نائاسایی ـ وەڵامێك کە بەئاشکرا نایەتە سەر زمانو وەك بڵێی هێمایەکە کە نیشانەی پێشهاتێك لەدوارۆژە ـ وەکو شتێك کە لەناخی نیچەدا دەژییو تەنیا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە باندۆرێك کە لەسەر داوەرییەکانی ئەو دایدەنێ، دەردەکەوێ. نیچە دەرگا بەڕووی پانتاییەکی بەستێن ناپەیدای ئەگەرەکان ئاوەڵا دەکا، گوایە لەمەیدانی مەسیحیەتەوە دێتو لەسەر لێوارەکەی راوەستاوە. تێفکرینی ئەو لەبەر ئەم هۆیە وەهاو بەم چەشنە بەرەو جەنگ بانگهێشت دەکاو، وەکو ئەوەیە کە وەستانو ئوقرەمان لێ حەرام دەکا. گرنگ نیە کە هزرێك چەندین جار بە بەرەنجامگەلی پوچو بێ کاکڵە بگاتو چەندین جار هەستی ساردو پڕ پەژارەی تەنیاییو بی یاوەری بەسەر رۆحی خوێنەردا زاڵ بێ، کە سەرەتا شەیداو عەوداڵ ببوو ـ بەهەر حاڵ ئەویش هەمدیس دەکەوێتە ژێر باندۆری ئەم سەرکەوتنە پەیتا پەیتایانە، ئەم زێدە خوازییە پڕ لەتێکۆشانەو ئەم لەشەقەی باڵدانە بەرەو ئەستێرەکان. بەهەر هەڵوێستێك



کە گەیشتبین، لێی ـ واتە لەهەرشتێکی بێ بنەتا ـ فڕێ دەدرێینە دەرێ. دەکەوینە نێوەڕاستی گێژاوەوە.

ببینین ئایا دەتوانرێ سەمەدی کۆتاییو دوا ئامانجی نیچە، واتە بزاڤی پێچەوانە بەرەو نیهلیزم، هەستپێکراوتر بخرێتە ڕوو؟ دەبێ کتو مت ئەوە لەهەمان شوێندا هەست بکەین کە دەرەکیترین سوڕانەکانی گێژاو بەرجەستە بکەینەوە ـ و ئەگینا لەنیچە هیچ شتێك جگە لەمشتێك لەپڕو پوچی چنگمان ناکەوێت. تەنیا ئەگەر بە پێشینەی سوڕانە مارپێچەکانی گێژاوەکە بگەین کە پەیتا پەیتا لەنێوەندەوە نزیکتر دەبنەوە، ئەگەری ئەوە هەیە فامو تێگەیشتنمان بە چەقی وزەی لەخۆڕاگری نەهاتوو رکێش بکرێت کە دەتوانێ بەرەو پلەو قۆناخێکی بەرزتر بفڕێ. لێرەشدا بۆ رۆشنکردنەوەی ئەو هێما شێراوەیە، ئەوەی دەلوێ لەجەرگەی ئەو بزاڤە پێچەوانە قووڵو ژێر زەمینیەدا شاراوە بێ ـ دەبێ پەناوەبەر پێوەندیی نیچە لەگەڵ مەسیحیەت بەرین.

## عیساو دیۆنیزیۆس

سەمەدە مەسیحییەکان لەنیچەدا، پاشان باندۆریان لەبەربەرەکانیی ئەو لەگەڵ مەسیحیەتو، سەرەنجام پاشگەزبوونەوەیەك کە ئەو ناچار دەکا تەنانەت نکۆڵی لەپەیجۆری هەقیقەت، کە پێشتر لەباشاری مەسیحیەتدا داینا بوو بکات ـ ئەمانە هەمووی بزاڤێکە کە پێکهاتەی بنیاتیی

هزری ئەو رۆدەنێ. سەرەتا نموونەیەکی هەستپێکراوو زەق هەڵدەبژێرێن کە نیشاندەری توندتر پاشگەزبوونەوەی لواو، واتە تێڕوانینی نیچە لەعیسایە.

دیتمان کە ئەو چۆن لەعیسای دەڕوانی: بەڕێزەوە، لەبەر راستیو پاکیی شێوەی ژیانی ئەو  وەلێ بەبێزاری لەگەندەڵیو تیاچوونێك کە ئەو شێوە ژیانە نوێنەری بوو. ئەو شێوە ژیانە، بەڕای نیچە بە واتای خۆ وێرانکردنە. بەنوسینی نیچە: "ئەگەر شتێکی نائینجیلی هەبێ، چەمکی قارەمانە. لێرەدا (واتە لەئینجیلدا) ئەو شتەی خاڵی بەرامبەری هەوڵدانو جەنگانە، دۆخێکی وارسکەیی لەخۆگرتوەو نەبوونی توانای بەرەنگاری جێی رەوشتی گرتۆتەوە"[(١)] کەوا بوو وێنابکەن سەرسوڕمانمان، کاتێك دەبینین نیچە لەخۆیشی بەم دەربڕینە قسە بکات! دەنوسێ: "هەرگیز لەیادم نیە هەوڵێکم دابێ ـ لەسەرتاسەری ژیانی مندا هیچ نیشانەیەك لەهەوڵو بەرخۆدان نابینرێ، (کەسایەتی) من کتومت خاڵی بەرامبەرو پێچەوانەی قارەمانی (یە). هەرگیز ئەزمونم نەکردوە خوازیاری شتێك بووبم، بۆ شتێك خەبات بکەم، ئامانجێکم هەبوو بێ، تاسەیەکم لەیاد دا هەڵگرتبێ"[(٢)].

لەم لێکچونانە لەزمانو دەربڕینی نیچە لەمەڕ خۆیو لەبارەی عیسا زۆرن. پێشتر گوتەیەکمان لەو هێناوەیە کە لەبارەی عیسا دەیوت "هەرشتێك کۆی سروشت.... لەلای ئەو بێ سودو لەخۆڕایە، مەگەر وەکو نیشانە یا ئەلیگۆری". و



ئێستا لەبارەی خۆیەوە دەڵێ "وەلێ مەگەر سروشت بۆچی خولقاوە جگە لەوەی من نیشانە گەلێکم هەبێو بەهۆیەوە لەگەڵ گیانەکاندا بدوێم؟"[(٣)].

هەتا زۆرتر بخوێنینەوە، سەرسوڕمانمان زیاتر دەبێ. نیچە نەك تەنیا ناخود ئاگا لەم جۆرە بەراوردانە دەکا، بەڵکو بەڕاشکاوی بانگەشەی ئەوە دەکا کە عیسا لایەنگری ئەو "لەسەروی چاکەو خراپە"یە لایەنگری رەوشت ناسیی[1] ئەو لەخەبات دژی رەوشتە. "عیسا دژی کەسانێك بوو کە داوەری دەکەن: ئەو دەیهەویست وردوخاشکەری رەوشت بێ"[(٤)].

"عیسا دەیوت: ئێمە کوڕانی خوا چیمان داوە لەرەوشت؟"[(٥)] و دواجار نیچە بەراشکاوی لە "خوا وەکو (خود) لەسەروی چاکەو خراپەوە"[(٦)] دەدوێ.

عیسا ئاریشەی ئارامی هەرمان شاگەشکەیی خۆشی بە رێو شێوازی ژیانی خۆی چارەسەرکرد. بەڵام نیچەش خۆی لەگەڵ ئەم ئاریشەیە بەرەو ڕوویەو بە تێگەیشتنێکی ئاشکراو لەراستیدا بە دەنگەوازی پەسەندو داننانەوە دەنوسێ: "وا دێتە بەرچاو خاڵی دەسەری مەسیحو بودا جۆرە شادییەکی ناخییە کە ئەوان دەکاتە ئایینی"[(٧)]. شێوەی دەستڕاگەیشتنی نیچە بەم شادییەی ناخ لەگەڵ ئەوان دوو جیاوازیی هەیە. ئەزمونی لەنێوبردنی تێکڕای ئامانجەکانە، هاوهەنگاو لەگەڵ بێ

---

[1] ـ amoralism. هاو واتای فارسیی ئەم زاراوەیەم (بەگۆڕانێکی بچوك) لە "فرهنگ علوم انسانی" داریوش أشوری (تاران ١٣٧٤) وەرگرتوە. (و . ف).

ئامانجیی کامڵبوون لەرەوتی هاتنەدیی دوپاتبوونەی هەرمان‌و هەمیشەیی. ئەم ئەزمونە بە روخسارێکی عیرفانی لەلای نیچە دێتە دی، نەك لەرێگەی کارکردن بەرێچکەیەکی تایبەت لەژیاندا، نیچە هەر ئەوەند لەهەستکردنی ئارایی "تاسەباری" ئاشنایی کە عیسا ئاشنایی بوو.

بەڕای نیچە، دژبەری گەورەی عیسا، دیۆنیزیۆس بوو. تاڕادەیەك تەواوی تێزەکانی ئەو لەقاڵبی رستەگەلی دژە عیسایی‌و بەلایەنگری لەدیۆنیزیۆس دەربڕاون. نیچە مەرگی عیسا لەسەر خاچی دەربڕی ئاوابوونی ژیان‌و دادخوازێك دژی ژیان دەدی، بەلام دیۆنیزیۆسی بەند بە بەند راپسکاوی بەسیمبۆلی ئاخێزیانی ژیان گریمان دەکرد کە بە تاسەیەکی خەم هێنەر پەیتا پەیتا گیانی تازەی وەبەر دێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا لێڵی‌و تەمتومانی سەیرو سەمەرە لێرەدایە کە نیچە لەبڕێك چرکە ساتی دەگمەندا، عیسا ئاسا دەبوو. لەژێر وشەگەلی لارو خێچدا کە لەسەردەمی شێتیدا دەینوسی ـ لەمبارەوە ئێجگار پڕواتایە ـ واژوی دەکرد "دیۆنیزیۆس" و هەروەها "لەخاچدراو".

## خۆ بەهاویەك دیتن لەگەڵ دوژمن

ئەم هەڵوێستە دوو فاقییە لەهەمبەر عیسا ـ جەنگان لەدژی‌و پاشان خۆی بەهاویەك زانین لەگەڵی، رەتکردنەوەی ئەو، پاشان پەسەندکردنی ئەو . خۆی لەخۆیدا وەڕاست گەڕانێك



لەرووداوێکە کە لەنیچە بەردەوامیی هەبوو. ئەو هەموو شتێك بوو ـ نەئەکتیڤ‌و چالاك لەجیهانی دەرەوە، بەڵکو بەتاقیکارییە پڕمەستانە‌و لەنێوەوەی هایدنی خۆی.

دەیزانی کە بەهەر بنج‌و بناوانی رۆحی مرۆڤ لەجیهانی ئەمڕۆ رۆچوە. لەخۆیدا هەمان هەرەسهێنانی دەدی کە پەلاماری دەدا، وەلێ پێی وابوو لەبەر ئەوەی هەرەسهێنانی بەو پەڕی خۆی گەیاندوە، هەنوکە دەتوانێ لێی گوزەر بکاو لەسەروییەوە بە تەندروستی‌و ئاسودەییەکی قووڵتر بگات.

دەیزانی کە ئەو نیهلیستەی کە تۆمەتباری دەکات خۆیەتی، بەلام باوەڕی بەوە هەبوو چونکە نیهلیزمی بەدوایین لێکەوتەکانی گەیاندوە‌و لەم رێگایەوە زاڵبوون بەسەریدا دەست پێکردوە کەوا بوو لەگەڵ کەسانی دی جیاوازیی هەیە.

دەیان جار لەپاش جەنگ وتەنانەت لەکاتی جەنگدا، نیچە وا دەبینرێ وازی لەجەنگ هێناوەو چۆتە ریزی دوژمنەوەو وەك دەوترێ خۆی بۆتە دوژمن‌و، نەك تەنیا نایهەوێ ئەو تەفروتونا بکا، بەڵکو مانەوەی ئەوی گەرەکەو دەیهەوێ تەنانەت مەسیحیەت قورس‌و قایم راوەستێ کە لەبارەیەوە هاودەنگ لەگەڵ ڤۆلتێر گوتبووی: "ئەم روڕەشە تێك بشکێنن!"

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بەرتەکدانەوەی ئانتی تێزەکان

لێرە دەگەین بەدواییین‌و هەمە لایەنترین باشارەکان لەفامکردنی نیچە لەکەتوارەکان‌و لەبایەخەکان. ئەو قووڵترین ئانتی تێزەکان وەلا دەخاو لەمەتەرێزگەلێ کە لەگۆڕەپانی مێژووی جیهان زەقیان دەکاتەوە بەلایەکدا دەشکێتەوە، بەڵام پاشان هەموو ئانتی تێزەکان هەڵدەوەشێنێتەوەو دەڵێ هەڵوێستەکانی لایەنی بەرانبەریش لەتێفکرینی ئەودا دەلوێ جێیەکیان هەبێ‌و باجی ئەم هەڵوێستانەش دەدا. لەکۆمای گوتەگەلی جەنگخوازانەو لەبگرەو بەردەی پەلامارەکانی ئەودا، دەبێ لەدوی رستەگەلی، هێمنی دەگمەن بگەڕێین، کە تەنانەت تا دوایین ساڵی چالاکیی داهێنەرانەی ئەو جاروبار دوپات دەبنەوە. ئەو کات دەبینین کە نیچە کت‌و مت ئانتی تێزەکان رەت دەکاتەوەو ئەو شتەی کە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی "مزگێنی"ی عیسا ئەژماری دەکات ـ بەم واتایە کە ئیدی دژیەکێك لەگۆڕێدا نیە[٨] ـ لەپلەو پایەی یەکێك لەبنەواشەکانی هزری خۆی سەقامگیرییان دەکاو دەنوسێ:

"مرۆیی بوونی ئێمە، ئەگەر واتایەکی هەبێ ئەمەیە، کە ئیدی بە دژیەکە زێدەبارەکان، یا لەبنەڕەت ڕا بەهیچ دژیەکێك، پێویستیمان نیە"[٩].

لاوازیی نیهلیزم لەمەدایە لەبەکارهێنانی دژبەرانی دووسەرە دەست هەڵناگرێ: "ئانتی تێزەکان چونکە فامکردنیان ئاسانە،



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەگەڵ چاخی خەڵکی ئاساییی‌و رەش‌و رووتدا دەگونجێن". بەڕای نیچە، هیچ شتێك نیە کە نابێ هەبێ، تەنیا "پاشەرۆك‌و پیسایی‌و گەنیوەکان، نابێ لەخۆوەو لەخودی خۆیدا مەحکوم بکەیت، چونکە بەرەنجامی هەرە پێویستی ژیانە.... هەرەسهێنان‌و ئاوابوونیش وەکو هەر جۆرە هەڵکشانێك، هەرە پێویستە. ئاوەز سەرەنجام بە مافی خۆی دەگات"[١٠].

نیچە لەنوسینەکانیدا سەرسوڕهێنەرانەتر هەوڵدانەکان ئەنجام دەدا، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە لێکی جیاکردبوونەوەو بەگژ یەکدیدا کردبوونی، هەمدیس لەیەکبوونێکی بەرزتردا پێکەوە ئاشت‌و کۆیان بکاتەوە.

لێرەشدا رێگەی زێدەڕۆیی پێوان یەکێك لەشێوەکانی پەسەندکردنی عیسایە. نیچە بەشێوەیەکی لەقەناعەت بەدورو دەستڕانەگەیشتو، دانانی کۆبەندەکان یا سێنتزەکان لەنێوان توندترین دژبەرەکان یا ئانتی تێزەکاندا وێنا دەکات‌و دەنوسێ: "هەستی دەستپێشخەری‌و داهێنان بەرنە سەرێ ـ مەرمەڕ تاشین بەسە! پەح! چ هەڵوێستە هێزێك بۆ ئەو بوونەوەرانە: قەیسەری رۆم لەگەڵ رۆحی مەسیح!"[١١].

## توندڕەوی‌و میانەڕەوی

ئانتی تێزەکان زێدەڕۆیی کەمتەرخەمییان لێ دەکەوێتەوە. جەنگ لەدایکبووی دژیەکە. وەلێ بەڕای نیچە، زێدەڕۆیی‌و کەمتەرخەمی، سیفەتی لاوازییە. لاوازی، بەبێ زێدەڕۆیی‌و

کەمتەر خەمی لەدرێژەدان بە هەبوونی خۆی دۆش دامانە. لەم ڕووەوە نیچە لەوەسفی قەیرانی چاخی هەرەسهێنان دەڵێ: "زێدەڕۆیی‌و کەمتەرخەمی چێ دەبێ‌و زاڵ دەبێ"[١٢]. زێدەڕۆییەکان‌و کەمتەرخەمییەکان، زێدەڕۆیی‌و کەمتەرخەمیی دیکەیان لێ دەکەوێتەوە: "دوا بەدوای زێدەڕۆییەکان‌و کەمتەرخەمییەکان، زێدەڕۆیی‌و کەمتەرخەمیی پێچەوانە دێن، نەك هەڵوێستە هاوسەنگەکان... هەر بەو جۆرەی کە بڕواهێنان بە هەرمانیی سروشت لەنەڕەخسانی پاراستنی ئیمان بەخواو هاوڕێکیی ڕەوشتیی جیهان وەکو پێویستیەك دێتە گۆڕێ"[١٣] و لێرەدا سەرکۆنەکردنی مەسیحیەت لەلایەن ئەوەوە ڕوخسارێکی دیکە لەخۆدەگرێ‌و نیچە دەنوسێ: "گریمانەی بوون"ی خوا گریمانەیەکە لەرادەبەدەر زێدەڕۆیانەیە[١٤].

نیچە دەپرسێ: "کێیە کە سەرەنجام بەهێزتر لەهەموویان دەبێت؟" و وەڵام دەداتەوە: "میانەڕەوترین کەسان، کەسانێك کە پێویستیان بە بنەواشەگەلی ئیمانیی زێدەڕۆیانە نیە"[١٥].

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر لەرستەکانی نیچە، ئەو ـ چ بە ئێمەو چ بە خودی خۆی پیاوێکی توندڕۆ دەنوێنێت. ئەو دەیزانی کە ئەم لایەنەی بیرکردنەوەی ئەو لەلای خەڵکی بەسەرکەوتن گەیشتووەو ئەمە بەو هەستێکی ترسناکی زاڵبوونی دەبەخشی، هەر وەك دەنوسێ: "ئێمە دژە ڕەوشتان تەنانەت درۆزنیشمان گەرەك نیە ... ئێمە تەنانەت بەبێ ڕاستگۆییش بەدەسەڵات دەگەین.... جادویەك کە بۆ سەرکەوتنی ئێمە بجەنگێ، جادوی



توندڕەوییە"[١٦]. بەڵام لەجێیەکی دیکەدا لەدژی توندڕەوی‌و لەدژی خۆی دەدوێ تا هەستی قووڵی خۆی لەلایەنگری لە بەئەندازە هێشتنەوەو میانەڕەوی نیشان بداو دەنوسێ: "میانەڕەوی‌و سەقامگیری دوو هەرامەی بەشکۆن کە باشتر وایە هەرگیز ناویان نەهێنین. دەسەڵاتیان‌و نیشانەکانیان لەڕێگەی پڕنهێنیی ئەزمونی نێواخنی‌و ناکامی، تەنیا بەلای کەسانێکی ئێجگار کەمەوە دێتە ناسین‌و ناسراوە، واتە ئەوانەی کە ڤاڵبووی یەزدانی لەو دوانەدا دەپەرستن‌و لەپەیڤگەلی هەراوخوڵقێن ڕوو وەردەگێڕن"[١٧].

نیچە لەکۆتایی سەردەمی چالاکیی خۆیدا نوسی: ئەمە بەشێك لەپیاوەتییە کە "ئێمە خۆمان لەبارەی هەڵکەوتی مرۆیی فریونەدەین، لێ گەڕێ لەبەرانبەردا، بێ ئەملاو ئەولا، لەئەندازە دەرنەچین‌و بەڕێی میانەڕەویدا بڕۆین"[١٨].

## گشت (کُل)

کاتێك کە بەمجۆرە لەگەڵ هەڵوێستەکانی لەڕواڵەتدا نایەکانگیری نیچە بەرەوڕوو دەبین، لەخۆمان دەپرسین: کەوا بوو لێرەدا هەقیقەت لەکوێیە؟ وەڵام دەدەینەوە: دەبێ لەبیرمەند بەلەبەرچاوگرتنی هەمەلایەنترین بیروڕاکانی تێبگەیت‌و باوەڕگەلی پەرەوازەی ئەو لەجێگەی شیاویان بەپێی ئەو بیروڕایە بگونجێنیت. دەبێ ئەو لەقووڵترین خاڵێك کە پێی دەگات فامبکەیت‌و تێبینیە ڕوکەشییەکان بەسەرنجدان لەوە،

هەر کامەو لەپلەوپایەی خۆیان دابنێیت. لایەنە ڕوکەشییەکانی نیـــچە ـ بەتایبـــەت لـــەدوایین نوســـینەکانیدا ـ بەئاشـــکرا ئاراستەمەندو زاڵبووی ویستی ئەو بۆ لەنێوبردنی مەسیحیەتن. لەهەمانکاتـــدا ئـــەو دەیـــەوێ بەفەلـــسەفەیەکی نوێـــوە بەســـەر نیهلیزمدا زاڵ بێت.

وەلـــێ ســـەر لەبـــەری نیـــچە لەهەمانکاتـــدا شـــێوە بیرێـــك درز دەدات کـــە بەنـــاچـــار بـــاڵا دەســـتبوونی لایەنـــە ئاراســـتەمەندەکان ســـەرەنجام دەڕوخێنـــێ. ئـــەو خـــۆی پێوەرێـــك بـــۆ هەڵـــسەنگاندنی ئاخاوتەی دەداتە دەستیان، بەڵام نـــەك بەشـــێوەیەك کـــە بتـــوانین قـــسەکانی بـــەڕیزی تەکووزمەنـــد ریزبەنـــد بکـــەین. نەخۆشـــیی دەرونی چالاکیی داهێنەرانـــەی نیـــچەی لـــەکاناو کۆتـــایی پێهێنـــاو وردو خاشـــی کـــرد. کـــەوا بـــوو، ئـــەو هـــەرگیز نـــەیتوانی دواجـــار، یەکبوونێکی سیستماتیك لەبیرەکانیدا رایەڵ بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، جێی پرسیارە کـە ئـەو لەبنـەماوە دەیتـوانی بەســـەرنجدان لەچـیـەتیی ئـــەم دۆزە دەســـت بـــەوەها کارێـــك بکـــا؟ بەپێی گوتەکانی لەدوایین ساڵەکانی ژیانیـدا، لانیکـەم لەهەنـدێ چرکەســـاتدا، دیـــدێکی کۆمکـــاریو سەرتاســـەری بەلایـــەوە بـــەری دەگـــرت کـــە دەتـــوانین وا وێنـــا بکـــەین ئەگـــەر لـــەقاڵبی دەربڕینـــدا گونجابایە، کەم تازۆر چۆربڕی تەواوی تێزەکانی ئەوی دەگۆڕیو نێوەرۆکەکەیان دەکردە ڕێژەییو لەپـەرەوازەیی دەری دەهێنـاو لـــەڕێڕەوێکی گـــشتیدا دای دەنـــا. بـــەڵام ئـــەمڕۆ، کاتێـــك کـــە لەتەوەرو ژێدەری داوەرییەکانی نیچە پرسیار دەکەین، هەرگیز



نـــاتوانین بەسەرچـاوەی سـەرەکی پـەی بـەرینو کەوایـە، توانـای دەربڕینـــی راســـتەقینەیمان نیـــە، بەتایبـــەتی ئەگـــەر وەبیرمـــان بێتەوە کـە ئـەو لـەدوایین ساڵانی ساخلەمیی دەرونیـدا، دەیـوت چاوەڕوانی ئـەوەم کـاری دواتـرم (کـە هیـچکات بـەوە شـادنەبوو) "بەسیلەچـــاوێك بـــۆ رابـــردو، دروســـتیو لەسەرڕاســـتبوونو سەرتاســەری بـوونم بەســەقامگیری بگەیـەنێت کـە، ئەگـەر ئـاوا نەبـێ، بەسـەد بەلگـەو هـۆ بـۆ هەمیـشە ئـەو بوونـە بـوونێکی پڕگومان دەبێت"[٩] ستەممان لەنیچە کـردوە ئەگـەر فـەرامۆش بکەین، کە ئەو لەدوایین ساڵی تێفکریندا خۆی "بەسـەد بەڵگـەو هۆ بۆ هەمیشە بـوونێکی پڕگومـان" نـاودێرکردو نـەیتوانی روو لەکارێك بکا کـە قـەرار بـوو دوایـین سـەرزناکی لەسەرڕاستبوون لەگەڵ سیلەی چاو بەرابردو بـێ. ئەگەر لەگەڵ رەوتی هزرەکانی نیچە پێشفەبچین، ئەگەر لەهەڵوێستێکدا نەوەستین کـە دڵنیـام پێمـــان خـــۆش دەبـــێ، ئـــەو بـــەردەوام دەمانخاتـــە گێـــژاوەوە، پارادۆکـسەکانی ئـەو ئۆقرەمـان لـێ دەبـڕێ، چـونکە پێـشەنگی هەقیقەتێکە کە هەرگیز بەدەست نایەت.

تێفکرینی نیـچە لێبڕاوتـرینو بەبڕشـتترین روداوی فەلـسەفی لـەکۆتایی ئایـدیالیزمی ئاڵمـان بەملاوەیـە، بـەڵام خـودێتی ئـەم روداوە بەئاشکرا هەوێندەر نیە، سەقامگیر نیە، هەقیقەتێك نیە کە زەینی مرۆڤ بتوانێ دەوری بداتەوەو ببێتـە خـاوەنی. شـتێك جگە لەخودی بزاڤ نیـە ـ بـە گوتەیـەکی دیکـە، تێفکرینێکە کـە فـەزا بـەرینتر دەکاتـەوەو هیـچکات دایناخـاتو بـۆ دواڕۆژێکـی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

نەناسراو، ئەگەرو هەل دەڕەخسێنێ، وەلێ بنیاتو ڕۆنانی لەدەست نادا.

تێفکرینی نیچە سەرزناکی هەموو هۆکارە سوێنەرو وردو خاشکەرەکان لەرۆژگاری هاوچەرخ دێتە بەرچاو. ئەگەر تاکۆتایی لەو پێڕەوی بکەین، ئیدی شتێکی ئەوتۆ لەئایدیالەکانو بایەخەکانو هەقیقەتو کەتوارە هەنوکەییەکان نامێنێتەوە. هەموو شتێك لەتارماییەکانو ساوێرەکانەوە بگرە تا کەتوار گەلی ناقۆڵاو هەستپێکراو، هەرچەندەش لەشوێنێکی ئەم چاخەدا بەڕاستی راستەقینە کەوتبنە بەرچاو، دادەڕزێو دەپوکێتەوە.

## دیمەنە ڕواڵەتییەکانو نیچەی راستەقینە

لەهزری راستەقینەی نیچە تا نیچەیەك کە چۆتە نێو زمانی گشتیی رۆژگاری ئێمە، جیاوازییەکە ئاسمانو رێسمانە. لەلایەکەوە تەقەمەنیخانەی هزرەکانی پەیوەندار بە دەروناسیی لەقاودەرانەی ئەو هەیەو. (بەتایبەتی لقەکانی دەرونشیکاری)و لەلایەکی دیکەوە دژایەتی لەگەڵ مەسیحیەت. ئەم دوانە هەنوکە بوونەتە سامانی گشتی، بەڵام هزری فەلسەفیی راستەقینەی نیچە - کە دەروناسیو دژە مەسیحیەتی ئەو تەنیا هەنگاو گەلێ بەرەو ئەو هرزە دێنە ئەژمار، بێ ئەوەی کە دروستکەری هەقیقەتێك بەدەر لەخۆیان بن - وەکو تێفکرینی هەموو فەیلەسوفانی گەورەی ئاڵمان هەروا



مەکتەبی بیروهۆشیاری

داپۆشراوەو دور لەتێگەیشتنی ئاسایی دەمێنێتەوە. کانیی قووڵی ئەم تێفکرینە فەلسەفییە، کە نیچە لەسەردەمی خۆیدا لەجووڵەو بزاڤدا هێشتیەوە، هەرگیز بۆ خەڵکی ئاسایی نەناسراوە.

روخسارە رواڵەتییەکانی ئەم فەلسەفەیە - رواڵەتگەلێ کە لەوانەوە سەریان هەڵداوە، وەلێ هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ خودو گەوهەریان نیە - بەناچار لەنێو هەمواندا ئاشکراو باو دەبن. بەڵام چاری کەسێك کە بیەوێ لەهەمان کاتدا کە رەخنەکاری دەکا، هزرەکانی نیچەش وەربگرێت، ئەمەیە کە نەهێڵێ فەلسەفەی ئەو کە تەنیا شتێکە کە ئەو دەکاتە هاوتەرازی پێشینانی بەهاگرانی خۆی، لەژێر ئەو رێچکە گومڕا کەرانەدا بەشاراوەیی بمێنێتەوە.

ئەم کارە تەنیا بە پێشێلی رستەگەلی جیاو پەرەوازەی نیچە نالوێ. دەبێ گشت ئەم ئاستی تێفکرینی ئەلتێرناتیڤە، وەپشت سەر بنێینو قووڵتربینەوەو بگەینە جێیەك کە رێدۆزەکان بەپێی سەرجەمی پرسیارەکان دەگۆڕنو فەزاکراوەو هەقیقەت قووڵتر دەبێتەوەو هەراو هوریای مشتو مڕ کرەی لێ بنیشێت. ئەم شێوە تێفکرینە بە ئاسانی چنگ ناکەوێتو پێی مەسەلەی خۆفێربوونی گەوهەری مرۆیی دێتە مەیدانەوە. کاتێك کە نیچە لەڕازی فەلسەفەی ئێمە لەئاڵمان دەدواو هەندێ تێبینی بۆ نمونە لەبارەی لایب نیتیسو کانتو هێگل دەخستە ڕوو،

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەر بەم شێوە تێفکرینە بوو کە خۆی ئاسودە هەست پێدەکرد[٢٠].

لەمەڕ مەسیحیەت رەتێنیی نیچە، پرسیاری یەکلاکەرەوە ئەمەیە کە ئەم لاساری‌و دوژمنایەتییە لەکوێوە ئاخێزدەکاو کەوابوو سنورو کەوشەنەکەی چیە - بەگوتەیەکی دیکە، چ سەمەدگەلێ لەجیهانبینیی ئەو نەیاری مەسیحیەتەو بۆ کامە مەبەستی ئاکامدارە. جیاوازیی نیچە لەگەڵ کەسانێك کە تەنیا مەیمون ئاسا لەزمان‌و دەربڕینی دژە مەسیحیی ئەو لاسایی دەکەنەوە، قووڵایی ئەم سەمەدانە بەواتای دروستی فەلسەفییە.

دەتوانین تەنیا لەڕێگەی گواستنەوەی بزاڤی هزری نیچە هەست پێ بکەین کە رێگاکان بۆ پێشڕەوی ئاوەڵا دەکا، نەك لەهیچ جۆرە هەڵوێستێکی نەگۆڕو جێگرتو. بەگوتەیەکی دیکە، هەستێك کە لەهزری ئەوەوە دێت زیاتر لەشێوەی پەیبردنەوە وەدەست دێت تا لەنێوەرۆکی بەرهەستییەوەو جۆرێکی تایبەت لەخوێندنەوە دەخوازێ.

## دەبێ نیچە چۆن بخوێنیتەوە

بەشێك لەدژوارییەکانی تێگەیشتن لەنیچە سەرهاتەو دەرەکییە.

**دوو شت نابێ لەیاد بکەین:**

**یەکەم:** هەر وشەو هەر هزرێکی زووتێپەڕ پاژێك لەکاری ئەوە. هەتاکو ئەو لەباشترین دیتەکانی لابداو بەلاڕێی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەمارگرژیدا بڕوات یا لەزێدەڕۆیی‌و کەمتەرخەمی نغرۆ ببێ، یا کایە بە وشەکان بکاو هەرچەندەیش کە مێرگی دەرکەوتە روکەشییەکان لەرستەکانیدا زۆرو زەوەندو گرێی تێبکەوێت، یا سۆزو خرۆشی کت‌و پڕ، ئەو بە ئەنقەست بە نادادپەروەری بکێشێت - لەلادانەکانی ئاگاتر دەبینەوە، چونکە هەرشتێك کە نیچە سەرپێیی یاداشتی کردوە (و هەرگیز دەرفەتی پێداچونەوەی رەخنەگرانەو بنەتایی وەدەست نەهێناوە) بەشێك لەکاری ئەوەو هیچ رێگایەك بۆ جیاکردنەوەی نیە. زۆر کات، بنەڕەتیترین‌و زراڤترین هزرەکانی ئەو لەیادنوسە سەر پێیەکاندا پارێزراوە. هەمیشە دەبێ لەوە ئاگاداربین کە ئەو شتەی دەیخوێنینەوە کارێکی تەواو رەخساو نیە. دەبێ بزانین چوینەتە نێوکارگەی ئەم بیرمەندەوە، شوێنێك کە بەروبوومی تەواوی وردە روشاوو هاڕدراوەکان هاوکات دێنە مەیدانی بوونەوە.

**دووەم:** نەخۆشیی نیچە وەکو هەورێکی لێڵ‌و تار سێبەری خستۆتە سەر کاری ئەو. مەبەست لەم وەبیرهێنانەوەیە، نەك دامالینی متمانە لەهزری ئەو، بەڵکو تێگەیشتنی هەقیقەتی راستەقینەی کاری ئەو بە بێگەردی‌و دڵسافییەکی زیاترە لەڕێگەی وەلانانی زێدەڕۆییەکان‌و خرۆشانەکان‌و بارودۆخی سەرهەڵداوی نەخۆشیی ئەو کە هیچ پەیوەندییەکی بەکارەکەی نیە.

ئەگەر ئەم خاڵانە رەچاو بکەین، دەتوانین لەپوختەی هزری نیچە نزیك ببینەوەو لەوێدایە کە بەرکەوت لەتەك هەندێ ئاریشە کە پێشتریش زانیمان دەکەین: بەرکەوت لەگەڵ ئەوەی کە وا دێتە بەرچاو هەموو شتێك دەڵێ، بۆ نموونە ئەو شتانەی کە ئانتی تێزو پێشێلکەری یەکدین، لەم رووەوە پەیدا کردنی راستەقینەی مەبەستی نیچە لەشێوەی تێزێکی تایبەتو لەڕاستیدا بەهەر شێوەیەکی دیاریکراوو دیاریمەند، بەردەوام مەحاڵە. لەکاتی خوێندنەوەی نیچە، یەکەم دەبێ لەبارەی هزرەکانی ئەو هەربەو جۆرەی کە بەڕواڵەت هەن لەهەموو رویەکانەوە بیربکەینەوەو پاشان لێی گەڕێین ئەو هزرانە بەرین بنەوەو پێچەوانە بنەوەو یەکدی پوچەڵ بکەنەوە. هەروشەیەك لەنیچەدا بەشێك لەشێوەی رواڵەتییە کە دەیەوێ کۆی هەقیقەت دەرببڕێ. لەبەرهەمەکانی ئەودا جۆرە دژبەرایەتییەکی فریودەر هەیە لەنێوان دەربڕینە لێبڕاوانەو ئەرخەیانیی (کە گوایە ئەو شتەش هەنوکە گوتراوە کۆی هەقیقەت)و دیالێکتیکی بێ بنەتای ئەگەرو کەرەستەکان کە هەموو شتێك گل دەداتەوەو پوچەڵی دەکاتەوە.

## کەوشەنی تێگەیشتنی ئێمە لەنیچە

تێگەیشتنی راستەقینە، ئەگەر لەبنەمادا ئەگەری بەدیهێنانی هەبێ، تەنیا لەحاڵەتێکدا وەدەست دێ کە لەکۆی نیچە بڕوانینو، پێوستیی بە زەبری سامناکی ئەزمونی فیکریی ئەو



بەشێوەیەکی هەمە لایەن هەیە، کە لەپەڕانپەڕی دیالێکتیکی کە پەیتا پەیتا دوژمن دەگۆڕێت بۆ خودی خۆی، یا دەبێتە هۆی ئەوە، کە ئەو خۆی لەقاڵبی دوژمندا بناسێت، تەنیا بەمەرجێك بۆمان دەست دەدا کە بیرمەند، بیرمەندێکی "هاوچەشن" نەبێ. بیرمەند دەبێ "ناوێزە" بێ، دەبێ قوربانیی سەردەمی خۆی بێ، دەبێ بۆ سەردەمی خۆی کارێك بکا کە ئەگەر کۆمایەك لەکەسەکان کردبایان، هەموو شتێك تەفروتونا دەبوو. وەها بیرمەندێك لەهەر حەشارگەیەکەوە دێتە دەرێ، ئەم مەترسییە لەسەرخۆی هەموار دەکا کە خاڵی پاڵپشتی خۆی یەکسەر لەکیس بدات، خۆی بخاتە بەر مەترسیی هەر جۆرە ناتەناهییەکەوە، چونکە رێگایەکی دیکەی بۆ گەیشتن بە کەوشەنگەلێ نیە کە لەوێدا بە وەرگرتنی قووڵترین هەقیقەتێك کە لەتوانایدایە کامەران بێت. بەڵام لەوەها هەڵوێستێکی بێ پشتیواندا، نەهیچ شێوازێکی راستەقینەی ژیانو نەهیچ فەلسەفەیەکی ژیانی بەختەوەربەخش بۆ بیرمەند ئەگەری رەخسانی دەبێ.

لێڵیو تەمتومانەکان پەیتا پەیتا دەستدرێژی دەکەنە سەر هزری نیچەو ئەو نە بە ئۆخژنی سەرهەڵداوی گەیشتن بە هەقیقەت دەگاو نە بە تەناهیی لەدایکبووی گەیشتن بە ئامانج.

تاڕادەیەك هەمیشە لەکەشو هەوای فیکری ئەودا، دەنگێك دەبیستین کە لەخۆمانەوە نیە. نیچە لەسەردەمی لاوێتی پەیڕەوی ڤاگنێرە، پاشان دەبێتە نیهلیستێکی روخێنەرو دواتر

بانگی تراژیکی پێغەمبەرێك لەوەوە دێتو بەرگوێ دەکەوێت ـ بەڵام ئەو هەموو ئەمانە رەت دەکاتەوە، ئەمانە هەموویان تەنیا دەرخەری شتێکە کە ئەو نایەوێ هەبێ، کتو مت هەمان شتە کە دەیەوێ بەسەریدا زاڵ بێ. وەلێ بە چ مەبەستێك بەسەریدا زاڵ بێت؟ مەبەستو ئامانج بۆ هەمیشە بەشاراوەیی دەمێنێتەوە. دواجار تەنگژەو کێشمەکێش تەنانەت روی لەزیادبوون کرد، دوا ئاخاوتە هەرگیز نەگوترا.

نیچە پلەبەندی ناکرێت. رەنگە هاوشانی پاسکالو کییەرکەگۆردو دێستۆفسکی بێ. هەر چواریان، سەرەڕای جیاوازییە بنەڕەتییەکانیان، قارەمانانێکن کە بوونە قوربانیی گۆڕانێکی مێژوویی لەدۆخی مرۆڤدا. بەرە بەرە کە باشتر دەیانناسینو رۆشنتر دەبینین، دەلوێ پاشگەز کەرەوەیەك لەواندا ببینین کە لەهەموو کەسانی ناوێزەدا بەدی دەکرێ ـ چۆنایەتییەك کە دەشێ لەبیرمەندە ناوێزەکانی وەکو پۆڵسی پەیامبەرو سێنت ئۆگۆستینۆسو لۆتێریشدا کە بیچمیان بەجیهاندا. ئاشکرایە نیچە ئەوانی دەدی ـ و لەدیتنیانو لەدیتنی خۆی بێزار بوو لەگەڵ ئەوەشدا، پەیتا پەیتا هاوکات لەگەڵ ئەشراقی خود تێدەفکری.



مه کتەبی بیروهۆشیاری

## تێڕوانینی ئێمە لەهزری نیچە

دەبێ چ بکەین ئەگەر بیرمەندێك لەهیچ شوێنێکدا هیچ هەقیقەتێکی نەگۆڕمان نەداتێ کە، بتوانین فێری بینو وەری بگرین؟ لەپرۆسەیەکدا بەشداری دەکەین بێ ئەوەی کە لەودا هاویەکی پەیدا بکەین.

بەرە بەرە تێفکرینی نیچە ئەزمون دەکەین، وەرگرتنمان ئیزنمان پێ دەدات مەترسیی زێدەڕۆییەکانو کەمتەرخەمییەکانی ئەو، لەسەر خۆمان هەموار بکەین، ئیزنمان پێ دەدات لەگەڵ نیچەدا دەست بە "تاقیکاری" بکەین، وەلێ ئێمە ناکاتە جێنشینی ئەو.

دەبینە هاوپێناوی تێفکرینی تاقیکارییانەی ئەو، بەڵام نابێ دۆش دابمێنێت تێك بشکێین، چونکە بەپارادۆکسەکانی ئەو تەنگمان پێ هەڵدەچنرێت، بە پێچەوانەوە، پارادۆکسەکان دەبێ ئێمە بەرەو سێنتز یادۆخی هەمەلایەنی قووڵ پێشڤەبەرێت. نابێ لێ گەڕێیین لەگێژاوی پەرێشانی وسیستم شێواوی خول بخۆین، پەیتا پەیتا دەبێ لەپەیجۆری رێگە حاشا هەڵنەگرو لێ دەرباز نەبوەکان بین، کە بزاوت لەودا بێتە دی. نیچە ئەگەری ئەوە دەڕەخسێنێ کە ئێمە کەتوارە هەنوکەییو رابردوەکان ئەزمون بکەینو قووڵاییو گڕوتینی دیدی ئێمە زێدە دەکا، لەم رێگایەوە کە بەردەوام ناچارمان دەکا لەهزردا پارێز رەچاو بکەینو سەرنج لەدژیەكو باشاری نێوان ژێدەرەکان بدەین.

لەهەمان کاتدا نیچە مامۆستامانە، یەکەم لەهەستیاریی درك پێکردنی نێواخندۆزییانە، پاشان لەتێگەیشتن‌و وەرگرتنی هۆشیارانەی تەمتومانەکان‌و سەرەنجام لەبزاوتی فیکریی بێ ناسینی جێگیرو پتەو. هاونشینیی لەگەڵ نیچە بەمانای پرۆسەی دەربازبوونە، کە ئەگەرو کەرەستەکانی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام نەك شتێکی لەوەزیاتر.

ئەو رێگامان بۆ روون ناکاتەوە، فێری ئیمانمان ناکا، هیچ بارەگایەك‌و پێگەیەکمان ناداتێ، کە لەسەری ڕاوەستین. بەپێچەوانەوە، بێ ئۆقرەمان دەکا، پەیتا پەیتا ئەشکەنجەمان دەدا، لەهەموو حەشارگەیەك وەدەرمان دەنێ‌و هەر جۆرە خۆشاردنەوەیەك حەرام دەکات.

لەهیچی‌و نەبوون نغرۆمان دەکا، دەیەوێ فەزاگەلی بەرینترمان بۆ دروست بکا. جیهانێك بە قووڵایی لەپێواننەهاتوو، نیشانمان دەدا، چونکە دەیەوێ لەوەتێبگەین کە لەچ پایەو بنچینەیەکەوە ئاخێزمان کردوە.

دەلوێ زۆرجاران وا بێتە بەرچاو ئەو خواستگەلی دیاریکراوی لەئێمە دەوێ، بەڵام ئەم جۆرە خواستانە دەرهاویشتەیی‌و لاوەکین. دواجار نیچە دەست لەهەموو خواستەکان هەڵدەگرێ‌و یەکسەر ئێمە بە خۆمان دەسپێرێ. هەر تێفکرینێك وەکو تێفکرینی نیچە سەریهەڵدەدا، ئەگەر خۆمان نەخەینە تەنیشتیەوە. ئەگەر بۆ نموونە رەخنەگرتنمان لەوردەکارییە پوچ‌و بێهودەکان نەهێڵێ لەگشت بەقووڵی باندۆر وەرگرین .



لەو ئەرکەی کە لەبەرانبەر هەقیقەت لەسەر شانمانە کەمتەرخەمیمان کردوە. ئیدی رزگاربوونی هەستیاریمان لەئاست بایەخەکان ئەزمون ناکەین‌و پەی بە ئاسۆ بەرینی‌و بێسنوری دیالێکتیکی نابەین.

بەڵام دەبێ چ بکەین ئەگەر لەهەقیقەتی تێزەکانی نیچە دڵنیا نەبین‌و ئەگەر راستیەکانی خۆمان لەبەرانبەر تێزەکانی ئەو بەرخۆدان بکەن؟ چۆن دەبێ وەڵامی ئەو بدەینەوە؟ سەرەتا دەبێ ئەو شتەی کە لەڕێگای ئەزمونییەوەو ئاوەزمەندانە وەچنگ دێت، جیابکەینەوە. دەبێ هەقیقەتبێژیی مێتۆدیك‌و زانستی بکەینە پیشە کە نیچە خۆی زۆر رۆشن هەوڵیداوە باسی بکات‌و دەری ببڕێ، تا ببینین کە چ دەزانین‌و چی نازانین‌و لە چ شتێکدا دەتوانین کۆڵێنکاری بکەین‌و چ شتێك دەشێ کۆڵین بکرێت. دووەم دەبێ داوەرییە بایەخ دانەرانەکان‌و باوەڕەکانی لەسەنگی مەحەکی هەستگەلی نێواخندۆزییانەو ئاساییەکانی خۆمان بدەین‌و بێدەنگ‌و چاوەڕوان بین تا کاردانەوەی لەناخماندا رۆشن بێتەوە. سێهەم دەبێ بچینە نێو بزاوتە فیکرییە سەراسایی فەلسەفی‌و بە تایبەت دیالێکتیکییەکان کە شتگەلێ جگە لەناسینی بەرهەست‌و ئەرخەیانیبەخش نیشانی ئێمە دەدەن. ئەگەر وا گریمان بکەین کە تێفکرینی نیچە بەڕاستی تێفکرینی فەلسەفییەو ئەگەر گوتە پەرەوازەکانی ئەو لەکۆی خۆیاندا ئاوێتە بکەین، دەلوێ پەی بە هەقیقەتی رێژەییان بەرین، یا

مەکتەبی بیروهۆشیاری

پەی بە نایەکانگیرییەکانیان لەتەك هەقیقەت بەرین کە لەمپەری پەسەند کردنو باوبوونیان دەبێت.

## توك[*] لێ کردنی نیچە

کەسانێك کە بیانەوێ دزەبکەنە نێو هزری نیچەوە، پێویستیان بە هاواری رەسەنی ناخو جێی متمانە هەیە. ئەوەی لەنیچەوە سەرڕێژ دەبێ ـ هەڵقولانی تێکشکێنەرو نابەختەوەرو هەمیشە روو لەپێش، بەلام پەیتا پەیتا لەسەروبەندی بوونە بلقی سەرئاو ـ ئێمە لەبۆتەی تاقیکردنەوەیەکی لەڕادەبەدەر دادەنێ. ئەمجۆرە تێفکرینە لەئازادیی مرۆیی چۆنایەتییەکی زۆر بەرزی گەرەکە ـ نەك ئازادیی پوکاوەو پوچی بەرهەم هاتوی رزگاربوون لەکۆتو بەندەکان، بەڵکو ئازادی بەسەلماندن گەیشتوو وەدیهاتو کە، لەقووڵایی (بوونی) مێژوویی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێو دیاریی خۆیەتی بۆ خۆیو بەلای خۆشیەوە لەتێگەیشتن نەهاتویە. ئەوانەی کە لێ گەڕاون نیچە بیانخاتە داوی هەڵپەتەکارییەکان (سفسطە)و ناسینە رواڵەتییەکانو زێدەڕۆییو کەمتەرخەمییە سەرخۆشکەرەکانو حەسرەتو ئارەزوە پەرێشانەکانەوە، بوونە قوربانیی توك لێ کردنی نیچەو. نیچە خۆی ئەم توك لێ کردنەی بە دەربڕینگەلی

---

[*] ـ دوعای خراپ، نەفرەت لێ کردن، (دوعای تێکەلاو لەگەڵ نەفرەت بەپێچەوانەی نزا "دوعای خێر" و. بۆ کوردی).



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەرسوڕهێنەر دەربڕیوە ـ نەتەنیا بەڕەتاندنی "نیچە ویستانو پەسنکەرانی وەڕسکەر" و "لاساییکەرانی مەیمون سیفەتی زەردەشت" یا لەترسی "کەسانی دزێودڵو تەواو ناشایستە کە رۆژێك لەرۆژان بەڵگەکانیان بەمن پشت راست دەکەنەوە"، بەڵکو راستەوخۆو راشکاوانە لەقاڵبی ئەم رستانەو بەهاوارێکی سەرکوتکەر بەسەر فریودراوانو قوربانیانی هزری خۆی: "بەسەر ئەم مرۆڤە ئەمڕۆییانە، نە تیشکێك دەپڕژێنمو نەدەمەوێ بە تیشکی ئەوان ناودێربکرێم، تەنیا بیناییان لێ دەڕفێنم! ئەی بروسکەی فرەزانیو دانایی من، کوێریان بکە!"[٢١].

دوایین مالاوایی نیچە لەئێمە، نیشانەی دلۆڤانی پێوەنیە. زۆرتر چەشنی بەرتەکدانەوەو دەستی رەتکردنەوەیە. هەموو شتێك پەیوەستە بەخودی ئێمەوە. هەقیقەت تەنیا ئەو شتەیە کە نیچە لەناخی خۆمان دەری دێنێ.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## تێبینی:

ئەو ژمارەی پەراوێزانەی لەناو تێکستەکاندا هەیەو بەڵام هیچ ڕونکردنەوەیەکیان لەگەڵدا چاپ نەکراوە وەرگێڕی لێ ئاگادارکراوەتەوەو ئەویش دەڵێت لەوەرگێڕانە فارسییەکەدا هەر وا هاتووە. ئێمەش لەبەر ئەمانەتی وەرگێڕانەکە وەك خۆی دامانناوەتەوە.

م. ب. ه



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# فەرهەنگۆك

| ریز | كوردی | رونكردنەوەو تێبینی | فارسی |
|---|---|---|---|
| ١- | ئاخێزیان | بەعەرەبی قیامة - نهضة | رستاخیز - قیامت |
| ٢- | ئاخنە | لەئاخنین وەرگیراوە | بطن - درون |
| ٣- | ئۆخژن | ئۆخەی كردن، ئاسودەبوون | أرامش خاطر - أسودەشدن |
| ٤- | ئارایی | بەواتای لەئارادابوونی شتێك بە واتای فەلسەفی. | حضور |
| ٥- | ئالۆش | هەوەس | شهوت - آز - هوس |
| ٦- | باستەوەر | ——— | جستار - بحث محوری |
| ٧- | باشار | لەهەنبانە بۆرینەی م. هەژار وەرگیراوە. دەرۆست هاتن | تقابل - مقابلە |
| ٨- | بنەتا | ——— | نهایی - متناهی |
| ٩- | بـێ - بنەتا / یی | ——— | بی نهایت - نامتناهی - لایتناهی |



| ریز | كوردی | رونكردنەوەو تێبینی | فارسی |
|---|---|---|---|
| ١٠- | بنەواشە | پرەنسیپ Principle | اصل |
| ١١- | باڵانواڕی | Transcendenc | متعالی - استعلا |
| ١٢- | بژیوان | ——— | میانجی |
| ١٣- | نێو - بژیوان | كەسی ئاشتیواكە | میانجیگر |
| ١٤- | نێو - بژیوانی | ئاشتەوایی كردن | میانجیگری |
| ١٥- | بـێ بژیوان | ——— | بی میانجی - بدون میانجی |
| ١٦- | بەرهەست | هەرشتێك بەرهەستەكان بكەوێت. | عینی |
| ١٧- | بەركەوت | Countact | برخورد - تماس |
| ١٨- | بیچم | Form | شكل |
| ١٩- | بەریان | مەیل بۆ بەرەیەك/ بەعەرەبی/ انتماء | گرایش |
| ٢٠- | پار | | فصل (فصل كتاب یا ...) |
| ٢١- | پاژ | | جزء |
| ٢٢- | پەسن | | مدح - ستایش |
| ٢٣- | پەرجو | | معجزە |
| ٢٤- | پەرانپەر | لەدیالكتی هەورامی وەرگیراوە. | محیط، حیطە |
| ٢٥- | پەیجۆر | | جستجو، تعقیب |
| ٢٦- | پیوار | بەپێچەوانەی ئارایی | غیاب |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | لەهەورامی، وەرگیراوە | |
| ٢٧- | تاسە | | شوق |
| ٢٨- | تامەزرۆیی | | اشتیاق |
| ٢٩- | تەکووز | لەهەنبانە بۆرینەی هەژار وەرگیراوە | منظم |
| ٣٠- | تەکووزمەندی | | نظم، نظم داشتن |
| ٣١- | تومەزا | ئامرازی دەربڕینی خافڵ بوون | غافل ازاینکه، (ادات بیان غفلت) |
| ٣٢- | توانج پۆشی | زاراوەی چەمکێك لەرەوانبێژی | ایهام |
| ٣٣- | ساوێر | لەدیالکتی هەورامی وەرگیراوە | وهم ـ توهّم |
| ٣٤- | سازان هەڵنەگر | | سازش ناپـذیر |
| ٣٥- | سروش | | وحی |
| ٣٦- | سەرزناك | E –arch – trace | سرعلامت |
| ٣٧- | سەراسا | لەهەنبانە بۆرینە وەرگیراوە | خاص ـ اختصاصی |
| ٣٨- | سەمەد | لەهەنبانە بۆرینە وەرگیراوە | انگیزە، سبب |
| ٣٩- | سپیتا | لەزاری لەك و كەلهور وەرگیراوە | مقدس |
| ٤٠- | سپیتایی | | تقدس |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١- | سەرەمرە | لەدیالکتی هەورامی وەرگیراوە | مداوم ـ متوالی |
| ٤٢- | شیرازە | | سامان |
| ٤٣- | شیرازەدان | | سامان دادن |
| ٤٤- | شیرازەمەند | | ساماندار ـ بەسامان ـ سامانمند |
| ٤٥- | شیمان | | احتمال |
| ٤٦- | شیمانەیی | | احتمالی ـ محتمل |
| ٤٧- | کازە | لەهەنبانە بۆرینە وەرگیراوە | سرگرمی ـ شوخی |
| ٤٩- | کەتوار | ع. واقع/ E/ Real | واقعیت |
| | کەونارا | دێرین | باستان، باستانی |
| ٥٠- | کەوشەن | سنور/ تخوب | مرز/ حدود/ محدوده |
| ٥١- | کەڵکئاوەژو | | سوء استفاده |
| ٥٢- | کەڵە پیاو | | اَبَرمرد |
| ٥٣- | کەڵە مرۆڤ | | اَبَر انسان |
| ٥٤- | گریمان | | فرض |
| ٥٥- | گریمانە | | فرضیه |
| ٥٦- | گوتەزا | | مقوله |
| ٥٧- | ڤان | دەسەر | امتیاز |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٨ | دەسەر | ڤان | امتياز |
| ٥٩ | دووسەرە | شتێك یا بوونەوەرێك کەهەردو سەرەکەی لەبەرانبەر یەکدی راوەستابن | متقابل |
| ٦٠ | دیتە | | بینش |
| ٦١ | رۆژداگەڕان | لەهەنبانە بۆرینە وەرگیراوە | زوال/ افول أفتاب |
| ٦٢ | رۆنان | | بنیاد/ بنیاد نهادن |
| ٦٣ | خاکەڕا | | متواضع |
| ٦٤ | خاکەڕایی | | تواضع |
| ٦٥ | لێکەوتە | | پیامد/ عارضه |
| ٦٦ | ناوێزە | ڕێزپەڕ/ ع. شاذ/ استثناء | استثناء |
| ٦٧ | نەسك | وشەیەکی ڕەسەنی کوردی کە ئاڤێستاییە | نوسخه |
| ٦٨ | نەلواو | بەپێچەوانەی لواو | ناممکن/ برخلاف ممکن |
| ٦٩ | نیاز | وەکو "نیازم پاکە" | نیّت، قصد باطنی |
| ٧٠ | مووئەنگێو | درکەیە لەئێجگار وردبین و زیرەك | موشکاف |
| ٧١ | موئەنگێوی | | موشکافی |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧٢ | موئەنگێوانە | | موشکافانە |
| ٧٣ | مەتەرێز | سەنگەر/ بەرەکانی پێشەوەی جەنگ | سنگر/ خط مقدم جبههی جنگ |
| ٧٤ | هایدن/ هەبوون | لەزاری لەك و کەلهوڕ E/ onto | هستی |
| ٧٥ | هەمەکی | | کلّی |
| ٧٦ | هەمەك | | کلّ |
| ٧٧ | هەمەکێتی | | کلیێت |
| ٧٨ | هەرمان | نەمر | جاودان |
| ٧٩ | هەرمانی | نەمری | جاودانگی |
| ٨٠ | هەژیان | | هیجان |
| ٨١ | هەڵێنجان | | استنباط |
| ٨٢ | هەڵپەتەکاری | | سفسطه |
| ٨٣ | هەرەپێویستێتی | | ضرورت |
| ٨٤ | هەنتەش | ئەگەر بوترێ "چومە هەنتەشی سەروەرم" بەواتای باو/ چۆن دەوترێ چومە "حزوری یاری وەفادارم" | درحضور کسی أماده شدن |
| ٨٥ | هیرا | فەرهەنگی کوردستان/ گیوی موکریانی | أموزه |
| ٨٦ | نیاواخندۆزی | (intuition) | شهود/ درون یافت، باطن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | یابی |
| ٨٧ـ | وارسکه | لەدیالکتی هەورامی وەرگیراوە | غریزە |
| ٨٨ـ | دەنگەواز | | لحن |



مەکتەبی بڕوهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

### ساڵی ٢٠٠٧.٢٠٠٨

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| .٢١٠ | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| .٢١١ | تیرۆرو سەقامگیری سیاسی و چەند لێکۆڵینەوەیەکی تر | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| .٢١٢ | کەرکوک بۆ مێژوو دەدوێت | ئا: عەدنان کاکە رەش سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| .٢١٣ | دەستورو ژن | ن: رەشید خەیون بدور زەکی محمد و: کامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| .٢١٤ | ژان ژاك رۆسۆ (چاپی سێیەم) | کاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| .٢١٥ | مبدأ الفصل بین السلطات و وحدتها .. | القاضي/ لطیف مصطفی أمین | ٢٠٠٧ |
| .٢١٦ | بنچینەکانی کورد | ن: ڤلادیمێر مینورسکی و: نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| .٢١٧ | لەدیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی | ن: د. جین شارب و: کارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢١٨ | کەرکوک لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ئیبراهیم ساڵح | ٢٠٠٧ |
| .٢١٩ | زمانە فەرمییەکان | طارق جامباز | |
| .٢٢٠ | ئەنفال و دادگا | سالار مەحموود | ٢٠٠٧ |
| .٢٢١ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (١٠) | | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٢ | الکرد | تألیف: باسیلي نیکیتین ت: د. نوري طالباني | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٣ | هەڵۆی سور (چاپی دووەم) | فاضل کریم احمد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٤ | مام جەلال | فاضل کریم أحمد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٥ | المدخل الی القانون الدولي الإنساني | جبار سعید محي الدین | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٦ | الکُرد الیوم | تألیف: حسین آکویجین آغلو و آخرون ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٧ | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | ن: هارۆڵد ویلسن و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٨ | رێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| .٢٢٩ | رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان | و: کارزان عومەر | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٠ | تیرۆر | هیمداد مجید علي | ٢٠٠٧ |
| .٢٣١ | گەنجە کوردەکان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٢ | بەعسیزم و کورد | سۆزان کەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٣ | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | ن: محمد فتحي و: محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢٣٤ | شاری کەرکوک | پشکۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٥ | میر عەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٦ | فەلسەفە. ڕۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم | ن: هاشم سالح و: شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٧ | عیراق، قەیرانی ئاسایش و ستراتیژی بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٨ | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | | ٢٠٠٧ |
| .٢٣٩ | الحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان | ليلاف حمد امين عزيز | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٠ | مێژووی شۆڕشی روسیا | ن: لیۆن ترۆتسکی و: عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤١ | دەروونناسی جەماوەری فاشیزم | ن: ویلهلم رایش و: هەژار جوانرۆیی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٢ | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٣ | زارا ـ عەشقی شوان | ن: محەمەدی قازی و: عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٤ | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموکراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٥ | تاريخ تركيا المعاصر | ت: د. هاشم صالح التكريتي | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٦ | لەگۆڕەپاندا | و: سارۆز ئەفروز | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٧ | نۆڤین ژمارە ـ ١٢ ـ | | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٨ | المنطقة المتنازع عليها | د. خليل اسماعيل محمد | ٢٠٠٧ |
| .٢٤٩ | فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی | د. حەمید عەزیز | ٢٠٠٧ |
| .٢٥٠ | سۆسیال دیموکراتی | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢٥١ | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٢ | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمەرشید گورون | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٣ | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائية العراقية | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٤ | لەکیبە هاردییەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵڵا | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٥ | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حەمە گەمحان | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٦ | جەنگی دەروونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٧ | كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧ | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٨ | مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالست ئینتەرناسیۆنال (ی.ن.ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٩ | گۆڤاری نۆڤین ـ ١٣ ـ | | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٠ | پرۆژەی قانونی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی | کاوسین بابەکر | ٢٠٠٨ |
| .٢٦١ | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٢ | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٣ | ئاشنابوون بەسۆسیال دیموکراتی | کارزان کاوسین | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٤ | جیهانێکی دادپەروەر شیاوە | کارزان کاوسین | ٢٠٠٨ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦٥. | لێپرسراوێتی و خۆشگوزەرانی هاوبەش | کارزان کاوسین | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٦. | پێ بەپێی مێژوو بەرەو بەهەشت | کاوسین بابەکر | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٧. | کردستان والحقوق القومية للتركمان | د. مكرم الطالباني | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٨. | قەیرانەکانی دیموکراسی | رالف دارن دۆرف و: لەئەڵمانییەوە: ئیسماعیل حەمە ئەمین | ٢٠٠٨ |
| ٢٦٩. | مسألة إبادة الأرمن امام المحكمة | ت: غسان نعسان مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٠. | ئیرلەندای باکوور | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | ٢٠٠٨ |
| ٢٧١. | ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عیراقدا | هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا تاریق رەئوف محەمەد | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٢. | نوروز عيد الأمجاد ومفخرة الأحفاد | د. احمد عبدالعزيز محمود | ٢٠٠٨ |
| ٢٧٣. | الكرد في كتاب تجارب الأمم ونعاقب الهمم | د. احمد عبدالعزيز محمود | ٢٠٠٨ |



مەکتەبی بیروهۆشیاری